دڵە نەخۆشەکان و چارەسەریان

منتدى إقرأ الثقافي
WWW.IQRA.AHLAMONTADA.COM



دانەر: شیخ الإسلام إبن تیمیه

وەرگێڕانی:
مەسعوود حەمەمراد مەجید

چاپی یەکەم
2010

لتحميل انواع الكتب راجع: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

براي دانلود كتابهاى مختلف مراجعه: (منتدى اقرأ الثقافى)

بۆدابەزاندنى جۆرەها كتێب سەردانى: (مُنتَدى إقرَأ الثَقافِي)

www. iqra.ahlamontada.com



للكتب (كوردى , عربي , فارسي)

دڵ نەخۆشەکان
و
چارەسەریان

وەرگێڕانی: مسعود حەمەمراد مەجید

چاپی دووەم
سلێمانی 2010

لەبلاّوکراوەکانی خانەی چاپ و پەخشی رێنما

زنجیرە: (٢٥٧)

ناسنامەی کتێب

• **دڵە نەخۆشەکان و چارەسەریان**

• **دانەر: شیخ الإسلام ابن تیمیه** (ڕەحمەتی خوای لەسەر بێت)

• **لێکۆڵینەوە و بلاّوکردنەوەی: د. محمد زینهم محمد عزب**

• **وەرگێڕانی بۆ فارسی: علی صارمی**

• **وەرگێڕانی بۆ کوردی: مسعود حەمەمراد مەجید**

• **نەخشەسازی بەرگ و ناوەوە: سەروان خورماڵی**

• **پێداچوونەوەی: مامۆستا عەبدوڵلا**

• **تیراژ: ١٠٠٠**

• **نۆبەت و ساڵی چاپ: دووەم، ٢٠١٠**

• **ژمارەی سپاردن: ی وەزارەتی ڕۆشنبیری**

• **شوێنی چاپ: چاپخانەی کەنج**

ناونیشان: سلێمانی ـــ بازاڕی سلێمانی ـــ بەرامبەر بازاڕی خەفاف.

ژمارەی مۆبایل: (٠٧٧٠١٥٧٤٢٩٣)، (٠٧٥٠١١٩١٨٤٧)

پێرست

پێشەکی وەرگێڕ..... ۷

پێشەکی لێکۆڵەرەوە ۱۱

بەشی یەکەم: دڵە نەخۆشەکان و چارەسەرکردنیان..... ۱۷

دڵە نەخۆشەکان و چارەسەریان..... ۱۹

نەخۆشی لاشە ۲۱

نەخۆشی دڵ..... ۲٤

نەخۆشی..... ۲٥

قورئان شیفای دڵانە..... ۲۸

زەکات..... ۳۱

خێر و خێرات (صدقە) ۳۲

تەزکیە..... ۳٥

دادپەروەری..... ۳۸

کردار..... ٤۰

ستەم..... ٤٤


چاکبونی دڵ..... ٤٥

دڵی زیندوو..... ٥٥

ژیانی

دڵ..... ٦۷

بەشی دووەم: بەخیلی لە نەخۆشیەکانی دڵە..... ٧٣
بەخیلی لە نەخۆشیەکانی دڵە.....٧٥
جۆرەکانی بەخیلی.....٧٦
خۆ بە زلزان و بەخیل.....١٠٨
عەشق.....١١٠
زیادکراوەکانی لێکۆڵەرەوە..... ١٢٤
جۆرەکانی نەخۆشی لاشە.....١٢٩



پێشکەشە بە دایکی خۆشەویستم:

دایکێک کە هەموو هەوڵ و ماندوبوونی نەوەیە تا منداڵەکانی بە ڕێک و پێکی پەروەردە بکات، و نەوان بە شێوەیەکی باش ڕەوانەی کۆمەڵگە بکات، دایکێک کە هەموو تەمەنی بە ئارام گرتن و پەنا گرتن بە خوا، بۆ پارێزکاری کردنی پایەکانی خێزانی سەرف کردووە.

پێشەکی وەرگێڕ:

بسم الله الرحمن الرحيم

إن الحمد لله نحمده و نستعينه و نستغفره و نعوذ بالله من شرور انفسنا و سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له و من يضل فلا هادي له و أشهد أن لا اله الا الله وحده لا شريك له و أشهد أن محمداً عبده و رسوله، أما بعد:

فإن أصدق الحديث كتاب الله و خير الهدى هدى محمد (ﷺ) و شر الامور محدثة و كل بدعة ضلالة و كل ضلالة فى النار.

مرۆڤ هەر لەو پۆژەی کە پێی خستۆتە نێو پرۆسەی بوونەوە بە دوای ناسینی خۆی بووە و ئەبێت و هەیە. چونکە خوا بەم پێویستیەی مرۆڤ دەزانێ هەر لە سەرەتای دروستبوونیەوە فیترەتێکی لەناودا دروست کرد تا بە هۆی ئەوەوە بگاتە پزگاری و نەجات. بەڵام ئەم فیترەتە پێویستی بە پەروەردە و فێرکردنی ڕاست هەیە، لەم ڕوەوە خوا ئەدیانی بۆ مرۆڤەکان بە دیاری نارد. سوپری ژیان هەروا دەڕۆشت و ئەدیان و پێغەمبەرانی ئیلاهی یەک بە دوای یەکدا دەهاتن تا وای لێهات دەبوایە کۆتا پێغەمبەر بۆ گەیاندنی مەزنترین و تەواترین ئایین دەرکەوتبا. هەروەها

مرۆڤایەتی دەبوایە بەرەپێری بەندایەتی تەواوەتی گەشتبا، و گەیشتن بەوپەڕ و تەواوی.

بەندایەتی و بەندەیی پێویستی بە دڵێکی پاک و بێ گەرد و ڕاستگۆدەبێت، کە دەبوو زەمینەیەک بۆ هاتنە خوارەوەی ئیمان لەودا هەبێت. بەڵام دڵی مرۆڤەکانی ئەو ڕۆژگارە بە هۆی بت پەرستی و ون کردنی ئەصڵی خۆیان، تووشی ستەم کردن و نەزانی و بێدینی هاتبوون و مرۆڤەکان تووشی خراپی و لەناوچوونی تووند لە ڕوی ڕۆحی و ڕەوانی و ڕەوشتی بووبوون.

تا ئەو شوێنەی کە مرۆڤ، نەوەی خۆی بە زیندووی دەخستە چاڵ. فاحیشە و بێسەروبەری بە لوتکەی خراپی خۆی گەیشتبوو. بڵاوکردنەوەی فاحیشە، شانازی و داوێن پاکی بەو پەڕی پەستی دەژمێردرا. پیرۆزییەکان دژی پیرۆزی و دژی پیرۆزییەکان قاڵبی پیرۆزی پەیدا کردبوو. ستەمکاری، نەزانی، گومڕایی، پیسی، خراپی، ناپیاوی، درۆ، خیانەت، زیادەڕۆی ...هتد بە ناوی پیرۆزییەکانی ئەو کۆمەڵگەیە لەو ڕۆژگارەدا ڕەواجیان پەیدا کردبوو، بە کورتی دنیا بەرەو خراپی و داهاتووی ونبوو دەڕۆیشت. لە حاڵ و وەزعێکی ئاوادا پێویست بوو تا ئایینی ئاسمانی و پەرتووک نازڵ بێت، و ئەم گومڕاییانە لەناو ببات، و دەبوو ئەم پەرتووکە لەگەڵ پەرتووکە ئاسمانیەکانیتر بەهێزتر و پڕتر و گشتگیرتر بێت. لە ناکاو خوا هەر لەناو ئەم

هـۆزە نـەفام و بـێ بڕوایانـە کەسـێکی پایـە بـەرز و شایـستەی هەڵبـژارد، کەسـێك کـە دوایـی گـۆڕا بـە باشـترین و بـەڕێزترین دروستکراوی خـوا. کەسێك کـە لـە هـەموو ڕووەکانـەوە بـە کـەماڵ گەیشت. کەسێك کە بۆ مرۆڤایـەتی لـە دایك و باوك دڵسۆزترو لـە دایك بەرامبـەر بـە نەوەکـەی بـە ڕحمـتر و لـە خـودی مـرۆڤ بـۆ مـرۆڤ نـزیکتر بـوو. ئـەو کەسـە جگـە لـە موحەمـەد بـن عەبـدوڵلا (ﷺ) کەسـێکیتر نـەبوو، کـە بەپێغەمبـەری هەڵبـژێردرا و قورئـان بـۆ مرۆڤایەتی لەسەر ئەو هاتە خوارەوە.

بانگـەواز دەستی پێکرد، ئیصلاح، تەزکیـە، تـەقوا، پـەروەردە، ئامۆژگاری، هیدایەت، نوور، پیـاوەتی، ڕاستگۆیی، پـاکی، ئیحترام، چاکە و سەدان سیفاتی چاکیتر دوبارە مانایان پەیدا کردەوە. مرۆڤ لەوپـەڕی خراپـی و گـومڕایی تـەواوەتی پێـی خستە نێـو پڕۆسـەی ژیـانێکی تـازەوە. فیترەتـەکان بـە خەبـەر هاتنـەوە و دڵـەکان بـەرەو پاکبوونـەوە جـووڵان، دڵـەکان لـە یـەکتر نزیـك بوونـەوە و تـەقوا کـە گـەورەترین بـەری ئیمانە لـە دڵەکاندا ڕەگـی داکووتـا، و دیسانەوە چـرای نـووری هیدایـەت بـەرپا بـوو. مـرۆڤ دیسانەوە بـەرەو ژیـانی ڕاسـتی خـۆی گەڕایـەوە و بـە ڕێـڕەوی ژیـان بەردەوامیـدا. بـەڵام شـەیتان بـەردەوام بـە وەسوەسـەکانی لـە کـەمینی مرۆڤدایـە و بـە شوێن گـۆڕانی فیترەتـی مـرۆڤ و چاندنی تـۆی کوفر و بـێ دینـی لـە دڵەکانـدا بـوو، ڕکابـەری بـەردەوامی مـرۆڤ لەگـەڵ شـەیتان دەسـتی

پێکـرد و ئـەم ڕکابـەری و مونافەسـەیە بـەردەوام دەبێـت. لـەو شوێنەوە کە شەیتان هەموو کات وەسوەسە دەخاتە دڵەکان و بە شوێن گومڕا کردن و گۆڕانی ئەوانە، دانەری بەڕێزی ئەم کتێبە بە شێوەی نووسین دەری هێناوە و لە ناویدا ئەو نەخۆشیانەی کە بەهۆی شـەیتانەوە لـە دڵـی مرۆڤـدا سـەرهەڵدەدن و پەیـدا دەبـن دەست نیشانی کردوون و چارەسەریشی بۆ داناون. ئێمەیش بە نۆبـەتی خـۆی ئـەومان بـەزمانی فارسـی وەرگێـڕاوە و پێـشکەشی خوێنـەرانی بـەڕێزی دەکـەین. هیـوا دارین کـە ببێتـە هـۆی سـوود بەخـشین، لـە کۆتایـدا سوپاسـی بـرای بـەڕێزم عەبـدوڵلای ریگـی ئەحمەدی دەکەم کە ئەرکی پێدا چوونەوەی گرتە ئەستۆ.

پێشەکی لێکۆڵەر:

الحمد لله و الصلاة و السلام على أفضل خلق الله سيد العالمين سيدنا محمد (ﷺ) الصادق الامين صاحب السيرة العطرة الزكية و بعد:

ئێمە بە دوای خستنە ڕووی گۆشەیەک لە ژیانی زانایەک و گەورەیەک لە گەورەکانی ئیسلامداین کە لە کتێبەکانی ئەو لە بەشە جیاجیاکانی زانستی دینی لەوانە: تەفسیر، فەرمووده، فیقە، کتێبخانەیەکی گەورەی دروست کردووە.

ئەم زانایە کەسێک جگە لە شێخ الإسلام إبن تيميه (احمد بن عبد الحليم بن عبد السلام) کەسیتر نیە کە لە کاتی دەسەلاتی ظاهر هاتۆتە دنیاوە، لەو کاتەدا ظاهر دەسەلاتی میصر و شامی لە دەستدا بوو. إبن تيميه تەمەنی منداڵی لە ژێر دەسەلاتی ظاهر بردە سەر و کاتێک کە ظاهر مرد إبن تيميه نەوجەوان بوو، خێزانی إبن تيميه لە ناوچەی حەران دەژیان. بە زانا بوون لە دینداری و کارامەیی لە بیرو باوەڕ و فیقە ناوبانگ و لێپرسراوی فیقهی ناوچەی حەڕانیان لە دەستدا بوو. باپیریشی هەر لە پێشەوایان و گەورەکانی ئەوکات دەژمێردرا. علامه شمس الدين ذهبی دەڵێت:

((شیخ الاسلام إبن تیمیه پێمی ووت: که شێخ إبن مالك فەرمووی خوا فیقه و زانستی ئایینی بۆ مجدالدین إبن تیمیه (باپیری إبن تیمیه) به شێوەیەك نرم کردووه وەك چۆن ئاسنی بۆ پێغەمبەر داود (علیه الصلاة و السلام) نرم کردبوو)). إبن تیمیه دەڵێت: باوه گەورەم مجدالدین کەمێ تووند و عەسەبی مەزاج بوو. جارێك کۆمەڵێك لە زانایان لە بارەی بابەتێك پرسیاریان لێ کرد باوه گەورەم لە وەڵامدا ووتی: بۆ ئەم بابەته شەست رێگا هەیه، پاشان بە ڕیز دەستی کرد بە خستنە ڕوویان تا ئەو کاتە ئەوان ماندو بوون و وتیان بەسە، و لە هەمان کاتدا لە هزر و بیری بێ هاوتا ئەو مات و بێ دەنگ بوو بوون. سەرەنجام سالّی ٦٥٢ هـ ق مالّئاوایی لە دنیا کرد.

لە بەناوبانگترین کتێبەکانی دەتوانین بڵێن کتێبی (منتقی الاخبار)ە کە لەم کتێبەدا فەرموودەی پەیوەست بە بواره جیاوازەکانی فیقهی کۆ کردۆتەوە، و موحەمەد بن علی شەوکانی ڕاڤەیەکی لەسەر ئەو بە ناوی (نیل الاوطار) نووسیوه. نیل الاوطار کتێبێکی بە نرخە کە لە مەیدانی زانست و وانەوتنەوەدا جێگایەکی بەرزی هەیه. لەبەرئەوەی سیفەت گەلێکی زۆری لەخۆ گرتووه لەوانە کورت بڕی و زمانپاراو و ڕیزبەندی چاك لە پێشکەش کردنی لێکۆڵینەوەکاندا و قوولّی و پانی و گەورەیی بیر و نەزەری نووسەر. باوکی إبن تیمیه، شێخ شەهاب الدین

عبدالحلیم بن تیمیەش کەسێکی زانا و گێڕەوەی فەرمووده (محدث) لە زانایانی حنبلی بوو. ئەو لە ناوچەی حەڕانەوە پۆشت بۆ دیمەشق و بە وانەوتنەوە لە زانکۆی ئەمەوی کە لەو کاتەدا سەنتەری زانایان و وانەبێژانی گەورە بوو خەریك بوو، زانکۆی ئەمەوی جێگایەك نەبوو کە هەر زانایەك و مامۆستایەك بتوانێ وانە بڵێتەوە. وانەکانی شێخ شەهاب الدین لەم ڕوەوە نیسبەت بە وانەکانی ئەوانیتر جیاوازی هەبوو، ئەم بەبێ خۆ ئامادەکردن و بکارهێنانی کتێب وانەی دەوتەوە و تەنها پشتی بە هزر و بیری خۆی بەستبوو. هەروەها سەرۆکی دار الحدیث السکریە لە قصاعین ی گرتە ئەستۆ و هەر لەو شوێنە دانیشت و سەرەنجام لە ساڵی ٦٨٢ هـ ق کۆچی دوایی کرد.

إبن تیمیە لە خێزان و جەوێکی وادا بەهەوڵ و ماندو بوونی زۆر دەستی بە خوێندن کرد، بەم شێوەیە کە مێژوونوسان و زانایان و گەورەکانی سەردەمی خۆی لەبارەیەوە دەڵێن: ئەم لەگەڵ ئەوەشدا تەمەنێکی کەمی هەبوو وەکو منداڵەکانیتر کاتەکانی بە یاری کردن و ڕابواردنەوە بەسەر نەدەبرد، بەڵکو زیاتر کاتەکانی بە وانە خوێندن و فێرخوازی دەبردەسەر. ئەو بە باشی کۆمەڵگە و شارستانییەت و ئاداب و عادەتی خەڵکی دەناسی. لە دانراوەکانیدا ئەمە بە ڕوونی دەردەکەوێت کە ئەو لە قوولی بیر و هزر و هۆشێکی باشی لە ژیانی تاك و کۆمەڵگەدا هەبوو. هەرگیز

ڕێگای گۆشەگیری و ونبوونی لە زانست دا هەڵنەدەبژراد بەڵکو لەناو خەڵکیدا دەژیا. ئەو زانستی زەمانی خۆی یەک لە دوای یەک فێر بوو تا ئەوەی کە لە زانستی صەرف و نەحو و بەلاغەت بە کارامەیی و شارەزاییەکی تەواو گەیشت. و لەم پرۆوە بە بیر و هزرێکی فراوان و گرنگییەکە زۆری بە خوێندنی کتێبی دەدا. و لەپاڵ زانستی دینی بە فێر بوونی کتێبی بیرکاری و وەرزشی خەرێک بوو. بە خوێندنی زانستی دینی و فیقە و اصول و واجبات و فەرموودە و بێرو باوەڕ و کۆمەڵناسی و تەفسیر زۆر گرنگی دەدا، و فیقهی حنبلی ش لە باوباپیرانییەوە بە میرات بۆی مابوویەوە. ابن عبدالهادی دەربارەی ئەو دەڵێت: ژمارەی ئەو مامۆستا و زانایانەی کە ابن تیمیە لە خزمتیاندا بووە و دەرسی خوێندووە دەگەیشتە دوو سەد زانا.

ئەو چەندین جار مسند امام احمد و کتێبی شەشانەی فەرموودەی لە لای مامۆستایانی جیاواز خوێند. ابن تیمیە پەیوەندی زۆری بە تەفسیر هەبوو تا ئەو شوێنەی کە دەڵێن: زیاتر لە سەد کتێب لەسەر تەفسیری قورئانی پێرۆزی خوێندووەتەوە. دانراوەکان و پەرتووکەکانی ابن تیمیە کە لە سنوری ١٣٠٠ پەرتووک تێپەڕیوەن، بە هۆی قولبوونەوەی زۆری لە بنەمای ئایین و پەیوەندی بێکۆتای بە تەفسیری ئایاتی قورئان و شێوازی زانستی لە خستنە ڕووی بابەت و توانایی باشی لە زانستی

ڕێزمان و ڕەوانبێژی و وتاردان و ئەدەب کە هەیان بوو لە غیرەتی تەواو، جێگای تایبەتیان هەبوو. یەکێ لە قوتابیانی بە ناوی سراج الدین لەبارەیەوە دەڵێت: ((کاتێک کە سواری ئەسپ دەبوو بەو پەڕی ئازایی و لێهاتوویەوە ڕیزەکانی دوژمنی دەبڕی و ڕاوەستاو و تووند لەسەر ئەسپ دادەنیشت و بە هۆی هێرشە یەک لە دوای یەکەکانی بۆ سەر دوژمن ئەوانی دەشکاند، لە مەیدانی جیهاددا دەچوبە ناو قوڵایی ڕیزەکانی دوژمن و لە مردن نەدەترسا)). سەرەنجام ئەم کێوە پڕ لە زانست و کرداره لە بیستی ذی قعەدەی ساڵی ٧٢٨ هـ ق و دوای ئازارم گرتنێکی زۆر لە ڕێگای بانگەواز و لە ڕێی خوادا لەوانە: چەندین جار زیندانی بوون _ وەفاتی کرد و ماڵئاوایی لە دنیا بە یەکجارەی کرد. ئەو لە گەورەکانی فیکر و بیری حنبلی بوو و خاوەنی مەدرەسەی تجدید و زیندوو کەرەوەی یەکتاپەرستی و ئازادیی لە بیر و باوەڕی ئیسلامی و دژی ئاداب و عادات و تەقالیدی نەفامی دەژمێردرا _ ئەم کتێبە لە بەردەستی تۆدایە یەکێ لە دانراوەکانی ئەوە کە بە خوێنەرانی بەڕێزی دەدرێت، بە هیوایی ئەوەی کە ببێتە جێگای ڕزامەندی حەق.

أسال الله والتوفيق فى خدمة العلم و الإسلام

د. محمد زينهم عزب

القاهيرة ١٤١٠ هـ ق _ ١٩٨٩ م

بەشی یەکەم:

دڵە نەخۆشەکان

و

چارەسەریان

دڵە نەخۆشەکان و چارەسەریان

إن الحمد لله نحمده و نستعينه و نستغفره و نعوذ بالله من شرور انفسنا و من سيئات أعمالنا، من يهده الله فلا مضل له و من يضلل فلا هادى له، وأشهد أن لا اله إلا الله وحده لا شريك له، وأشهد أن موحمّداً عبده و رسوله، صلى الله عليه و على اله و أصحابه و سلم تسليما.

خوا دەربارەی دووڕوو دەفەرموویّت: ﴿**فى قلوبهم مرض فزادهم الله مرضا**﴾ (البقره:١٠)

واتە: (لە دڵەکانیاندا نەخۆشی _ حەسوودی و کینە لەگەڵ باوەڕداراندا _ هەیە و خوا نەخۆشیەکەیان زیاد دەکات).

﴿**ليجعل ما يلقى الشيطن فتنة للذين فى قلوبهم مرض والقاسية قلوبهم**﴾ (الحج:٥٣)

واتە: (ئەم واسواسییە شەیتانیە _ و دروست کردنی کێشە لە ڕێ بانگەوازی ئاسمانی بە هۆی دژایەتکارانی بەرنامەی ئیلاهیەوە بەو شێوەیە کە خوا دەیەوێت ئەوان بە هۆی تاقیکردنەوەی

کەسانێتر دابنێ کە لە دڵەکانیاندا نەخۆشی دوو ڕووی چەکەرەی کردووە و هەروەها تاقیکردنەوەی کەسانێ بکات کە دڵەکانیان ڕەقە).

﴿لئن لم ينتة المنافقون والذين فى قلوبهم مرض والمرجفون فى المدينة لنغرينك بهم ثم لا يجاورونك فيها إلا قليلاً﴾ (الأحزاب: ٦٠) واتە: (ئەگەر دووڕووەکان و دڵ نەخۆشەکان و کەسانێك کە لە مەدینە تووشی پەرێشانی دەبن، لە ئیشی خۆیان دەست هەڵنەگرن ئەوا تۆ لە بەرامبەر ئەوانەوە هان دەدین و بە سەریشیاندا سەرت دەخەین ئەو کات جگە لە بڕێکی کەم لە ناو شاری مەدینەدا نامێننەوە_ بەڵکو لە بەرگی عیزەتی ئیسلام لەوێ دەردەکرێن).

﴿و لا يرتاب الذين اوتوا الكتاب والمومنون و ليقول الذين فى قلوبهم مرض والكافرون ماذا أراد الله بهذا مثلاً﴾ (المدثر:٣١)

واتە: (ئەهلی کتێب و باوەڕداران _ لەبارەی ڕاستیەتی ئەم کتێبە ئاسمانیە _ ڕێگەی گومان نادەن بە خۆیان و کەسانێك کە لە دڵیاندا نەخۆشی دوو ڕووی هەیە و موشریکان بڵێن: خوا لە هێنانی نمونەیەکیوا چی ویستووە).

﴿قد جاءتكم موعظة من ربكم وشفاء لما فى الصدور وهدى ورحمة للمومنين﴾ (یونس:٥٧)

واتە: (ئەی خەڵکینە: لە لایەن خواوە بۆ ئێوەپەندێك _ بۆ ڕێنمای و ژیان _ و چارەسەرێك بۆ ئەو شتانەی کە لە

سینەکانتاندایە _ هەروەک کوفر، دوو ڕووی_کینە_ستەم و دوژمنی _ هاتۆتە خوارەوە و مایەی هیدایەت و ڕحمەتە بۆ باوەڕداران).

﴿وننزل من القران ما هو شفاء ورحمة للمومنين ولا يزيد الظالمين إلا خساراً﴾ (الإسراء:٨٢)

واتە: (ئێمە کۆمەڵە ئایەتێک لە قورئان دەنێرینە خوارەوە کە مایەی چاکبوونەوە و شیفای _ دڵەکان بێت لە نەخۆشی _ و ڕحمەت بێت بۆ باوەڕداران، بەڵام زەرەر و زیان و ئازاری ستەمکاران زیاد دەکات). ﴿ويشف صدور قومٍ مومنين و يذهب غيظ قلوبهم﴾ (التوبه: ١٥)

واتە: (و بە _ سەرکەوتن و ئازادی باوەڕداران بەسەر موشریکان سینەکانی ئەهلی ئیمان شیفا دەدەین و کینە لە دڵکانیان لا دەدا).

نەخۆشی لاشە

نەخۆشی لاشە خاڵێکە لە بەرامبەر خۆشی و سەلامەتیدا، ناساییە کە نەخۆشی توانایی سروشتی لاشە بێکەڵک بکات و لە ناوی ببات، وەکو: بێکەڵک بوونی توانای دەرمان کە بەم شێوەیە بە تەواوی لە ناو بچن وەکو _ کوێر بوون و لاڵ بوون _ یان بە تەواوی لە ناو نەچن بەڵام بە شێوەیەک بن کە سەرە و خوار لە

شتەکان بگەن و سەرە و خوار هەستی پێ بکەن. بۆ نمونە شرین بە تاڵ و تاڵ بە شیرین هەست پێ بکەن _ و یان ئەو شتانەی کە لە ژیانی دەرەوەدا وجوودیان نییە بە بیریاندا بێت کە وجوودی هەیە و لەم پرەوە بیر و هزری مرۆیی تووشی بێ سەر و بەری بێت.

نمونەکانیتر لە بێکەڵك بوونی جوڵانی ئاسایی لاشە و لاواز بوونی دەزگای هەرس و بیستن و بینین و ناپەسەندی لە خۆراکی باش و جێگەی پێویستی لاشە و خۆشەویستی ئەو شتانەی کە دەبنە زیان بۆ لاشە دەتوانرێت بوترێت کە ئەم جۆرە نەخۆشیانە دەبنە هۆی ئازارێکی زۆر بۆ لاشەی مرۆڤ. بەڵام لەگەڵ بوونی ئەم جۆرە نەخۆشیانە لاشە بە تەواوی نابوود نابێت بەڵکو بە هۆی تێکچوونی جوڵەی ئیرادەوە ئازارگەلێك بە هۆی فەسادی کەمی یان کیفی تووشی لاشە دەبێت، فەسادی کەمی لەوانەیە بە هۆی نەبوونی بێت کە بە هۆی خواردنی خۆراك چارەسەر بکرێت و یان بە هۆی زۆر خواردنەوە بێت کە بە پژیم و کەم خواردنەوە چارەسەر بێت _ بەڵام فەسادی کیفی لەوانەیە بە هۆی هۆکاری دەرەکییەوە بێت وەکو سەرما یان گەرما _ کە بە وەرگرتنی تەوازون لە نێوانیاندا دەتوانرێت ئەوانە چارەسەر بکرێن. هەروەها ئەگەر دڵی مرۆڤیش نەخۆش بێت جۆرێك فەسادی لە هێزی فکر و ئیرادەی تاکدا پەیدا دەبێت. و ئەو کات نزیککەرەوەیەك دێتە پێشەوە بۆی کە ڕاستی نابینێت و ونی دەکات و یان بە سەرەو

خوار لێ تێدەگات بە شێوەیەک کە ڕاستی و حەق بە پیس و خراپ وەردەگرێ و ناڕەوای خۆش دەوێت. لێرەدایە کە لای ئەو ڕاستی قاڵبی ناڕەوا و ناڕەوا قاڵبی ڕاستی دروست دەکات و پێشبینیەکانی لە بارەی هەموو ڕووداوەکان هەڵە و پێچەوانە دەبێت. هەر لەبەر ئەمەیە کە هەندێک لە (مرض القلب) بە دوودڵی و گومان تەفسیر دەکەن. هەروەک تەفسیری مجاهد[1]

و قتادە[2] لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێن: ﴿فی قلوبهم مرض﴾ واتە: (لە دڵەکانیاندا نەخۆشی هەیە).

لە دڵەکانیاندا شک و دوو دڵی و گومان هەیە و هەندێک جار بە شەهوەتی زینا تەفسیریان کردووە. وەکو تەفسیری ئەم فەرموودەیەی خوا کە دەفەرموێت: ﴿فیطمع الذی فی قلبه مرض﴾ (الاحزاب: ٣٢) کەواتە تەماعیان هەیە ئەوەی کە لە دڵیاندا نەخۆشی هەیە. واتە لە دڵیاندا خۆشەویستی زینا هەیە و هەر لەم ڕوەوە الخرائص کتێبی (اعتلال القلوب) لەبارەی نەخۆشی شەهوەتەوە نووسی، بە کورتی ئەوەی کە نەخۆشی بەردەوام دەکەوێتە بەر هەڕەشەی لەناوچوونەوە. گەرما و سەرما کەم دەیخاتە جێگا مرۆڤی نەخۆش لە سەلامەتی و توانایی کە مرۆڤەکان لە سەلامەتی

[1] مجاهید کوڕی جبیر ئەبولحەجاج مەککی مەخزومی ٣٠ جار قورئانی لە خزمەت عەبدوڵلای کوڕی عەباس خوێندووە، ساڵی ٢١ ه‍ ق لە دایکبووە و ساڵی ١٠٠ ه‍ ق لە کاتی کڕنوشدا مالئاوای کرد.

[2] قەتادە کوڕی دعامە سوسی ئەبولخەتاب بەسری، ساڵی ٦٠ ه‍ ق لە دایکبووە وساڵی ١١٧ ه‍ ق مالئاوای کرد. مجاهید و قەتادە هەردوو لە خوێندکارانی عەلکەوتووی عەبدوڵلای کوڕی عەباسن.

و توانـایی تـەواویان هەیـە ئـەم نییـەتی. چـاکی و سـەلامەتیش فاکتـەری خـۆی هەیـە کـە بـە هـۆی ئەوانـەوە دەسـت دەکـەوێ یـان دژەکەی لەناو دەچێت. هۆکاری نەخۆشی جۆری نەخۆشیەکە بـە هێزتر دەکات، بەڵام بە چارەسەر کردن نەخۆشیەکە لەناو دەچێت. کەواتـە کاتێـک هۆکـاری نەخۆشـی پەیـدا بـوو ئـەوا مـرۆڤ نـەخۆش دەکـەوێت و نەخۆشـیەکەی گـرانتر دەبێـت و هێـزی لاشـەی شـی دەبێتەوە و تا ئەو جێگایـەی کە مـرۆڤ لـەناو دەچێت، بـەڵام ئەگـەر چارەسەر بکرێت وردە وردە نەخۆشیەکەی لەناو دەچێت.

نەخۆشی دڵ

ئەم جۆرە نەخۆشیە لە دڵ و دەروونی مرۆڤدا پەیدا دەبێت. وەک تۆڕەیی وکینە توزی بەرامبەر بە دوژمنێک کە زاڵ بووە بەسـەرتدا و ئـەم بابەتـە دەبێتـە هـۆی ئـێش و ئـازاری دڵ. خـوای گـەورە دەفـەرموێت: ﴿ويـشف صـدور قـوم مـومنين ويـذهب غـيظ قـلوبهم﴾ (التوبه:١٥) واتە: (خوا سینەکانی _دڵی _ باوەرداران شیفا دەدات و تۆڕەیی و ڕق و کینە لە دڵەکانیاندا لادەبات).

کەواتە شیفا هاتنی باوەرداران بە لە ناو چوونی ئێش و ئازار لـە دڵەکانیانـدا بـە دەسـت دێـت وەک دەڵـێن: تـۆڕەیی و ڕق و کینـەی فلاّن شیفای بۆ هات و یان لە تۆڵەی بکوژ خێزانی کوژراو شیفایان بۆ هات و یان نمونەکانی وەکو ئەمانە، لێرەدا شیفا بە واتای شیفا

هاتنی دڵ و دەروونی دڵی مرۆڤە لە غەم و پەژارە و تورەیی و پق و کینە و گرێ دەروونیەکان.

هەروەها دوودڵی و نەزانی بە نەخۆشی دڵ دەژمێردرێت. پێغەمبەر (ﷺ) دوفەرموێت: ((هلا سالوا اذ لم یعلموا؟ فان شفاء العی السوال)). واتە: ((ئەگەر نەیاندەزانی بۆچی پرسیاریان نەدەکرد؟ چونکە شیفای نەزانی پرسیار کردنە)). کەسێک کە سەبارەت بە شتێک گومان و دوو دڵی دەبات ئەوا دڵی هەست بە ئازار و نەخۆشی دەکات و بە گەیشتن بە زانین و دڵنیایی لەبارەی نەو شتەوە دەگاتە ئارامی و دڵی سوکنایی دێت _ هەر لەبەر نەمەیە کە زانایەک وەڵامی پرسیارێک دەداتەوە کە پاستی بە شێوەی پوون و ئاشکرا دەخاتە پوو و دەوترێت کە: قد شفانی بالجواب_ واتە بەم وەڵامە شیفام بۆ هات. یەعنی منی خستە ئارامی و ئاسایشێکی پۆحی و پەوانیەوە. کەواتە گومان و دوو دڵیەک کە لە دڵدا دروست دەبن پێویستی یەوەیە کە یەکسەر بە دوای وەڵامدانەوەی ئەودا خەریک بین تا پۆح و دەروونمان تووشی ئێش و ئازاری نەزانی نەبێت.

نەخۆشی

دەبێ بزانرێت کە نەخۆشی ماوەیەکی کەمی هەیە لەگەڵ مردن. دڵ بە هۆی نەزانی دیارەوە بە تەوای دەمرێت و بە هۆی هەندێک لە

نەزانیەکان نەخۆش دەکەوێت. کەواتە دڵ ژیان و مردنە _ نەخۆشی و شیفایە _ کە گرنگتر لە مردن و ژیان و نەخۆشی شیفای لاشەیە. واتە ئەگەر دڵ تەندروست بێت هەموو لاشە تەندروستە و ئەگەر نەخۆش بکەوێت یان بمرێت ئەوا لاشەش نەخۆش دەکەوێت. لەم بارەوە بە فەرموودەیەک کە لە پێغەمبەر (ﷺ) ڕاوی بووە ئاماژە بکەین کە فەرمووی: ((الا وان فی الجسد مضغه اذا صلحت صلح الجسد کله واذا فسدت فسد الجسد کله)).

واتە: ((ئاگادارین کە لە لاشەی مرۆڤدا پارچە گۆشتێک هەیە کە ئەگەر ساغ و تەندروست بێت ئەوا هەموو لاشە تەندروست دەبێت و ئەگەر بێ کەڵک و نەخۆش بوو ئەوا هەموو لاشەش بێ کەڵک دەبێت)). متفق علیه

هەر لەبەر ئەمەیە هەر کات ژیری و بەندایەتی و ئامۆژگاری و بانگەواز و دینداری چوونە ناو دڵەوە نەخۆشیەکەی کەم دەبێتەوە و بەرەو چاکبوونەوە و سەلامەتی دەڕوات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لیجعل ما یلقی الشیطان فتنةً للذین فی قلوبهم مرضٌ﴾ (الحج: ٥٣) واتە: (ئەم فیتنە شەیتانیانە بۆ ئەوەیە کە خوا دەیەوێت ئەوانە بخاتە بەر تاقیکردنەوەی کەسانێک کە لە دڵەکانیاندا نەخۆشی هەیە). خوا شێوەکانی شەیتانی داناوە بۆ تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنی دڵە ڕەق و نەخۆشەکان. چونکە ئەم جۆرە دڵانە

یەکسەر شێوەکان و فیتنەکانی شەیتانی وەردەگرن و لەم تاقیکردنەوە و هەڵسەنگاندنەدا دەکەون. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لئن لم ينته المنافقون والذين فى قلوبهم مرض و المرجفون فى المدينه﴾ (الأحزاب: ٦٠)

واتە: (ئەگەر دووڕووەکان و دڵ نەخۆشەکان و کەسانێك لە مەدینەدا تووشی سەرگەردانی دەبن کە لە ئیشی خۆیان دەست هەڵنەگرن). خوای گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باسی کەسە دڵ نەخۆشەکان دەکات و دەفەرموێت: کە ئەگەر نەچن بە شوێن چاککردن و ئیسلاح کردنی دڵیاندا ئەوا ئەوانە دەخەینە ژێر دەسەلاتی باوەڕدارانەوە. ئەو نەخۆشیە کە لەم ئایەتەدا ئاماژەی بۆ کراوە _ تێر کردنی شەهەوات و زیناکاری و...هتد. خوا دەفەرموێت: ﴿وليقول الذين فى قلوبهم مرض﴾ (المدثر: ٣١) واتە: (بەو کەسانە دەوترێت کە لە دڵەکانیاندا نەخۆشی دووڕووی هەیە).

لەم ئایەتانەدا دڵی کەسانی دڵ نەخۆشەکان بە دڵی موشریکان و دووڕووەکان شوبهێنراوە و لەم خاڵەدا باس کراوە کە ئەوان خاوەنی دڵێکی پاك وەك دڵی باوەڕداران نین. بەڵکو لە دڵەکانیاندا نەخۆشی گوماناوی و شەهەواتی هەیە. خوا دەفەرموێت: ﴿فيطمع الذى فى قلبه مرض﴾ (الاحزاب: ٣٢) واتە: (کە دڵ نەخۆشەکان چاوی تەماع دەبڕنە ئێوە). ئەم نەخۆشیە نەخۆشی شەهوەت و ئارەزوویە

_ ئەگەر بە دڵێکی پاک و بێگەرد ئافرەتێک خۆی پیشان بدات ئەوا هیچ گوێی پێ نادات _ بەڵام دڵێک کە نەخۆشی شەهوەتی هەبێت بە هۆی لاوازی و سستیەک کە هەیەتی ناتوانێت لە بەرامبەر شتێکی ئاوادا خۆی بگرێت و بەرەو ئەو ئافرەتە مەیلی دەجوڵێت و بە پیێ جۆر و تووندی نەخۆشیەکە کە وجوودی هەیە لەگەڵ ئەو ئافرەتەدا و پەیوەندی دەگرێت و نزیک دەبێتەوە. واتە هەرچەندە نەخۆشی دڵ زیاتر بێت میزانی ڕوودانی ئەو لە تاوانی زینا زیاتر دەبێت. ئەگەر ئافرەتێک بە ئاواز و قسەی ناسک و هێواشی لەگەڵ ئەو کەسەدا گفتوگۆ بکات لەسەر دڵ و دەروونی ئەو خاڵێک و جێگایەک دروست دەکات.

قورئان شیفای دڵانە

قورئان بۆ هەموو نەخۆشیەکان و ئەو شتانەی کە لە ناخی مرۆڤدایە لە شێوە و تاپۆکان و شەهەوات شیفایە. لە قورئاندا دلیل و بەیانێک هەیە کە ڕەوا و ناڕەوا لە یەکتر جیا دەکاتەوە. نەخۆشی و شێوە و تاپۆکانی فاسد کە لە زانست و بیر و هزردا تێکچوون دروست دەکەن لەناو دەبات _ بە شێوەیەک کە مرۆڤ شتەکان بەو شێوەیەی حەقیقەتی بوونیان لەسەریان دەسەلمێنێت دەبینێت و فەهمی ڕاستی و واقیعی لە چێوەی پەراوێزەکانی دەوروبەری خۆی دەبێت. لە قورئاندا جورەها حیکمەت و

ئامۆژگـاری بـاش لـە بـواری هانـدان و خـۆ ئامـادەکردن و داستانگەلێکی بەرچاو لە پەند و عیبرەت کە ببێتە مایەی ئیسلاح و ڕاست بوونەوەی دڵـن بوونیـان هەیـە. لـە ئەنجامدا دڵ بـە هـۆی ئەوانەوە بەرەو ئەو شتانەی کە بۆی سوود بەخشن نزیك دەبێتەوە و لـەو شـتانەی کـە زیانیـان هەیـە دوور دەکەوێتـەوە و هـەروەها لایەنگری حەق و ڕاستی و ڕێنمایی و ئامۆژکاری دەبێت.

قورئان لەناوبەری نەخۆشیەکە کە ببێتە هۆی بڕیارگەلێکی فاسد و نییـەتێکی خـراپ و بـە تووندی لەگـەڵ ئـەم نەخۆشیـەدا دژایـەتی دەکات تـا ئـەو کاتـەی دڵ چـاك دەکـات و نییـەت و ئیرادەی دڵـیش چاك دەبیت. و دڵ دووبارە بگەڕێنێتـەوە سـەر ئـەو فیترەتـەی کـە لـە سـەری دروسـت کـراوە، واتـە فیترەتێـك کـە ڕوو بکاتـە پەرەسـتن و بەندایـەتی. هـەر بـەو شـێوەیە کـە لاشـە دوای چارەسـەر کـردن دەگەڕێتـەوە سـەر حاڵـەتی ئاسـایی و سـەلامەتی خـۆی و هـەر بـەو شـێوەیە کـە لاشـە لـەو خۆراکانـەی کـە دەبنـە هـۆی گەشـە سـوود وەردەگـرێ _ دڵـیش لـە ئیمـان و قورئـان کـە دەبنـە هـۆی پـاکی و گەشـەی بـەهێز دەبێـت _ خـوای گـەورە لـەم بارەیـەوە دەفـەرموێت: ﴿قل هو للذين آمنوا هدى وشفاء والـذين لايومنـون فـى اذانهـم وقـر وهـو عليهمعمـى﴾ واتـە: (بڵـێ قورئـان بـۆ بـاوەڕداران مایـەی ڕێنمـایی و چـاکبوونەوەیە _ ئـەوان لـە ڕێگـای گـومڕایی و سـەر لێـشێواوی دوور دەخاتـەوە _ و لـەو نەخۆشـیانە تووشـی گومـان و دوو دڵـی

دەبن نەجات دەدات و دەبێتە هۆی کەڕی گوێکان و کوێری چاوانی بێباوەڕان).

زەکات

زەکات لە ڕووی زمانەوانیەوە بە مانای گەشە و گەورە بوون دێت، هەروەها بە مانای زۆر بوون لە چاکە و ڕاستی و پاکی دێت. لە زمانی عەرەبیدا دەڵێن: (زکا الشیء) واتە ئەو شتەی زۆر بوو و گەشە و گەورە بوو و یان ئەو شتەی پاک بووەوە. هەرواکە لاشەی مرۆڤ پێویستی بە خۆراک لە خواردنی پاک هەیە و بە هۆی ئەوانەوە گەشە دەکات" دڵیش پێویستی بە پەروەردە و فێرکردنی ڕاست و دروستە تا گەشە بکات و چاکە وپاکی زۆر بێت و بە شێوەی تەواوەتی پاک و بێگەرد بێت. هەر بەو شێوەیە کە دبێ ئاگاداری لاشەی خۆمان بین کە لە زەرەر و زیان و ئەو شتانەی کە دەبنە کۆسپی گەشەی ئەو بەرگری بکەین، لە بارەی دڵیشەوە ئاگادار بین کە ئەو بە خۆراکی چاک و تەندروست تێر بکەین کە قورئان و سونەت دەتوانن خۆراکێکی چاک بن بۆ دڵ و پێشگیری لەو شتانە بکەن کە دەبنە هۆی نەخۆشی و بێ توانایی دڵ و بەربەستێک دەبن بۆ گەشەی دڵ. وەک چۆن لە گەشە و زیادبوونی کشتوکاڵ و ناژەڵدا ئەم یاسایە حاکمە _ واتە دەبێت خزمەتی باش لە ئاو و پەیین (کووت) بکرێت تا کشتوکاڵ گەشە و گەورە بێت و زیاد بکات. ئەگەر ئەم بابەتە لەبەر چاو نەگرین ئەوا ڕووەک و ئاژەڵ و کشتوکاڵمان تووشی ووشکبوون و لە ناوچوون دەبن.

خێر و خێرات (صدقه)

بەو شێوەیە کە ئاو ئاگر دەخنکێنێ و دەکوژێنێتەوە خێریش تاوان و گوناهی مرۆڤ لەناو دەبات و دڵ بە هۆی خێر کردنەوە پاک و بێ گەرد دەبێت. هەروەها خوا دەفەرموێت: ﴿خذ من اموالهم صدقة تطهرهم وتزكيهم بها﴾ (التوبه: ١٠٣) واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) لە موڵک و سامانی ئەوان زەکات وەربگرە و ئەوان بە هۆی ئەوەوە پاک و سەلامەت بکە). هەروەها تەرک کردن و وازهێنان لە تاوان و خراپەکاری دەبێتە هۆی پاکبوونەوەی دڵ. تاوان و خراپە بۆ دڵ وەکو چڵکی لاشەیە بو مرۆڤ و گیای بژارن بۆ کشتوکاڵ. نەجاتدانی لاشە لە ئەخلاقی فاسد وەکو دەرهێنانی خوێنی زیادە و پیسە بۆ لاشە. هەروا کە لاشەی مرۆڤ بە لە دەستدانی خوێنی زیادە و تێکەڵ شادمان و حاڵی باش دەبێت و بە ئارامی و توانایی ئاسایی بۆ دەگەڕێتەوە و گەشە و گەورە دەبێت. دڵیش بەو شێوەیە هەر کات لە تاوان و ئەخلاقی فاسد دەست هەڵگری و تەوبە دەکات و کار و کردەوەی چاک و باش لە کردەوەی پیس و خراپ جیا دەکاتەوە، وردە وردە بە نیەتی پاک و ئیرادەی تەواو دەگات و دەبێتە هۆی بە هێزتر بوون و بە تواناتر لە ئەنجامدانی کردەوەی چاکە و بە ئارامی و ئاسایشی تەواو دەگات. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ولو لا فضل الله عليكم ورحمة ما زكا منكم من احدا أبداً﴾ (النور: ٢١) واتە: (ئەگەر گەورەیی و ڕحمەتی ئیلاهیی

نەبوایە بۆ حاڵی ئێوە ئەوا هەرگیز کەسێك لە ئێوە _ لە گوناە و تاوان _ پاك نەدبووەوە).

﴿وان قيل لكم ارجعوا فارجعوا هو أزكى لكم﴾ (النور: ٢٨) واتە: (ئەگەر پێتان وترا بگەڕێنەوە _ ڕێگەی چوونە ژوورەوە بە مالّ نەدرا _ کەواتە بگەڕێنەوە چونکە ئەم گەڕانەوەیە بۆ ئێوە چاکتر و پاکترە).

﴿قل للمومنين يغضوا من ابصارهم و يحفظوا فروجهم ذلك أزكى لهم إن الله خبير بما يصنعون﴾ (النور: ٣٠) واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ) بڵێ: بە پیاوانی باوەڕدار چاوانی خۆیان بپارێزن و عەورەتی خۆیان _ بپۆشن و دوور بکەونەوە لە هاوسەرگیری ناشەرعی _ ئەمە بۆیان جوانتر و بەڕێزترە بێ گومان خوا بە ئاگاترە لەو شتەی کە نەنجامی دەدەن و سزا و پاداشتی کردەوەکانیان دەدات). ﴿قد افلح من تزكى* وذكراسم ربه فصلى﴾ (الأعلى: ١٥) واتە: (بە ڕاستی کەسێك کە خۆی بە پاکی ڕابگری و ناوی پەروەردگاری خۆی بێنێ و نوێژ بکات و مل کەچ بێت لە بەرامبەر فەرمانەکانی خوای گەورەوە ئەوا سەرکەوتو و ڕزگار دەبێت). ﴿قد افلح من زكاها * وقد خاب من دساها﴾ (الشمس: ١٠) واتە: (بە ڕاستی کەسێك ڕزگار و سەربەرز دەبێت _ کە نەفسی خۆی بە پاك و خاوێنی ڕابگرێ _ و کەسێك نائومێد و سەرگەردان دەبێت کە _ نەفسی خۆی لە ناو شیرك و تاوان _ حەشار بدات و دابپۆشێت).

﴿وما يدريك لعله يزكى﴾ (عبس: ٣) واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ)! تۆ چی دەزانی _ لەوانەیە ئەو _ لە پەروەردە کردن و فێرکردنی سوود وەربگرێ و خۆی پاک بکاتەوە).

﴿فقل هل لك أن تزكى * وأهديك إلى ربك فتخشى﴾ (النازعات: ١٩) واتە: (بڵێ ئایا مەیلت هەیە لەوەی کە تیایدای سەربەست و پاک ببنەوە و تۆ بەرەو پەروەردگارت ڕێنمایی بکەم تا تۆ ایێ ڕۆشنبیر و بێگەرد بیت).

تەزکیە لە بنەڕەتدا بە مانای گەشە و گەورە بوون و وەرگرتنی بەرەکەت و زۆر بوونی خێر و خێراتە. بەڵام بۆ لەناو چوونی شەڕ و خراپەش بکار دێت. کەواتە هەر دوو جۆر لە ماناکان لە خۆ دەگرێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿و ويل للمشركين * الذين لا يؤتون الزكاة﴾ (الفصلت: ٧) واتە: (وەیل بۆ بێباوەڕان _ کەسانێک کە خۆیان بە پاککردنەوە خۆیان خەریک ناکەن). لێرەدا مەبەست لە زەکات هەر ئەو تەوحیدەیە لە یەکتا پەرستی و باوەڕ بوون بە خوای تاک و تەنهایە، کە بە هۆی ئەوەوە دڵ پاک دەبێتەوە. لەبەر ئەوە ئەم یەکتا پەرستیە گەرەنتی لەگەڵدایە ئەویش لە ئەستۆ گرتنی نەفی هەر جۆرە خوایەکی درۆینە کە لە غەیری خوای تاک و تەنها بێت. هەر لەم حاڵەدا پەرستنی خوای تاک لە دڵدا جێگیر دەکات. ئەمە هەر ئەو ڕاستیەی (لا اله الا الله)یە کە بە هۆی ئەوەوە دڵەکان بە پاکی و نیەتی ئیخلاص دەگەن.

تەزکیە

تەزکیە بە مانای پاککردنەوە دێت، لەوانەیە لە ئاستی ڕووکەش و دەرەوە یان لە ذات و جەوهەریدا شتێك بووە و پەیوەندی بە بیرو باوەڕ و هەستی ناوەوە بێت. وەك چۆن عەرەب دەڵێن: (عدلتە) واتە لە ناو ئەودا دادپەروەری هەیە یان دادپەروەریم لە بیرو باوەڕی خەڵکیدا چەسپاندووە. خوا دەفەرموێت: ﴿فلا تزكوا أنفسكم﴾ (النجم: ٣٢) واتە: (لە پاك بوونی خۆتان قسان مەکەن و مەغرور مەبن). دەبێ بزانرێت کە ئەم بابەتە بەم وتەیەی خوای گەورە کە دەفەرموێت: ﴿قد افلح من زكاها﴾ واتە: (بە ڕاستی کەسێك ڕزگار و سەربڵند دەبێت کە نەفسی خۆی _ بە ئەنجامدانی تاعەت و بەندایەتی و تەرك کردنی تاوان و خراپە _ پاکیزە بکات و دووری بکات). هیچ جۆرە دژایەتیەك نیە و هەر لەبەر ئەمەیە خوا دەفەرموێت: ﴿هو اعلم بمن اتقى﴾ (النجم: ٣٢) واتە: (ئەو لە کەسێك کە لە خوا دەترسێ بە ئاگاترە). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿انا اعلم بما اخفيتهم وما اعلنتهم﴾ (الممتحنه: ١) واتە:

(من زاناترم لە خۆتان لەو شتەی کە دەیشارنەوە و یان ئاشکرای دەکەن).

لەم ئایەتە پیرۆزانەی سەرەوە بەم جۆرە دەردەکەوێت کە خوا لەوەی مرۆڤ لەسەر غروری _ خۆی بە پاک و بە تەقوا بزانێت نەهی کردووە _ بەڵام لەوەی کە مرۆڤ بە دوای پاک کردن و دروست کردنی تەقوا لە خۆیدا بێت نەهی نەکردووە. هەروەک دەفەرموێت: ﴿الم تر إلى الذين يزكون أنفسهم بل الله يزكي من يشاء﴾ (النساء: ٤٩) واتە: (بە لاف و گەزاف خۆیان بە موتتقی لە قەڵەم دەدەن _ بەڵکو ئەوە تەنها خوایە کەسانێك کە خۆی دەیەوێت پاک دەکاتەوە).

یەعنی خوا هەر کەسی مەبەست بێت پاکی دەکاتەوە و لە پاکبوونیشی خەبەر دەدات. چۆن کەسێك لە بەردەم دادوەردا بێت و بەرپرسی جێگیر کردنی دادپەروەریە لەسەر شاهید و وجوودی دادپەروەری لەسەر شاهید جێگیر دەکات، پاشان بە ڕاستگۆ بوونی شاهید ڕای خۆی دەردەبڕێت. کەواتە لە ئەنجامدا یەکێ لە وسوەسەکانی شەیتان ئەوەیە کە ئینسان خۆی بە پاک و موتتقی بزانێت. لێرەدا دەبێ ئاماژە بەم بابەتە بکرێت کە لەبارەی تەزکیە و پەروەردەی نەفس کتێبێکی زۆر نوسراوە بەڵام بە داخەوە لە زۆربەی ئەم کتێبانەدا پشت بە فەرموودەی لاواز (ضعيف) تەنانەت هەندێ جار بە ناو بەستراوە. ئێمە بە دوای ناساندنی ئەم کتێبانەدا نین بە هۆی ئەوە کە ئەوەندە زۆرن کە قابیلی ژماردن

نین. بەڵام تەنها بەم مەسەلە ئاماژە دەکەین کە مرۆڤ دەبێ لە هەر زەمینەیەک کە پەیوەندی بە بازنەی ئیسلامەوە بێت مل کەچ بێت وەک پەیڕەوی کردن لە زانایان لە بیر نەکات و لە بازاڕی پر لە فیتنەی ئەمڕۆ بە دوای سەرۆک و زمان لوسەکان نەکەوێت و هەڵنەخەڵتێت. بۆ لێکۆڵینەوە و باسی تەزکیە بگەڕێتەوە بۆ ئەو کتێبانەی کە سەرچاوەن و جێگای متمانەن و لەواندا ئاماژە بە فەرموودەی صحیح و حسن دراوە.

دادپەروەی

دادپەروەری هەر ئەو عدالتە میانڕەوەیە. دادپەروەری لە کرداری چاکبونی دڵە، هەروەک چۆن ستەم فاسد کردنی دڵە و لە تەواوی ئەو تاوانانەی کە مرۆڤ ئەنجامی دەدات بەرامبەر بە نەفسی ستەم دەکات. ستەم لە خاڵێکدا لە بەرابەری دادپەروەریدایە. کەواتە تاک تا کاتێ دادپەروەر نەبێت ناتوانێ ستەم لەسەر نەفسی لاببات. چونکە چاکبونی لەسەر دادپەروەری قایمە و فەسادی لەسەر ستەم و بێدادپەروەری، کەاوتە هەر کاتێک کە مرۆڤ سەبارەت بە نەفسی ستەم بکات دەبێتە ستەمکار و نەفسی دەبێتە ستەم لێکراو. و هەر کات بەرامبەر بە خۆی بە دادپەروەری ڕفتار بکات ئەوا دادپەروەرە و نەفسی لە ژێر دادپەروەریدایە و ئەم پەیوەندیەی مرۆڤ لەگەڵ نەفسی خۆیدا بەرامبەر بە خەڵکانیتریش دروست دەبێت. کرداری چاکە لە دادپەروەری خۆیی (ذاتی) سەرچاوە دەگرێت و هەموو بەروبوومی کردەوەی مرۆڤ چ خێر و چ شەڕ بۆ خۆی دەگەڕێتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿لها ما کسبت وعلیها ماکتسبت﴾ (البقرە: ٢٨٦) واتە: (مرۆڤ هەر کارێکی چاکە

ئەنجام بدات ئەوا بۆ خۆی ئەنجامی داوە، و هەر کارێکی خراپە بکات ئەوا بە زیانی خۆی کردوویەتی).

لەم بارەیەوە بۆ زیاتر باسکردنی بابەتی باسکراو دەتوانرێ بەم ئایەتە پیرۆزە ئاماژە بکرێت: ﴿یاأیها الذین آمنوا قوامین لله شهداء بالقسط ولا یجرمنکم شنئان قوم علی الا تعدلوا اعدلوا هة اقرب للتقوی﴾ (المائدة:٨) واتە: (ئەی کەسانێك کە ئیمانتان هێناوە بۆ جێبەجێ کردنی واجباتی خوا ئاگاداربن و لە بەرامبەر دادپەروەریدا شاهیدی بدەن و دژایەتیتان لەگەڵ قەومێکدا نەبێتە هۆی ئەوەی لەگەڵ ئەواندا دادگەری و دادپەروەری نەکەن، دادپەروەری ئەنجام بدەن کە زیاتر بە پارێزکار نزیکترە).

کردار

کردار پێش ئەوەی کە کاریگەری دەرەوەی هەبێت لە ناو دڵ و دەروونـدا کاریگـەری دەبێـت. چـاکبوونی کـردار ڕەچـاو کردنـی دادپەروەریـە لـە ئاستی دڵـدا، و فاسـد بـوونی کـردار سـتەمە لـە ئاستی دڵدا. خوا دەفەرموێت: ﴿من صالحاً لنفسه ومن أساء فعليها﴾ (الفصلت: ٤٦) واتـە: (هـەر کـەس کـردەوەی چـاك بکـات ئـەوا بـە سوودی خۆیەتی و هەر کەس کرداری خراپە ئەنجام بدات ئەوا بە زیانی خۆی کردوویەتی). و لە بەرامبـەر ئەوەدا دەفەرموێت: ﴿إن أحسنتم لأنفسكم وإن أسأتم فلها﴾ (الإسراء: ٧) واتـە: (ئەگـەر چاکە بکـەن ئـەوا چاکەتان لەگـەڵ خۆتـان کـردووە و ئەگـەر خراپـە بکـەن ئەوا خراپەتان لەگەڵ خۆتاندا ئەنجامداوە).

کۆمـەڵێك لـە پێـشینە چـاکەکان (صـلف صـالح) وتوویانـە: لـە ئـەنجامی چـاکەکاریدا نوورێـك لـە دڵـدا و هێزێـك لـە لاشـەدا و ڕووناکیـەك لـە دەم و چـاودا و گـەورەیی و بـەڕێزی لـە ڕۆژگـاردا و خۆشەویستی خوا لە دڵدا پەیدا دەبێت. خوا دەفەرموێت: ﴿كلّ امرئ بما كسبت رهين﴾ (الطور: ٢١) واتە: (هەر کەسێك لە گرووپی ئەو

کردارانەیە کە ئەنجامی داون). ﴿كلُ نفس بما كسبت رهينة﴾ (المدثر: ٣٨) واتە: (هەر نەفسێك لە گروپی ئەو کردارانەیە کە ئەمجامی داون). ﴿وذكر به أن تبسل نفس بما كسبت ليس لها من دون الله ولى ولا شفيع وإن تعدل كل عدلٍ لا يؤخذ منها أولئك الذين أبسلوا بما كسبوا﴾ (الأنعام: ٧٠) واتە: (و بەوان پەند و عیبرەت بدە هەر کەسێ لە گروپی کردەوەیەکە کە ئەنجامی داوە و بەرپرسی ئەو شتانەیە کە بەدەستی هێناوە و جگە لە خوا بۆ ئەوان هیچ یار و هاودەم و میانجی و واسیتەیەك نیە و ئەگەر کەسێکی وا هەر جۆرە بەخشینێك بدات و لە تاوان بگەڕێتەوە ئەوا لێ وەرناگیرێت و قەبوڵ ناکرێت، لەبەر ئەوەی ئەوانە لە گروپی ئەو کردەوانەن کە ئەنجامیان داون).

هەروەکو چۆن جەستەی مرۆڤ ئەگەر لە نەخۆشی نەجاتی بێت و بگاتە تەندروستی ئەوا دەوترێت کە مزاج و سروشتی هاتۆتەوە سەر خۆی، لەبەرئەوەی کە نەخۆشی لەناوچوونی مزاج و سروشتی مرۆڤە کە بە وجوودی ئەو جەستەی مرۆڤ هیچ کات بە ساغ و سەلامەتی هەمیشەیی ناگات _ چونکە لە دنیادا هەموو شتێك ڕێژەییە _ دڵیش هەروایە. ساغ و سەلامەتی دڵ لە دادپەروەریدا خەوتووە و نەخۆشی و دەردی دڵ لە ڕێی چەوت و ستەم و لەناوچوونداید، دەبێ کە دادپەروەری پاك و تەنها لە ڕووی زانستی و پراکتیکیەوە لە هیچ شتێك لە دنیای مادیدا نیە.

بەڵام بە ڕێژەیەک دەتوانرێت دادپەروەری تەواو ڕەچاو بکرێت و لە هەمان کاتیشدا دەتوانرێت بە ڕێژەیەکی کەم دڵ بگاتە ساغ و سەلامەیتیەکی تەواو و تەندروست. هەر لەبەر ئەمەیە کە دەوترێت: ئەمە باشترە واتە سەبارەت بەو شتانەی کە لە دەور و پشتیدا هەن باشترە و یان دەوترێت کە ڕێگای سەلەف (پێشین) چاکترین و باشترین ڕێگایە. خوا دەفەرموێت: ﴿**ولن تستطيعوا أن تعدلوا بين النساء ولو حرصتم**﴾ (النساء:١٢٩) واتە: (ئێوە ناتوانن _ لە ڕووی ئەوینی دڵەوە _ لە نێوان ژناندا دادپەروەری و دادگەری بە تەواوی دروست بکەن هەرچەندەش هەموو هەوڵ و ماندو بوونی خۆتان بخەنە گەڕ). ﴿**وأوفوا الكيل و الميزان بالقسط لا نكلف نفساً إلا وسعها**﴾ (الأنعام: ١٥٢) واتە: (و پێوانە و تەرازوو بە تەواوی و کامڵ و دادگەرانە ڕچاو بکەن و ئێمە هیچ بە ئەنجامدانی شتێك بە فەرمانبەر دانانێن جگە بە قەد تاقەت و توانایی خۆی نەبێت). خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد‌ووە و کتێبە ئاسمانیەکانی دابەزاندوە بۆ ئەوەی کە خەڵکی دادپەروەری و دادگەر و بە ویژدان بن و ڕفتار و کرداری پێ بکەن، دەبێ بزانرێت کە گەورەترین داد و دادپەروەری بەندایەتی خوای پەروەردگارە و هاوەڵ پەیدا نەکردنیەتی بۆی، کە بەندایەتی ڕاست و گەیشتن بە کەمالی مەعنەوی هەر ئەمەیە. کەواتە بەندایەتی کردنی خوا ڕەچاو کردنی دادپەروەری لە مافی خەڵکی و پاشان ڕەچاو کردنی دادپەروەریە

لەسەر نەفس، کە لە سەری تەئکید کراوەتەوە. لە نێوان هەموو ئەم بوارانەدا چاکبوونی دڵ بە دەست دێت. کەواتە چاکبونی دڵ پێویستی بە گۆڕەپانێکی گەورەیە لە ڕفتار و کردار بۆ زۆرانبازی لەگەڵ گوناهاندا، هەروەها لێرەشدا نابێت دادپەروەری و میانەڕەوی لە بیر بکرێت.

ستەم

ستەم سێ جۆرە کە هەر سێ جۆرەکەی لە جۆرەکانی نەخۆشی دڵ دەژمێردرێت، و لە بەرامبەر ئەوانەوە دادپەروەری هەیە کە سەلامەتی و تەندروستی دڵی لەخۆ گرتووە. ئیمام ئەحمەد بن حەنبل (ڕحمەتی خوای لەسەر بێت) بە هەندێك لە خەڵکی دەوت: ((ئەگەر دڵت بە پاکی و سەلامەتی بپارێزی ئەوا لە هیچ کەس ناترسی)). مەبەستی ئەوە بووە کە خۆفی مرۆڤ لە دروستکەری بە هۆی کۆمەڵێك نەخۆشیەوە وەك شیرك و بت پەرستی و تاوانەوە، و هەرکات لە دڵی مرۆڤدا باوەڕ وجوودی هەبێت ئەوا لە کەس ناترسێت. خاڵی گرنگی ئەم باسە لەم ئایەتە پیرۆزەدایە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿الذين قال لهم الناس ان الناس جمعوا لكم فاخشوهم فزادهم ايمانا وقالوا حسبنا الله ونعم الوكيل﴾ (ال عمران: ١٧٣) واتە: (ئەو کەسانەی کە خەڵکی پێیان وتن: خەڵکی بۆ شەڕکردن لەگەڵ ئێوەدا دەستیان ناوەتە ناو دەستی یەکتر و دڕ بە ئێوە لە دەوری یەك کۆبوونەتەوە، کەواتە لەمانە بترسە. ئەم هەڕشانە باوەڕی زیاتر بەهێز کردن و وتیان: خوا بۆ ئێمە بەسە و باشترین پارێزەر و کاربەجێیە).

چاکبونی دڵ

چاکبونی دڵ بە مانای ژیان و درەوشانەوەی دڵە. خوای گەورە لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿أومن كان ميتاً فأحييناه وجعلنا له نوراً يمشي بهِ في الناس كمن مثلهُ في الظلمات ليس بخارجٍ منها﴾ (الأنعام: ١٢٢) واتە: (ئایا کەسێک کە بە هۆی _ کوفر و گومڕایەوە هەروەک _ مردوویەک بووە و ئێمە ئەومان _ بە بەخشینی باوەڕ لە پەرجووی قورئان _ زیندوو کردۆتەوە و نووری باوەڕ لە ڕێگاکەیدا داناوە کە لە پەرجووی ئەودا لە نێوان خەڵکیدا ڕێ ببڕێت _ وەکو کەسێکە کە لە تاریکی _ ستەم و کوفر و پەشیمان بوونەوە _ ون بووە و لەو تاریکیانەدا ناتوانێت بێتە دەرەوە). بە هۆی گرنگی سەلامەتی و تەندروستی دڵە کە خوای گەورە چەند جار لە قورئاندا ژیان و دەروشانەوەی دڵ و هەروەها لە بارەی مردن و سنتەمی دڵ باسی دەکات و دەفەرموێت: ﴿لينذر من كان حياً ويحق القول على الكافرين﴾ (یسن: ٧٠) واتە: (تا بە کەسانێک کە دڵیان بەخەبەر و زیندوون خۆف بدات و لەسەر بێباوەڕان _ و پێویستیەکان کۆتاییان پێ بێت _ ئەو کاتە فرمانی سزا _ دڵنیا و ڕاستی دەبێت).

﴿يا ايها الذين امنو استجيبوا لله و للرسول اذا دعاكم لما يحيكم و اعلموا ان الله يحول بين المرء و قلبه و انه اليه تحشرون﴾ (الأنفال: ٢٤)

واتە (ئەی ئیمانداران فرمانی ئیلاهیی قەبوڵ بکەن و دەستوری پێغەمبەری ئەو (ﷺ) وەربگرن کاتێک کە ئێوە بۆ شتێک دەعوەت دەکات کە بە ئێوە ژیانی _ ماددی و مەعنەوی و دنیایی و ئاخیرەت _ دەبەخشێت و بزانن کە خوا نیوان مرۆڤ و دڵ جیا دەکاتەوە و بزانن کە هەموان لە بەردەم خوای توانا ، کۆ دەکرێنەوە).

﴿یخروج الحی من المیت ویخرج المیت من الحی﴾ (الروم: ١٩) واتە: (هەروەها خوا زیندوو لە مردوو و مردوو لە زیندوو دروست دەکات). مەبەست ئەمەیە کە خوا باوەڕدار لە بێباوەڕ و بێباوەڕ لە باوەڕدار دروست دەکات. لە فەرمودەیەکی صحیحدا هاتوە کە دەفەرموێت: ((**مثل البیت الذی یذکر الله فیه و البیت الذی لایزکر الله فیه کمثل الحی والمیت**)) واتە: ((وەکو خانوێک کە لە ناویدا زیکر و بیری خوای گەورە بکرێت و خانوێک کە لەناویدا زیکرو بیری خوا نەکرێت وەکو زیندوو و مردووە)). و لە فەرمودەیەکی صحیحیتردا هاتوە کە: ((**اجعلوا من صلاتکم فی بیوتیکم و لا تتخزوها قبورا**)) واتە: ((هەندێک لەنوێژەکانتان _ مەبەست لە نویژی سونەتە _ لە ماڵەکانتان بخوێنن و خانوەکانتان مەکەنە قبرستان)).خوا دەفەرموێت: ﴿**والذین کذبوا بایاتنا صمٌ وبکمٌ فی الظامات**﴾ (الأنعام: ٣٩) واتە: (ئەوانەی کە ئایەتی _ دنیا و قورئانی _ ئێمە بە درۆ دەزانن ئەوا ئەوانە کەڕ و لاڵن و لە تاریکیدا ژیان دەبەنە سەر).

هەروەها خوا لە جێگایەکیتردا لە قورئاندا نیشانەی نوور و ستەمی باس کردووە و دەفەرموێت: ﴿الله نور السماوات والأرض مثل نوره كمشكاة فيها مصباح المصباح فى الزجاجة كأنها كوكب دُورى يوقد من شجرة مباركه زيتونة لا شرقيه ولا غربيه يكاد زيتها يضىء ولو لم تمسسهُ نار نورٌ على نورٍ﴾ (النور: ٣٥) واتە: (هەر خودایە نوور و پوناکی ئاسمانەکان و زەوی، دروستکراوەکان هەموو بە نووری نەو ڕێ دەرئەکەن، نوور و پوناکی ئەو خودایە وەک تاقێکە کە چرایەکی گەورەی پرشنگداری پڕ نووری تێدا هەڵکرا بێت چراکەش لە ناو چوارچێوەیەکی پاکی دروشاوەی شوشەیەکدا بێت شوشەکەش وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار و گەش بێت _ چراکە لە دار (زیتونێکی) بەفڕ و بەبەرەکەت پڕۆن و سوتەمەنیەکەی وەربگیری _ دارەکەش نە هەمیشە لەبەر خۆرە نە هەمیشەش لە نزار و سێبەردایە پڕۆنەکەشی ئەوەندە پاکژ بێت نزیک بێت هەر لەخۆیەوە گڕ بگرێت بێ ئەوەی ئاگریشی بەرکەوەێ، پوناکی لەسەر پوناکی _ تاقەکە _ شوشەکە_ زیتە پاکەکە _ ئەمانە هەمووی زێدە پوناکی بریقەی چراکە بێگومان خودا ویستی لەهەر کەسێک ببێت ئەوا ڕێنمونی ئەکات بۆ نوور و پوناکی خۆی و خودا هەمیشە نمونە دێنێتەوە بۆ ئەوەی باشتر و چاکتر تێبگەن و خودا بە هەموو شتێک زاناو ئاگاداره). ئەمە هەر ئەو نمونەی نووری ئیمانە لە دڵی ئیماندارانی ڕاستیداو پاشان دەفەرموێت ﴿والذين كفروا أعمالهم كسراب بقيعة يحسبه الظمات ماأن حتى اذا جاءه لم

يجده شيئا ووجد الله عند فوفاه حسابه والله سريع الحساب * أو كالظلمات في بحر لجي يغشاه موج من فوقه موج من فوقه صحاب الظلمات بعضها فوق بعض اذا أخرج يده لم يكد يراها ولم يجعل الله له نورا فما له من نور﴾ (النور: ٤٠) واتە (کرداری کافران وەکو سەرابێکە کە لە بیابانی بێ ئاو و گژوگیا کەسێکی تینوو بە ئاوی دابنێت بەڵام کاتێك بە دوای ئەودا دەڕوات هیچ شتێك پەیدا ناکات مەگەر خوا _ بیمرێنێ و _ بە هاواری بگات و سزای ئیش و کاری بە تەواوی بدات. خوا بە حیساب گەیشتن خێرایە یان کرداری ئەوان وەکو تاریکیەکە لە دەریایەکی قوواڵدا پووبەڕوو بێت کە شەپۆلە گەورەکان ئەویان گرتبێت لەسەر ڕووی ئەوانەوە شەپۆلێکی گەورەتر هەبێت و لەسەر شەپۆلەکانەوە هەورێکی تێر ڕەنگ بێت تاریکیەکان یەك لەسەر یەك دانراون _ بەو شێوەیە ترس و خۆفێك دروست بوو بێت کە مووسا فێری دەریا _ هەرکات دەستی خۆی دەربێنێت _ و چاوان بگێڕێت بەهۆی تاریکی و ترسەکانی دەرەوەی دڵ جێگای جووڵاوی دەروون _ قابیلی نیە کە ئەوە ببینێت و کەسێك کە خوا نووری بەهرەی نەکردبێت ئەوا ئەو نووریکی نیە تا بەهۆیەوە بەرەو ڕێگای ڕاستو هیدایەت ڕێنمایی بکات). ئایەتی یەکەم وەکو بیروباوەڕێکی بێ کەڵك (فاسد) و کرداریکی ناڕەوایە کە سەر بەم بیروباوەڕە بێ کەڵکە بێت. کە خاوەنی ئەو کرداڕە بێ کەڵکە وا بیر دەکاتەوە کە بە ئەنجامدانی ئەم کرداڕە سوودێکی پێ دەگات. بەڵام کاتێك بە سزای

کردەوەکانی دەگات هیچ شتێك پەیدا ناکات کە قابیلی سوود بێت. و خوا بەشێوەی تەواو بە حیسابی کردەوەکانی دەگات. ئایەتی دووەم وەکو کەسێکە کە خاوەنی نەزانیەکی زەها بووە و بێباوەڕ و نەزان بێت و کەسێکە خاوەن سیفەتگەلێکی ئاوا بێت ئەوا لە تاریکی لە دوای تاریکیدایە و حەق و ڕاستی نابینێت. لەبەرئەوەی بە نووری ئیمان و زانستەکەی چاوەکان دەکرێتەوە و دەبینێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**إن الذين اتقوا اذا مسهم طائف من الشيطان تذكروا فإذاهم مخسرون**﴾ (الأعراف: ٢٠١) واتە: (پارێزکاران کاتێك کە گرفتاری و وسوەسەکانی شەیتان دەبن بە یادی _ دژایەتی و فێڵی شەیتان و سزا و پاداشتی خوا _ دەکەون و چاویان دەکرێتەوە). و هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**ولقد همت به وهم بها لولا أن رأى برهان ربه**﴾ (یوسف: ٢٤) واتە: (زلێخا _ حەزی یوسفی (علیه السلام) کرد و یوسف (علیه السلام) حەزی لەو کرد _ بەڵام برهان (بەڵگەی) خوای خۆی بینی و گەڕایەوە). و ئەم بەڵگەیە هەر ئەو بەڵگەی ئیمانە کە خوا لە دڵی یوسفدا (علیه السلام) دورستی کردو ئەوی لە نزیکبوونەوە لە زلێخا گەڕاندەوە و بەردەمی حەزو ئیرادەی ئەوی گرت و بەهۆی ئەوەوە خوا پاداشتێکی تەواوی بۆ یوسف (علیه السلام) دانا و هیچ گوناهێکی بۆ نەنووسی. لەبەرئەوەی کە یوسف (علیه السلام) بە کاریگەری ئیمانەکەی کردەوەیەکی خێری ئەنجامدا ئەویش بە _ نزیك

نەکەوتنەوە لە زڵێخا _ و لەو کارە خراپە _ نزیکی لەگەڵ زڵێخا _ دوورکەوتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أنزلناه إليك لتخرج الناس من الظلمات إلى النور﴾ (ابراهيم: ١) واتە: (قورئانمان لەسەر نازڵ کرد تا ئەوەی کە خەڵکی لە تاریکی و کوفرو بێ دینی _ بەرەو نوور _ ئیمان و خوا پەرستی _ بهێنێ). و هەروەها دەفەرموێت: ﴿الله ولي الذين آمنوا يخرجهم من الظلمات إلى النور والذين كفروا أولياؤهم الطاغوت يخرجونهم من النور إلى الظلمات﴾ (البقرە: ٢٥٧) واتە: (خوا هەڵگری بەڵێنەکانی کاروباری کەسانێکە کە ئیمانیان هێناوە ئەمانە لە تاریکیەکان وەدەر دەهێنێ و بەرەو نوور ڕێنمایی دەکات. بەڵام کەسانێك کە شیرکیان کردووە، تاغوتەکان _ شەیتانەکان و بانگخوازانی خراپە و ستەم _ سەرپرشت و بەرپرسی ئەمانەن، ئەوانەی لە نوور دوور خستۆتەوەو بەرەو تاریکیەکان کێشی دەکات).

﴿ياأيها الذين أمنوا اتقوا الله وأمنوا برسوله يؤتكم كخليف من رحمته ويجعل لكم نورا تمشون به﴾ (الحديد: ٢٨) واتە: (ئەی کەسانێك کە لە ئەهڵی کتێبن و بە خواو پێغەمبەرانی ئیسلامی و کتێبەکان و تەورات و ئینجیل _ باوەڕتان هێناوە، لە خوا بترسن و بە پێغەمبەری ئەو _ موحەمەد بن عەبدوڵلا (ﷺ) کۆتایی پێغەمبەرانیش باوەڕ بهێنن تا خوا دوو پاداشت لە ڕەحمەتی خۆی بە ئێوە بدات _ یەکێ پاداشتی ئیمان بە عیسی (عليه السلام) و

کردەوەکانی دەگات هیچ شتێك پەیدا ناکات کە قابیلی سوود بێت. و خوا بەشێوەی تەواو بە حیسابی کردەوەکانی دەگات. ئایەتی دووەم وەکو کەسێکە کە خاوەنی نەزانیەکی زەها بووە و بێباوەڕ و نەزان بێت و کەسێکە خاوەن سیفەتگەلێکی ئاوا بێت ئەوا لە تاریکی لە دوای تاریکیدایە و حەق و ڕاستی نابینێت. لەبەرئەوەی بە نووری ئیمان و زانستەکەی چاوەکان دەکرێتەوە و دەبینێت، خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿إن الذين اتقوا اذا مسهم طائف من الشيطان تذكروا فإذاهم مخسرون﴾ (الأعراف: ٢٠) واتە: (پارێزکاران کاتێك کە گرفتاری و وسوەسەکانی شەیتان دەبن بە یادی _ دژایەتی و فێڵی شەیتان و سزا و پاداشتی خوا _ دەکەون و چاویان دەکرێتەوە). و هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ولقد همت به وهم بها لولا أن رأى برهان ربه﴾ (یوسف: ٢٤) واتە: (زلێخا _ حەزی یوسفی (علیه السلام) کرد و یوسف (علیه السلام) حەزی لەو کرد _ بەڵام برهان (بەڵگەی) خوای خۆی بینی و گەڕایەوە). و نەم بەڵگەیە هەر ئەو بەڵگەی ئیمانە کە خوا لە دڵی یوسفدا (علیه السلام) دورستی کردو ئەوی لە نزیکبوونەوە لە زلێخا گەڕاندەوە و بەردەمی حەزو ئیرادەی ئەوی گرت و بەهۆی ئەوەوە خوا پاداشتێکی تەواوی بۆ یوسف (علیه السلام) دانا و هیچ گوناهێکی بۆ نەنووسی. لەبەرئەوەی کە یوسف (علیه السلام) بە کاریگەری ئیمانەکەی کردەوەیەکی خێری ئەنجامدا ئەویش بە _ نزیك

نەکەوتنەوە لە زڵێخا _ و لەو کارە خراپە _ نزیکی لەگەڵ زڵێخا _ دوورکەوتەوە. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أنزلناه إليك لتخرج الناس من الظلمات إلى النور﴾ (ابراهيم: ١) واتە: (قورئانمان لەسەر نازڵ کرد تا ئەوەی کە خەڵکی لە تاریکی و کوفرو بێ دینی _ بەرەو نوور _ ئیمان و خوا پەرستی _ بهێنێ). و هەروەها دەفەرموێت: ﴿الله ولي الذين آمنوا يخرجهم من الظلمات إلى النور والذين كفروا أولياؤهم الطاغوت يخرجونهم من النور إلى الظلمات﴾ (البقرە: ٢٥٧) واتە: (خوا هەڵگری بەڵێنەکانی کاروباری کەسانێکە کە ئیمانیان هێناوە ئەمانە لە تاریکیەکان وەدەر دەهێنێ و بەرەو نوور ڕێنمایی دەکات. بەڵام کەسانێك کە شیرکیان کردووە، تاغوتەکان _ شەیتانەکان و بانگخوازانی خراپە و ستەم _ سەرپرشت و بەرپرسی ئەمانەن، ئەوانەی لە نوور دوور خستۆتەوەو بەرەو تاریکیەکان کێشی دەکات).

﴿يا أيها الذين أمنوا اتقوا الله وأمنوا برسوله يؤتكم كخليف من رحمته ويجعل لكم نورا تمشون به﴾ (الحديد: ٢٨) واتە: (ئەی کەسانێك کە لە ئەهڵی کتێبن و بە خواو پێغەمبەرانی ئیسلامی و کتێبەکان و تەورات و ئینجیل _ باوەڕتان هێناوە، لە خوا بترسن و بە پێغەمبەری ئەو _ موحەمەد بن عەبدوڵلا (ﷺ) کۆتایی پێغەمبەرانیش باوەڕ بهێنن تا خوا دوو پاداشت لە ڕەحمەتی خۆی بە ئێوە بدات _ یەکێ پاداشتی ئیمان بە عیسی (عليه السلام) و

ئەوی تر پاداشتی ئیمان بە موحەمەد (ﷺ) و هەروەها بۆ ئێوە نوریٚك دروست بکات کە لەناو پەرجووی ئەودا بجووڵێن). لەبەرئەمەیە کە خوا بۆ ئیمان دوو نموونەی هێناوەتەوە: نموونەی یەکەم: وەکو ئاوێکە کە ببێتە مایەی ژیان و زیندەگی وەلیٚ کاتێك بە لافاو دەگۆڕێت و دەکەوێت جووڵە لەسەر ئەو کەفێکی زۆر دەبینرێت

نموونەی دووەم: وەکو ئاگرێکە کە نوور و ڕۆشنایی هەبێت وەلیٚ کاتێك کانزایەکی لەسەر گەرم دەکەن و ئەو کانزایە دەخەنە بەهۆی گەرمی کانزاکەوە دەرهاویشتراوەکان لە ئاوەکە بەشێوەی کەف لەسەری کۆ دەبێتەوە. لەم دوو نموونەیەدا هەر دوو جۆر دەرهاویشتە دوای وەستانەوەی ئاوەکە (لە نمونەی یەکەم) و ساردبوونەوەی ئاوەکە (لە نموونەی دووەم) لەناودەچن وەلیٚ ئاو و کانزا داغ بووەکە دەمێننەوە. لێرەدا ئەو کەفانەی لەسەر ئاوەکەن وەکو شیرك و ناڕەوا وایە کە هەموو کات دەڕۆن و ئاو و کانزاکە وەکو ئیمان و حەقیقەتە کە هەمیشە سەربەرزانە دەمێنێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿أنزل من السماء ماء فسالت أودية بقدرها فاحتمل السيل زبدا كذلك ومما يوقدون عليه في النار ابتغاء حلية أو متاع زبد مثله كذلك يضرب الله الحق والباطل فأما الزبد فذهب جفاء وأما ينفع الناس فمكث في الأرض كذلك يضرب الله الأمثال﴾ (الرعد: ١٧) واتە: (خوا لە هەورەکانی ئاسمان ئاو دەڕژێنێتە خوارەوەو چەمو

ڕووبارەکـــان هەریەکـــە بـــە ئەنـــدازەی قـــەبارەی خـــۆی _ بـــۆ سەوزبوونەوەی گژوگیا و بەروبوومی دارودرەخت لە ئاوی ئەو _ لە خۆیدا جێگە دەکاتەوە. و لەسەر ئەم لافاوە کەف گەلێکی زۆر بێ سوود هەن، هەروەک ئەوەیە ئەوەی لە زێڕ و زیو و شتی تر بۆ ڕووکەش لەسەر ئاگرێکا دێنو دەیتوێننەوە. کەفێک هەروەک کەفی ئاو دروست دەکەن _ پەروەردگار بۆ ڕەواو ناڕەوا نموونەیەکی ئاوای هێناوەتەوە _ بەڵام کەفەکان بێ سوودو بێ هوودە بوون و لە زووترین کات _ دوور دەکەونەوە بێ ئەوەی بۆ خەڵک بەسوودە لە زەوی دەمێنێتەوە خوا نموونەیەکی وا دەهێنێتەوە) لەم ئایەتە پیرۆزەدا بیروباوەڕی ناڕەوا هەروەک کەف و خۆڵ و خاشاکی لەسەر ئاو و کانزاکان پێناسە کراوە کە زۆر بە زوویی لەناو دەچێت. بەڵام ئایینە ڕاستیەکانی ئاسمانی، وەک ئاو و زێڕ و زیو بەسوودن و دەمێنێتەوە.

خوا لە وەسفی دوو ڕووەکاندا دەفەرموێت: ﴿**مثلهم كمثل الذى استوقد نارا فلما أضاءت ماحوله ذهب الله بنورهم و تركهم فى ظلمات لا يبصرون * صمّ بكمّ عميّ فهم لا يرجعون * أوكصيب من السماء فيه ظلماتٌ ورعدٌ وبرق يجعلون أصابعهم فى آذانهم من الصواعق حذر الموت والله محيطٌ بالكافرين**﴾ (البقرة: ١٧- ٢٠) واتە: (داستانی ئەمانە هەروەک داستانی کەسێکە کە بە هەوڵ و کۆششی زۆر ئاگرێک هەڵبگیرسێنێ _ تا خۆی و هاوڕێکانی _ سوودی لێ وەربگرن _ ئەو کات ئاگرێکی دوور لە سەر ئەو و پەروەردگار

ئاگری ئەوان لە ناو بیات و خامۆش بکات. و ئەمانە لە تاریکی زۆردا پزگار بکات، بە جۆرێك کە چاوانیان شتێك نەبینێت. ئەوانە هەروەك کەڕ و لاڵ و کوێرەکانن و بەرە و حەق و ڕاستی ڕێگای گەڕانەوەیان نیە. یان ئەوە کە داستانی ئەمانە وەکو داستانی کەسانێکن کە لە بارانێکی بەلێزمە بەگیر هاتبن کە لە ئاسمان دێتە خوارەوە و لە ناو ئەو ئاپۆرە تاریکیانە و هەورە بروسکە بووبن، و لە ترسی مردن پەنجەکانی خۆیان ببەن بە ناو گوێیاندا تا لە دەنگی سایقە لە ئەماندابن. نازانن کە خوا لە هەر لایەکەوە پەراوێزی خستوون. و هەرکات و لە هەر شوێنێك کە بیەوێت لە ناویان دەبات. وەك ئەوەیە کە بڵێ ئاسمان دەیەوێت نووری چاوانیان ببات. هەرکات کە _ بەردی ئەمانە _ ڕۆشن دەکات بەرەو پێش دەچن. و ئەگەر _ چواردەوری _ ئەمانە تاریك بێت لەسەر جێگای خۆیان دەمێنن. و ئەگەر خوا ویستی لەوە بوایە کە گوێ و چاوانی ئەمانە لە ناو بیات چونکە خوا لەسەر هەموو شتێك دەسەلآت و توانایی هەیە).

لەم ئایەتەدا خوا دوو ڕووەکانی بە کەسێك شوبهاندووە کە دەیەوێت ئاگر بکەنەوە و هەر کاتێك کە ئاگرەکە دەکەنەوە خوا دەی کوژێنێتەوە و یان ئەوانی شوبهادووە بە بارانێك کە لەسەر یەك و بەردەوام دەباڕێت و لە هەمان کاتدا تاریکی و هەورەکان و هەورە بروسکە ئەوانی گرتبێت و ناتوانن ڕێگاکە ببینن. لەبارەی

ئەمەوە نموونەی قورئانی و تەفسیری ئەوان لە شوێنێکی تر باس دەکەین. ولێرەدا مەبەست ئەوەیە کە ژیان و دڕەوشانەوەی دڵ بە هۆی باوەڕوە دەبێتە ڕاستی و بەدەست دێت. هەروەک لە ڕاز و نیازی مەئسوردا هاتووە کە دەڵێت: ((اجعل القران ربیع قلوبنا و نور صدورنا)).

واتە: ((خوایا! قورئان بکە بە بارانی بەهاری دڵەکانمان و نووری سنگمان)) ربیع هەر ئەو بارانەیە کە لە ئاسمان دەبارێت و بە هۆی ئەوەوە گژوگیا دەڕوێت. هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((ان مما بنت الربیع ما یقتل صبط اویلم)). واتە: ((ئەوەی کە بەهار دەی ڕوێنێت ئەو ئاژەڵان لە ناو دەبات و نە ئەوان نزیکی مردن دەکاتەوە)). و عەرەب وەرزێک کە لەودا یەکەم باران ببارێت بە ربیع (بەهار) ناوی دەبن و بە هۆی ئەوەی کە باران زۆر دەبارێت و گژوگیا سەوز دەکات. وڵ جگە لە عەرەب وەرزێک کە لە دوایی زستانەوە دێت بە بەهار ناوی دەبن و لەو وەرزەدا دار و درخت چرۆ دەکەن و لەوان میوە پەیدا دەبێت و گەڵای داران دەردێن.

دڵی زیندوو

دڵی زیندوو دڵێکە کە بەهێزبێت و لەودا نوری ئیمان و چرای هیدایەت وجوودی هەیە. ئەو بە باشی دەبیستێت و دەبینێت و بیردەکاتەوە و لە خاڵی بەرامبەردا دڵی مردوو هەیە. لەو ڕووەوە کە ستەمی نەزانی و نەفامی زاڵبووە بەسەریدا. نابیستێت و نابینێت و بیرناکاتەوە خوا دەفەرموێت: ﴿ومثل الذين كفروا كمثل الذي ينعق بما لايسمعُ إلا دعاءً ونداءً صمٌ بكمٌ عميٌ فهم لا يعقلون﴾ (البقرة: ١٧٠) واتە: (نموونەی کەسانێك کە شیرکیان کردووە وەکو کەسێکە کە _ شوانی مەڕ بێت _ بانگیان لێ بکات وەڵێ ئەوان جگە لە دەنگەدەنگ شتێکی تر نەبیستن. موشریکانیش وەکو کەڕ و لاڵ و کوێرەکانن و چونکە ئەمانە بە چاکەکاری کرداریان ئەنجام نادەن نەفام و نەزانن).

﴿ومنهم من يستمعون اليك أفأنت تسمعُ الصم ولو كانوا لا يعقلون * ومنهم من ينظرُ أفأنت تهَدى العُمى ولوكانوا لا يعلمون﴾ (یونس: ٤٣) واتە: (کۆمەڵێك لەوان گوێ بۆ تۆ دەگرن، کاتێك کە قورئان دەخوێنی یان ئەو ئایەتە تازانە کە لە خواوەیە بەیان دەکەی، بەڵام

گوایە شتێك نابیستن و کەڕن، ئایا تۆ دەزانی قسانی خۆت بگەیەنی بە گوێی کەڕان هەر چەندە تێنەگەن. و کۆمەڵێك لەوان _ سەیری تۆ دەکەن _ و لە بارەی تۆوە بیردەکەنەوە و دلیل و نیشانەی ئاشکرای پێغەمبەرایەتی تۆ هەست پێدەکەن و دەزانن و بەڕاستی لە ئیسلام دەگەن بەڵام وەك ئەوەی کە شتێك نازانن و نابینن، ئایا تۆ دەتوانی کوێرەکان ڕێنمایی بکەی هەر چەند نابینن و کەم فام و نەزان بن).

﴿ومنهم يستمع اليك وجعلنا على قلوبهم اكنة أن يفقهوهُ وفي آذانهم وقراً وإن يروا كلَ آية لايؤمنوا بها حتى إذا جاؤك يجادلونك يقول الذين كفروا إن هذا إلاّ أساطيرُ الأولين﴾ (الأنعام: ٢٥) واتە: (هەندێك لەوان کاتی قورئان خوێندن _ گوێ بۆ تۆ دەگرن _ نەك بۆ تێگەیشتن و هیدایەت، بەڵکو بۆ تەعلیق لێدان و گاڵتە پێکردن. هەر لەبەر ئەو هۆیە ئەوانمان لە سوود وەرگرتن لە عەقڵ و فکر و گوێ بێبەش کردووە وەك بڵێی کەڕن، ئێمە پەردەیەکمان لەسەر دڵەکانیان داناوە تا لەو تێ نەگەن و لە گوێ کانیاندا کەڕیمان داناوە، تا دەنگی ئاسمانی قورئان نەبیستن. ئەگەر ئەوان هەموو نیشانە و دەلیلەکانی حەق و ڕاستیش ببینن ئەوا باوەڕی پێ ناهێنن و ئیمان ناهێنن. تا کاتێك کە بۆ گوفتوگۆ دێنە پێشەوە بۆ لای تۆ دەڵێن: (ئەمانە کە تۆ بە سەر ئێمەدا دەیخوێنی جگە لە ئەفسانەی پێشینان هیچی تر نیە). ئەم ئایەتانە، ئاماژە بەوە دەکات کە

بێبـاوەڕان کاتێـک کـە دڵیـان مـردووە و بیرناکەنـەوە. و دڵیـان سەبارەت بە هیدایەتی ئیلاهی هیچ جۆرە بیر و هزرێک ناکەنەوە و گوێ کانیان ڕاستی نابیستن و لە حەقیقەت و ڕاستی ناگەن.

ئەمانە بەتەواوی گومڕان. خوا لە زمانی ئەوانەوە دەفەرموێت: ﴿**قلوبنا فی أكنة مما تدعونا إليه وفی آذاننا وقرٌ ومن بيننا وبينك حجابٌ**﴾ (الفصلت: ٥) واتە: (دەڵێن: دڵەکانمان لە بەرامبەر شتێک کە بانگهێشتی دەکەیت _ پەرستنی خوای تاک و تەنهایە_ لە نێوان پۆشەرێکدایە و ئەوەی کە دەیڵێیت پێیناگات، و گوێکانمان قورس و سەنگینن، و ووتەکانی تۆ نابیستن، و لە نێوان ئێمە و تۆدا پەردەیەکی ئەستوور و بەربەستێکی گەورە هەیە، کە ناهێڵێت ئێمە لەگەڵ تۆ لە شوێنێکدا کۆ ببێتەوە). بێبـاوەڕان ئەو پەردانەی کە لەسەر دڵ و گوێ و چاوەکانیانە باسی دەکەن لاشەیان زیندووە و دەبیستن و دەبینن بەڵام، ژیانیان وەکو ژیانی ئاژەڵانە. لەبەر ئەوەی کە وەکو ئەوان بە هەستی دەرەوەیان دەبیستن و دەبینن و دەخۆن و دەخۆنەوە و بەشتی لاوەکی و شەهواتی خۆیان خەریک دەبن، لەو حاڵەدا لە ڕووی ژیانی مەعنەویەوە مردوویەک زیاتر نین، و لەبەر ئەوە خوا دەفەرموێت: ﴿**ومثل الذين كفروا كمثل الذی ينعق بما لا يسمع إلا دعاءً ونداءً**﴾ (البقرة: ١٧١) واتە: (نموونەی کەسانێک کە شـیرکیان کـردووە وەکـو کەسـێکە کـە _ شـوانی مـەڕ بێـت _ بانگیـان لێ بکـات وەلێ ئـەوان جگـە لـە دەنگـەدەنگ شـتێکی تـر

نابیستن). هەروەها خوا لە وەسفیاندا دەفەرموێت: ﴿ام تحسب أن أكثرهم يسمعون أو يعقلون ان هم الا كالانعام بل هم أضل سبيلا﴾ (الفرقان: ۴۴) واتە: (ئایا گومان دەبەیت کە زۆرێك لەوان بەو شێوەیە بن کە دەبا _ ببیستن یا تێنەگەن، نەك ئەوانەی کە بیر و هزرو هۆشیان نیە _ ئەمانە هەر وەك چوار پێن و بەڵکو گومڕاتریش لەوان).

﴿ولقد ذرأنا لجهنم كثيرا من الجن و الانس لهم قلوب لايفقهون بها ولهم أعينٌ لا يبصرونَ بها ولهم آذانٌ لايسمعونَ أولئك كالأنعام بل هم أضل أولئك هم الغافلون﴾ (الأعراف: ۱۷۹) واتە: (ئێمە زۆرێك لە ئادەمیزادمان دروست کردووە. لە دونیادا _ پەرش و بڵاومان کردوون کە سەرەنجامی ئەوان، جەهننەمە _ ئەمە لەبەر ئەوەیە کە _ ئەوان دڵێکیان هەیە کە لە ئایاتی ڕێنمایی کمالْ _ تێناگەن نیشانەکانی خوای و یەکتاپەرستی. نابیستن و گوێیانێکیان هەیە کە بەوان _ ڕووداو و بە سەرهات و پەند گەلێك کە ژیان دروستیان دەکەن نابیستن _ ئەمانە لەبەر ئەوە لەم بەشانە بەو شێوە کە پێویستە سوود وەرناگرن و قازانج و زیانەکانی خۆیان لەیەك جیاناکەنەوە _ لەبەر ئەوەی کە چوار پێکان لە سوننەتی فیترەت زیاتر پێ ڕاناکێشن وەلێ ئەمانە ڕێگای تۆندڕەوی و زۆر ڕەوی دەگرنە بەر _ ئەمانە بەڕاستی بێئاگان لە خێر و چاکەی دینا و ئاخیرەتی خۆیان). سەرنج بدەن لەم ئایەتەی خوارەوە کە خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿واذا مس الانسان الضر دعانا لجنبه أو قاعداً أو

﴿قائماً فلما كشفنا عنه ضرَهُ مر كأن لم يدعنا إلى ضر مسهُ﴾ (يونس: ١٢) واتە: (کاتێ کە ناڕەحەتی و بەڵا و موسیبەت دێتە سەر ڕێی مرۆڤ کە نەخۆی و نە خەڵکانیتر ناتوانن چارەسەری بکەن _ چ بە ڕاکشان و چ بە دانیشتن و وەستانەوە بێت _ بۆ چارەسەر بوونی کێشە داوای یارمەتی و هاوکاری لە ئێمە دەکات. بەڵام کاتێ ناڕەحەتی و بەڵایەک _ کە لەبەرامبەریدا بەچۆکدا هاتبوو _ بۆمان چارەسەر کرد ئەوا دوبارە دەگەڕێتەوە بۆ ڕێگای پێشینەی کە گوایا ئێمە بۆ چارەسەری کێشەیەک کە هاتبوو بەسەریدا بەدەمیەوە نەهاتووین و فریای نەکەوتووین. و ئەسڵەن زەرەر و زیانێک بەو نەگەشتووە و هیچ بەڵایەکی بە سەردا نەهاتووە). هەندێک لە موفەسیران لە بارەی ئەم ئایەتە و ئەوانەی وەکو ئەم ئایەتەن دەڵێن: ((هەرچەند کە خوا لەم ئایەتانەدا. عەیب و کەم و کورتیەکانی مرۆڤی دەرخستووە و باسی کردووە و ئەوانی خستۆتە ژێر ئامۆژگارییەوە بەڵام ئەم ئایەتانە لە بارەی موشیرکانەوە هاتوون و مەبەست لە مرۆڤ لەم ئایەتانەدا هەر ئەو مرۆڤە بێباوەڕانەیە)).

کەواتە کەسی موسڵمان کە ئەم جۆرە تەفسیرە دەبیستن خەیاڵی ناسوودە دەبێت و دەڵێن: ((وتاری ئەم جۆرە ئایەتانە کەسی موسڵمان ناگرێتەوە و ئەم ئامۆژگاری و بەڵێن و سزایانە بۆ موسڵمانان نین. بەڵکو ئەم ئایەتانە لە بەرامبەر بێباوەڕانی عەرەب

و جوولەکە و مەسیحی و مەجووسیەکان و بێبڕواپەرانی هیند و نموونەی ئەوان ڕاستی پەیدا دەکات. دەبێ بوترێت کە ئەم جۆرە تەفسیر و باسانە، باسکردنی دەقیق نەبووە و جگە لە وەهم و گومان هیچی تر نین. لەبەر ئەوە:

یەکەم: لە نێوان کەسانێك کە خۆیان بە موسڵمان دەزانن باوەڕدار و دووڕو هەیە. و دووڕوەکان هاتوونە ناو موسڵمانانەوە کە جێگای ئەوانە خوارترین جێی ترسناکی جەهەننەمە.

دووەم: لەوانە مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا باوەڕی هەیە هەندێك لە دووڕوی و کوفر لە وجوودیدا ڕەگی داکوتابێت. بەو شێوە کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت: ((اربع من کن فیه کان منافقا فالصا ومن کانت فیه خصلته منهم کانت فیه خصلته من النفاق حتی یدعها: اذا حدث کذب و اذا ائتمن فان و اذا عاهد غدر واذا خاصم فجر)).

واتە: ((چوار سیفەت هەن کە لە هەر کەسێکدا هەبن ئەوا ئەو کەسە دووڕوی تەواوە و هەر کەسێك کە یەکێك لەم سیفەتانەی تێدا بێت ئەوا سیفەتێکی لە دووڕوی تێدایە مەگەر ئەوەی کە ئەو سیفەتە تەرك بکات و وازی لێ بهێنێ و ئەوانەش بریتین لە: لەکاتی قسەکردندا درۆ بکات. ئەگەر ئەمانەتێك لە لای دابنرێ ئەوا خیانەتی تێدا دەکات. ئەگەر بەڵێن و پەیمان بدات ئەوا پەیمانەکە دەشکێنێ. و ئەگەر شەڕ بکات ئەوا جوێن و ووشەی ناڕەوا

دەڵێت)). پێغەمبەری خۆشەویست(ﷺ) لەم فەرموودەیەدا باسە پرونی و ئاشکرای باسی دەکات کە هەر کەسێك سیفەتێك لەم سیفەتانەی تێدا بێت ئەوا سیفەتێك لە دووپرویی تێدایە و لە فەرموودەی صحیحدا هاتووە کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بە ئەبو زەرێ[3] فەرموو: ((انك أمرؤ فیك جاهلیە)) واتە: ((لە تۆدا سیفەتی جاهیلی هەیە)). لە حاڵەتێکدا کە ئەبو زەر (خوای لێ ڕازی بێت) لە ڕاستگۆترین خەڵکی بوو لە ڕووی باوەڕ و خوا پەرستیەوە. و لە فەرموودەیەکی تری صحیحدا فەرمووی: ((اربع فی امتی من امر الجاهلیة: الفخر بالاحساب و الطعن فی الانساب و الیناصة و الاستقاء بالنجوم)). واتە: ((چوار شت لە ئومەتی منداد لە سیفەت و ڕەوشتی جاهیلیەتن _ شانازی کردن بە باو باپیرانەوە. تعلیق دان و گاڵتە کردن بە خزم و کەس و کار داواکردنی باران لە ئەستێرەکان)).

لە فەرموودەیەکیتری صحیحدا فەرموویەتی: ((لتتبعن سنن من کان قلبکم حذو الغدة، حتی لو دخلوا جحر ضب لدخلتموه قالوا: الیهود و النصاری؟ قال ضمن؟)) واتە: ((ئێوە لە نەریت و عادەتی پێشینان هەنگاو بە هەنگاو پەیڕەوی دەکەن، تەنانەت ئەگەر ئەوان چوونە ناو کونی مارمێلکەیشەوە ئێوەش دەچنە ناوی. یاران (ڕەحمەتی

[3] ئەبو زەری غەفاری (ڕەحمەتی خودای لەسەر بێ) یەکێکە لەو کەسانەی کە یەکەم جار باوەڕی بە پێغەمبەر (ﷺ) هێنا، لە زانست و زهد و جیهاد و ڕاستگۆیی گوفتار و نیخلاص پڕ بوو (انس بن مالك و زید بن وهب لە مەسەکارانی بەدرۆبانگی ئەو بوون) لە ساڵی ٣٢ ك.ق ماڵئاوایی کرد.

خوایان لەسەر) ووتیان: ((مەبەستتان جوولەكە و مەسیحیە؟ فەرمووی: كەواتە جگە لەوان چ كەسێك؟!)).

هەروەها لە فەرموودەیەكی صحیحدا دەفەرموێت: ((الناخذ امنی ما أخذت الامم قبلها شبرا بشبر و ذراعا بذراع، قالوا فارس و الروم؟ قال: ومن الناس الاهواء)).

واتە: ((ئوممەتی من بست بە بست و هەنگاو بە هەنگاو دەكەوێتە شوێنی ئوممەتەكانی ڕابردوو. واتە لە نەریت و عادەتی ئەوان لاسایی دەكەن. یاران (ڕەحمەتی خوایان لەسەر) ووتیان: مەبەست، فارس و ڕۆمە؟ فەرمووی: مەگەر جگە لەوان كەسێكی تر وجوودی هەیە؟)).

ابن ابی ملیكە دەڵێت: (نزیكەی ٣٠ كەس لە یارانی پێغەمبەرم (ﷺ) بینی ترسیان لە بوونی دووڕویی بچوك لە خۆیان هەبوو. هەروەك لە علی یان حوزیفەی كوڕی یەمان (ڕەحمەتی خوایان لەسەر) ڕیوایەت كراوە دەڵێت: ((القلوب اربعة: قلب اجراد فیه سراج یزهر، فذلك قلب المؤمن، و قلب الخلف، فذالك قلب الكافر و قلب منكوس، فذلك قلب المنافق فیه مادتان: مادة تمده، فذلك قلب الكافر اجرد فیه سراج یزهر لاهولاء؟ من المنافق من یدعها: اذا حدث كذب و اذا أئتمن فان و اذا عاهد غدر و الایمان و مادة تمده النفاق، فاولئك قوم ظلموا عملا صالحا)).

واتە: ((دڵی خەڵكی چوار جۆرە:-

١- دڵێک کە بێگەرد بۆ خوایە و لە ناویدا چرایەک هەیە کە درەوشاوەیە. چرای باوەڕ و ئەو دڵە باوەڕدارە.

٢- دڵێک کە پێچەوانەیە و گومڕایە و نوری زانست و باوەڕی پێناگات. و ئەوە دڵی بێباوەڕانە.

٣- دڵێک کە سەر لێشێواو و سەرەو و خوارە. و ئەوەش دڵی دووڕوەکانە.

٤- دڵێک کە لەیەک کاتدا دوو بەشی تێدایە. بەشی باوەڕ. بەشی دووڕو. کە لەم جۆرە دڵانە، کرداری چاک و خراپ لەگەڵ یەکدا تێکەڵ بوون. کەواتە لە ئەنجامدا هەر مرۆڤێکی موسڵمان دەتوانێت لە وەسف و ستایشی باوەڕ لەلایەن خواوە و لە سەرزەنشت و خراپی شیرک دووڕویی لەلایەن ئەوەوە سوود وەربگرێت. هەندێک لەبارەی ﴿اهدنا الصراط المستقيم﴾ (الفاتحە: ٦) واتە: ((خوایا! هیدایەتمان بدەی بۆ سەر ڕێگەی ڕاست، دەڵێن: باوەڕدار هیدایەت دراوە بە ڕێگەی ڕاست کەواتە سوودی داواکردنی هیدایەت کە لەم ئایەتەدا هەیە چیە؟ تاقمێک وەڵام دەدەنەوە دەڵێن: لەم ئایەتەدا مەبەست لەوەیە کە خوایا! ئێمە لەسەر ڕێگەی ڕاست بەردەوام بکە و بهێڵەرەوە. هەندێک دەڵێن: (مەبەست ئەوەیە کە خوایا! ئێمە لەسەر ڕێگەی هیدایەت پابەند بکە و یان هیدایەتی ئێمە زیاد بکە. دەبێ بووترێ: مەبەست لە هیدایەت لێرەدا کار کردن بە دەستوراتی ئیلاهی و تەرک کردنی ئەو کارانەی کە نەهی لێ کردوون)). مرۆڤ لەگەڵ ئەوەشدا کە باوەڕی بە پێغەمبەر (ﷺ) و ڕاستی قورئان بە شێوەی تەواو و بێ کەم و کوورتی هەبێت،

دیسانەوە پێویستە کردەوەیەک ئەنجام بدات کە بە هۆی ئەوانەوە بتوانێت بەرژەوەندیەکانی بناسێت و لە زیانەکانی دوور بکەوێتەوە. و هەروەها فەرمان و نەهی لێکراوەکانی قورئان و فەرموودە بناسێت، و هەندێک جار لەم ڕێگەیەدا مرۆڤ ناتوانێت تەواوی مەبەست و ئەهدافەکانی شەریعەت بەشێوەی ڕاست و دروست تێبگات. کەواتە لەم دڕندانەدا پێویستی زۆری بە داواکردنی هیدایەتە لەم ڕێگە ڕاستە لە خوا و مانەوە لە سەری. ئاساییە هیدایەت بە ڕێی ڕاست پێویست بە ناسینی دریژەی شتگەلێکی‌تر کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) هێناویەتی. ناسینی تەواوەتی سەبارەت بە فەرمانەکانی قورئانی پەیوەستبوونی کردار بەوانەوە هەر بەو شێوەیە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرمانی پێکردووە. دەبێ بزانرێت کە بە تاک داناں و زانینی حەق و ڕاستی هیدایەت بەدەست نایەت. وەک ئەوەی لە پەیمانی حودەیبیە لە حاڵێکدا زۆربەی موسڵمانان ئەویان بە قورس و نادروست دەزانی. خوا بە پێغەمبەری (ﷺ) فەرموو: ﴿**انا فتحنا لك فتحا مبينا * ليغفر لك الله ما تقدم من ذنبك وما تاخر ويتم نعمته عليك ويهديك صراطا مستقيما**﴾ (فتح: ٢) واتە: (ئێمە سەر کەوتنێکی ئاشکرامان بۆ تۆ دروست کرد. مەبەست ئەمە بوو کە خوا لە گوناهی ڕابردوو و داهاتووت خۆش بێت و بەنیعمەتی خۆی لەسەر تۆ تەواو بکات و هیدایەت بفەرموێت بۆ ڕێگەی ڕاست). لەبارەی موسا و هارون (سەلامی خوایان لەسەر) دەفەرموێت: ﴿**و اتيناهما الكتاب المستين و هديناهما الصراط المستقيم**﴾ (الصافات: ١١٨) واتە:

(و بەو دووانە کتێبی پۆشنگەری _ تەورات _ مان بەخشی و هیدایەتمان دان بۆ ڕێگەی ڕاست).

موسڵمانان کە یەک باوەڕن لەسەر ئەوەی کە موحەمەد (ﷺ) پێغەمبەری خوایە و قورئان کتێبی ئیلاهیە وەڵێ لەگەڵ بوونی نەمەشدا لە هەندێك لە بابەتەکاندا لەگەڵ یەکتر ڕای جیاوازیان هەیە. کەواتە ئەگەر هەموو ئەوانە بە هیدایەتێکی ڕاست و دروست هەنگاویان نابایە لەسەر ئەو ڕا جیاوازیانەی کە هەیانە ئەوا جیاوازییەکانیان کۆتایی پێ دەهات و لە ڕێگە و ڕێبازێك کە گرتوویانەتەبەر دەست بەردار دەبوون و دەگەڕانەوە و بەو شتەی کە بەوان فەرمان کراوە عەمەلیان دەکرد. و لەو شتەی کە نەهی کراوە دەستیان لێ هەڵدەگرن. بەڵام بەم شێوە نین کەواتە هەموو لەسەر حەق نین و پیاو چاکی ڕاستی کەسانێکن کە خوا ئەوانی بە ڕێگەی ڕاست هیدایەت کردووە و گەورەترین هیدایەتیان، هەر ئەم داواکردنەیانە کە لە نوێژەکانیاندا ئەڵێن: ﴿اهدنا الصراط المستقيم﴾ ئەوانە لەگەل ئەوەشدا کە دەیانزانی کە بەردەوام پێویستی و نیازمەندن بە دەرگای خوا بۆ هیدایەت بەرەو ڕێگای ڕاست. هەموو کات لەسەر ئەم پارانەوەیە بەردەوامیان هەبوو تا ئەوەی کە لە ڕیزی پیاو چاکانی خوا ژمێردران.

سەهل بن عەبدوڵلا تستری (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەڵێت: (هیچ ڕێگەیەك نزیکتر بە خوا نیە لە دەربڕینی نیاز و پێویست بەبێت. خوایەك لە ڕابردودا مرۆڤی هیدایەت داوە _ پێویستە کە بۆ ئیستا و داهاتووش بۆ مانەوە لە هیدایەت داوای یارمەتی لێ

بکرێت _ ئەمە مانای پەیڤی کەسێکە کە دەڵێت: خوایا ئێمە بۆ سەر ڕێگەی ڕاست هیدایەت بفەرموو لە سەری وەستاومان بکە. کەسێك کە دەڵێت خوایا هیدایەتی ئێمە زیاد بکە، مەبەستی هەمان مەفهومە کە پێشتر باسمان لە بارەیەوە کرد. هەموو هیدایەتێك چ لە ڕابردو چ لە ئێستا و چ بۆ داهاتووش لە ژێر ئیرادەیی خوادا بووە و هەیە، کەواتە مرۆڤ دەبێ زانستێك کە خوا پێی بەخشیوە کاربکات تا بتوانێت هیدایەتی ئیلاهی لە ئێستا و داهاتوودا بکاتە نسیبی خۆی. خەڵکی هەموو پێویست و نیازمەندی ئەم پاڕانەوەیەن. لەبەر ئەوە خوا ئەم پاڕانەوەیەی لەهەریەك لە نوێژەکاندا واجب کردووە. کاتێك کە هیدایەت بە ڕێگای ڕاست بۆ مرۆڤ بە دەست هات ئیتر هاوکاری خوا و ڕۆژی پرپەرەکەت و ئەوەی کە نەفسی ئەو بە شوێنی سەرفرازی و سەربڵندی دائمیدایە بۆی جێبەجێ دەبێت. و جوڵان لە ڕێی دڵدا بە خوا و گەیشتنی بە کەمالی مەعنەوی لە مەرجی هیدایەتی حەق تعالی و بەردەوامی مرۆڤ لەم ڕێگایەدا سەرکەوتنە.

ژیانی دڵ

دەبێ بزانرێت بەو شێوە کە هەندێك وادادەنێن کە ژیان بریتیە لە هەست و جوڵان و ئیرادە یان تەنها بریتیە لە زانست و دەسەڵات. بەو شێوە کە حسن بصری و خەڵکی تر لە بارەی ژیانی پەروەردگار وتویانە ڕاست نیە. بەڵکو ژیان وسفێکە وەستاو و مەرجێکە بۆ زانست و دەسەڵات و ئیرادە لە پێویستیەکانی نەوانەدا. کەواتە هەر زیندەوەرێك شعوور و تێگەیشتن و ئیرادە و دەسەڵاتی هەیە لەسەر کرداری هەڵبژێردراوی خۆی. و هەرشتێك کە زانست و ئیرادە و دەسەڵات هەبێت لەسەر کرداری هەڵبژێردراوی ئەوا زیندووە.

شەرم و حەیاش لە ژیانەوە سەرچاوەی گرتووە و دڵی زیندوو دەبێتە هۆی ئەوەی کە خاوەنەکەی زیندوو و شەرم و حەیای هەبێت و لە ئیشە خراپ و ناپەسەندەکان دوور بکەوێتەوە. کەواتە نەگەر دڵ زیندوو بێت ئەوا دەبێتە ڕێگر لە بەردەم ئیشە خراپ و ناپەسەندەکان کە دەبنە هۆی بێ کەڵك بوون بەو شێوە کە پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێ: ((**الحیاء من الایمان**)) واتە: ((شەرم و

حەیا لە باوەڕەوەیە)). هەروەها دەفەرموویێ: ((**الحیاء و العی شعبتان من الایمان و البنداء و البیان شعبتان من النفاق**)) واتە: ((شەرم و حەیا و کەم قسە کردن، دوو بەشن لە باوەڕ و قسە گوتن بە ناڕەوا و زۆر بڵێی، دوو شتن لە دووڕوی)).

مرۆڤی زیندوو بە پێچەوانەی مرۆڤی مردووە، ئەوەی کە دەبێتە هۆی ئازار و ئەشکەنجەی لە خۆی دوور دەکاتەوە لە حاڵێکدا مرۆڤی مردوو و هیچ جوواڵەیەکی نیە و ناتوانێت شتێك لە خۆی دوور بخاتەوە و لە کار کەوتوو بێ توانا و بێ بەهرە لە شادمانی و تازەگەری ژیاندایە. کەواتە دڵێك کە لە کار کەوتووە و بێ توانایە لەبەرامبەر شادمانی ژیان ووشك بووە و لە ناویدا ژیانێك وجوودی نیە وەکو زەوییەکی دێمە کە کێڵانیشی هیچ کاریگەرییەکی نیە _ بە پێچەوانەی زەوی سەوز و بەر ئاو کە کێڵانی دەبێتە هۆی لە ناو بردنی ئەو _ کەواتە خراپیەکان لەسەر دڵی زیندوو کاریگەریان دەبێت و ئەو دڵە زیندوو بە پێچەوانەی دڵی مردووەوە و بێ حەیایی کە نە ژیانێکی هەیە و نە باوەڕێك کە ببێتە ڕێگر لە بەردەمیدا. دەسەڵات و ئیرادە دەبنە هۆی بەربەست بۆ ئەنجامدانی کارە خراپ و ناپەسەندەکان. تەنانەت دڵێك کە زیندووە لەگەڵ مردنی لاشەیدا هەر دەتوانی بە زیندوویی بمێنێت و بەخیلیەك بە چاکەی ڕۆح لە لاشە نیشانەی مردنی ئەو دڵە نیە. بەو شێوەیە کە خوای گەورە دەفەرموویت: ﴿**ولاتقولوا لمن یقتل فی سبیل الله أموات**

﴿بل احیاء﴾ (البقرە: ١٥٤) واتە: (و بە کەسانێک کە لە ڕێگای خوا دەکوژرێن، دڵێن مردووە بەڵکو ئەوان زیندوون). و لە شوێنێکی تردا دەفەرموێت: ﴿ولا تحسبن الذین قتلوا فی سبیل الله أمواتا بل أحیاء﴾ (ال عمران: ١٦ واتە: (وکەسانێک کە لە ڕێگای خوادا دەکوژرێن بە مردووی دەزانن نەخێر، بەڵکو ئەوان زیندوون). لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەوان مردوون و دەکەونە ژێر ڕاڤەی ئەم ئایەتانەوە: ﴿کل نفس ذائقة الموت﴾ واتە: (هەر نەفسێک دەبێ تامی مردن بچێژێ). و ﴿انک میت و انهم میتون﴾ (الزمر: ٣٠) واتە: (ئەی محەمەد(ﷺ) تۆ دەمری و ئەوانیش دەمرن). و ﴿وهو الذی أحیاکم ثم یمیتکم ثم یحیکم﴾ (الحج: ٦٦) واتە: (خوا کەسێکە کە ژیانی بە ئێوە بەخشیوە و دوایی دەتان مرێنێ و پاشان زیندووتان دەکاتەوە).

کەواتە مەرگی ئاسایی بە مانای جیا بوونەوەی ڕۆح لە لاشە لەگەڵ مەرگی نائاسیی کە لەناو چوونی ژیانە بە تەواوەتی کە ڕۆح و لاشەیە جیاوازی هەیە. هەر وەک خەویش جۆرێکە لە مەرگە و دەڵێن مردنە. لە حاڵێکدا لە هەر یەک لەم دوانە جۆرێک مەرگە یەعنی مەرگ بەمانای جیا بوونەوەی ڕۆح لە لاشە و مەرگ بە مانای خەو، ژیان وجوودی هەیە. لە یەکێکیاندا ژیانی مەعنەوی و لە یەکێکیتریاندا ژیانێکی ڕاستی خۆی حەشار داوە. هەر وەک خوا دەفەرموێت: ﴿الله یتوفی الانفس حین موتها و التی لم تمت فی

﴿منامها فيمسك التى عليها الموت و يرسل الاخرى الى أجل مسمى﴾ (الزمر: ٤٢). واتە: (خوا ڕۆحەکان لە کاتی مەرگی مرۆڤەکان و خەوتنی ئەوان هەڵ دەگرێت. ڕۆحی کەسانێک کە فەرمانی ئەوانی دەرکردووە هەڵدەگرێت و ڕۆحی کەسانێک کە ئەجەلی خاوەنەکەیان نەهاتووە دەگەڕێتەوە بۆ لاشەکانیان تا کاتی دیاری کراو کە کۆتایی بە تەمەنیان دێت).

لەبەر ئەوەی کاتێک کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) لە خەو هەڵدەستا ئەمەی دەوت: ((الحمد لله الذى أحيانا بعد ما اماتنا و اليه النشور)) واتە: ((سپاس و ستایش بۆ خوایەک کە لە دوایی ئەوەی ئێمەی مراند دوبارە زیندووی کردینەوە و بەرەو ئەو دەگەڕێنەوە)). لە فەرموودەیەکیتردا دەفەرموێت: ((الحمدلله الذى روحى و عافانى فى جسد و أذن لى بذكره و فضلنى على كثير ممن خلق تفضيلا)) واتە: ((سپاس بۆ خوا کە دوبارە ڕۆحی بۆ گەڕاندمەوە و سەلامەتی بەخشی بە لاشەم و ڕێی زیکر و یادی پێبەخشیم و گەورەیی و چاکی پێدام لە زۆرێک لە دروستکراوەکانی)).

هەر کاتێ دەچوویە سەر جێگا بۆ خەو دەی فەرموو: ((اللهم أنت خلقن نفسى و انت توفاها، لك مماتها و معياها، ان امسكتها فارصمها، و ان ارسلتها فاحفظها بما تحفظ، به عبادك العالين)) واتە: ((ئەی پەروەردگار! تۆ منت دروست کردووە و دەمرێنی مردن و زیندوو بوونم بۆ تۆیە و ئەگەر نەفسمت گرت ئەوا ڕەحمی پێ بکە و ئەگەر

دوبارە ئەویشت گەڕاندەوە ئەوا لەو بە هۆی ئەو شتەوە کە بەندە چاکەکارەکانت پێدەپارێزێ بپارێزە)). و دەفەرموێت: ((بسمك اللهم أموات و أحيا)) واتە: ((پەروەردگارا! بە ناوی تۆ دەمرم و زیندوو دەبمەوە)).

بەشی دووەم:

بەخیلی
لە
نەخۆشییەکانی دڵ

بەخیلی لە نەخۆشیەکانی دڵە

بەخیلی: یەعنی کینە بەرامبەر بە کەسێک و حەز کردن بە لە ناو چوونی ئەو نعیمەت و دەستکەوتانەی کە دەستی کەوتوون. هەندێک ووتویانە بەخیلی هەر بەو زەحمەتە و ڕنجە دەوترێت کە کەسێک لەکاتی بەخەبەر بوون لە حاڵی کەسێک کە گوزەرانی باشی بووە. هەروەها ووتویانە: بەخیلی یەعنی ئارەزووی لە ناو چوونی نیعمەت لە خەڵکانی تر بێ ئەوەی ئەو نیعمەتە بۆ خۆی ئارەزوو بکات. بە پێچەوانەی بەخیلی چاکە، کە بریتیە لە ئارەزوو کردنی نیعمەت بۆ خۆت بێ ئەوەی ئارەزووی بە لەناو چوونی ئەو نیعمەتە بیت لە خەڵکانیتر. کەواتە بەخیلی هەر ئەو بوغز و ڕەنج و ڕق لێ بوونەیە کە بەینی چاکی حاڵ و گوزەرانی کەسێک کە چاوی تێبڕاوە بە کەسێک کە چاوی بڕیوەتە ئەو تێک دەدات.

جۆرەکانی بەخیلی

١ ناڕەحەتی و ڕەنجە ڕۆ بوون بە هۆی نیعمەتێک کە دراوە بە یەکێک ئەم بەخیلییە خراپ و ناپەسەندە. لەم حاڵەتەدا کەسی بەخیل ڕقی لە کەسێک دەبێت کە بەخیلی پێدەبات و هەروەها بە بینینی ئەو تووشی ناڕەحەتی دەبێت و ئازاری پێدەگات و ئەمە بە شێوەی نەخۆشی لە دڵیدا دەمێنێتەوە و ئەگەر ببینێت کە ئەو نیعمەتە لەو کەسە گیراوەتەوە ئەوا پێی خۆش دەبێت. هەرچەندە کە بۆ ئەو لە ڕووی ماددییەوە سوودێکی نەبێت. هەر ئەمە بۆ ئەو بەسە کە دڵی سوکنایی بێت و ئیتر هەست بە ئازار و ناڕەحەتی نەکات. هەڵبەتە دەبێ بزانرێت کە ئەم ئازار و ئێشە بۆ هەمیشەیی لەناو ناچێت بەڵکو وەکو نەخۆشیە کە ئێشەکەی بە چارەسەرکردنی بۆ ماوەیەک دادەمرکێت و نەخۆشیەکەی هەر ماوەتەوە. لەبەر ئەوە ئەم بوغزە و ناڕەحەتیەی ئەو بەرامبەر بە نیعمەت و بەخششەکانی خوا بە بەندەکانی جۆرێکە لە نەخۆشی و لەوانەیە دوبارە بەرامبەر بە کەسێکیتر بگەڕێتەوە. و ئەمە کۆتایی چارەڕەشی و زیانکارییە.

٢ کەسی بەخیل گەورەی کەسێک کە بەخیلی پێدەبات لەسەر خۆی بە ناپەسەندی دەزانێت و حەز دەکات بێئەوەی شتێک لە

کەسێک کە بەخیلی پێدەبات (بەخ لێکراو) کەم ببێتەوە ئەویش وەکو ئەو کەسە بێت یان گەورەتر بێت لەو. ئەمەش جۆرێکە لە بەخیلی و هەروەها پێشی دەوترێ بەخیلی بە چاکە.

هەروەها پێغەمبەری خۆشەویستمان حەزرەتی محەمەد (ﷺ) لە فەرموودەیەک کە (متفق علیه) کە لە عەبدوڵلای کوڕی مەسعود و عەبدوڵلای کوڕی عومەر (ڕەحمەتی خوایان لەسەر) ڕاوی بووە ئەوی بە بەخیلی ناو بردووە: ((لاحسد الا فی اثنتین رجل اتاه الله الحکمة فهو یقضی بها ویعلمها و رجل اتاه الله مالا وسلطه علی هلکه فی الحق)) واتە: ((بەخیلی جگە لەم دوو شتە ڕەوا (شەرعی) نیە: پیاوێک کە خوا زانست و حیکمەتی پێبەخشیوە و بەو دادوەری دەکات و زانست و زانیاری فێری خەڵکی دەکات. کەسێک کە خوا مالّ و سامانێکی پێبەخشیوە و ئەوی موسەیتەر کردوە بەسەریدا تا ئەو مالّ و سامانە لە ڕێ حەقدا سەرف بکات)).

گێڕانەوەی عەبدوڵلای کوڕی عومەر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) بەم شێوەیە: ((لاحسد الا فی اثنتین رجل اتاه الله القران فهو یقوم به اناء اللیل و النهار و رجل اتاه الله مالا فهو ینفق منه فی الحق اناء اللیل و النهار)). واتە: ((بەخیلی جگە لەم دووشتەدا ڕەوا (شەرعی) نیە. پیاوێک کە خوا قورئانی پێ بەخشیوە و بە ڕۆژ خەریکی خوێندن و کارکردنە بەو. پیاوێک کە خوا مالّ و سامانێکی پێداوە و ئەویش شەو ڕۆژ خەریکی بەخشینیەتی لەڕێ خوادا)).

کەواتە ئەم جۆرە بەخیلیە کە لەودا لەناو چوونی نیعمەتێ لە یەکێکیتر داوا نەکات، بەڵکو ئەویشی بۆ خۆی ئارەزوو بکات کێشەی تێدا نیە. ئیمامی بوخاری لە ئەبو هورەیرەوە[٤] کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((لاحسد الا فی اثنتین رجل اتاه الله القران فهو یقوم به اناء اللیل و النهار فسمعه رجال فقال: یالیتنی اوتیت مثل ما اتی هذا فعملت فیه مثل ما یعمل هذا و رجل اتاه الله مالا یهلکه فی الحق فقال رجل: یالیتنی اوتیت مثل ما اوتي هذا فعملت فیه مثل ما یعمل هذا)). واتە: ((بەخیلی جگە لەم دووشتە ڕەوا نیە: یەکێك لە بارەی پیاوێك کە خوا قورئانی پێداوە و ئەو شەو ڕۆژ خەریکی خوێندنەوەی بێت. هەروەك کەسێکی تر گوێ لە خوێندنی قورئانی ئەو بێت دەڵێن: خوایا! خۆزگە وەك و ئەو شتەی کە بەو پیاوەت بەخشیوە بە منیشت بخشی با، تا منیش وەکو ئەو قورئانم بخوێندایەتەوە. و پیاوێك کە خوا ماڵ و سامانێکی پێبەخشیوە و ئەو لە ڕێگەی حەق و ڕاستیدا سەرفی دەکات. کەسێکیتر دەڵێت: خوایا! خۆزگە وەکو ئەو شتەی کە بەو پیاوەت بەخشیوە بە منیشت بەخشی با، تا منیش وەکو ئەو کار و کردارم ئەنجام بدایە)).

[٤]_ ابو هریرە، عبدالرحمن کوڕی دوس یمانەیە کە چەندان فەرموودەی زۆر لە پێغەمبەر (ﷺ) و ئەبوبەکر و عومەر (ڕەزا و ڕەحمەتی خوایان لەسەر) گێڕاوەتەوە سەعیدی کوڕی میب و بەشیری کوڕی نهیك یشی لە ابوهریرە فەرموودەی زۆریان گێڕاوەتەوە. ئەو لە هەموو هاوەڵە بەڕێزەکان فەرموودەی زۆرتری گێڕاوەتەوە و لە ساڵی ٥٨ هـ.ق دا ماڵئاوایی کرد.

کەواتــە پێغەمبــەری خۆشەویــست (ﷺ) بــەخیلی تــەنها لــەم دووشتەدا بە ڕەوا (شەرعی) داناوە. و زانایان ئەم جۆرە بەخیلی بە چاکە (غبطە) ناوی دەبەن. کە بریتیە لە داوا کردنی نیعمەتێک کە خوا بە یەکێکیتری داوە بێئەوەی ئارەزووی لەناو چوونی نیعمەتی ئەو کەسە بکات.

لێرەدا ئەگەر پرسیار بکرێت بۆچی بە (غبطە) بەخیلی بە چاکە دەوترێت بەخیلی لە حاڵێکدا کە مرۆڤ حەز دەکات خوا نیعمەتێکی زۆری پێبدات؟ لە وەڵامدا دەبێ بوترێت خاڵی دەست پێکردنی ئەم حەزلێکردنە بەهۆی بینین و کاریگەری ئەو نیعمەتە بووە لە سەر کەسێک کە لە بینینیدا هەستی بە ئێش و ئازار کردووە. و ئەگەر ئەو نیعمەتەی جگە لە غەیری خۆی نەبینیایە ئەوا هیچ کات هەستی بە پێویستی ئەو نەدەکرد، کەواتە کاتێک کە سەرچاوەی ئەم هەستە و ئەم حەزو و ئارەزووە بەم شێوە بووە، ئەوا بۆ ئەو ناوێک جگە لە بەخیلی ناتوانێت ببێت. بەڵام ئەگەر کەسێک حەزی کردبێت کە خوا بێئەوەی درگای ڕەحمەتی لەسەر ئەویتر ببەستێت و نیعمەتی لەو بگرێتەوە، و بەویش نیعمەت ببەخشێت ئەوا بەمە ناوترێت بەخیلی. بەڵکو هەستی پێویستی بە نیعمەتێک کە ئەوی لە خوای خۆی داوا کردووە و زۆرێک لە خەڵکی بە جۆری دووەم لە بەخیلی، بە جۆرێک لە تاقیکردنەوە و ئازمایش ناو دەبەن. هەروەها خوایش دەیەوێت کە مرۆڤ جۆری دووەمی

بەخیلی هەبێت نەک جۆری خراپ و ناپەسەندی یەکەم. شایانی وەبیرهێنانەوەیە کە ئەمە بەجۆرێک لە (ڕکەبەری پێشبەڕکێ کردن لە بەدەست هێنانی خێرو چاکە)ش دەوترێت. کە لەودا دووکەس بۆ گەیشتن بە خێر و چاکە ڕکەبەری دەکەن و هەر دووکیان قەسدی سەرکەوتنیانە و دەیانەوێت کە لە درگای خوا نزیکتر ببنەوە.

پێشبڕکێ و ڕکەبەری لە ڕێگەی شەرعیەوە گرفتی نیە بەڵکو پاداشتی ڕێزیشی دەگیرێ. هەروەک خوا دەفەرموێت: ﴿ان الابرار لفی نعیم * علی الارائك ینظرون * تعرف فی وجوههم نضرة النعیم * یسقون من رحیق مختوم * ختامة مسك * وفی ذلك فلیتنافس المتنافسون﴾ (المطففین. ٢٢_٢٦) واتە: (بێگومان چاکەکاران لە نێوان جۆرەها نیعمەت و خۆشیە بێ کۆتاکانی بەهەشت دەبن، لەسەر کورسیە گەورە و بە شەکۆکان پاڵ دەدەنەوە _ و لە جوانیەکانی و نیعمەتە زۆرەکانی ئەوێ ورد دەبنەوە _ خۆش و سەر سەوزی و چالاکی نیعمەت لە سیمایاندا دەخوێنرێتەوە و بەوان شەرابێکی پاك و بێگەرد دەدرێت کە نە دەستی لێدراوە و نە سەری بەستراوە، خۆشی و سەری ئەوان لە میسکە. پێشبڕکێ کەران دەبێ بۆ بەدەست هێنانی ئەم _ جۆرە شەرابە و نیعمەتەکانیتری بەهەست _ لەگەڵ یەکتردا پێشبڕکێ و ڕکەبەری بکەن و پێشی یەکتر بکەون). لەم ئایەتەدا خوا بە پێشبڕکێ کەران و سوبقەت گرەکان دەفەرموێت بۆ بەدەست هێنان و گەیشتن بە

نیعمەتە دایمەکانی بەهەشت لەگەڵ یەکدا پێشپرکێ بکەن نەک بۆ بەدەست هێنانی دنیای بڕاوە و لە ناو چوو. و ئەم چەمکە لەگەڵ فەرموودەی پێغەمبەر (ﷺ) یەکدەگرێتەوە کە تێدا لە بەخیلی بردن نەهی کردووە مەگەر لە دووشتدا: یەکێ ئەوە کە خوا زانستی بە کەسێك بەخشیوە و ئەو کەسە بە زانستی خۆی عەمەل دەکات و ئەو زانستەش فێری خەڵکی دەکات. دووەم ئەوە کە خوا ماڵ و سامانێکی بە کەسێك بەخشیوە و ئەو کەسەش ئەو ماڵە لە ڕێی خوا دەبەخشێت، بەڵام کەسێك کە زانستی پێبەخشراوە کە نە عەمەلی پێدەکات و نە خەڵکیتریش فێر دەکات یان ماڵێکی پێدراوە و لەڕێی خوا نایبەخشێت، نرخ و بەهای بەخیلی نیە و نابێت ئارەزووی گەیشتنی بەوە هەبێت لەبەر ئەوە گەیشتنی بەوە خێرێکی نیە جگە لە سزا و بەدبەختی. هەروەها سەرپەرشتی و بەرپرسیارەتیەك بە کەسێك دەسپێردرێت و ئەویش بە دادپەروەری و زانایی وە لە بەرامبەر ئەوەوە هەوڵ دەدات و ئامانەت دەگەێنێتەوە دەستی خاوەنی و حەق و بەرپرسیارەتیەکە بەو شێوە کە هەیە ئەنجام دەدات و لە نێوان خەڵکیدا بە کتێبی قورئان و فەرموودە بڕیار دەدات ئەوا پلەیەکی بەرزی هەیە. وێنەی ئەو وەکو موجاهیدێکە کە لە جیهادێکی گەورەدا بێت. چونکە نەفسی بەشەری بەو شێوەیە دروست کراوە کە سەبارەت بە کەسانێك کە لە ئازار و ناڕەحەتیەکی زۆردان بەخیلی نابات. هەر لەسەر ئەمەیە

کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) باسی موجاهیدی لە ڕێگەی خوادا لە فەرموودەکانی بەخیلی نەهێناوە لەبەر ئەوە کەسی موجاهید لە وەها ناڕەحەتی و ئازارێکدایە کە گەورەی و پاداشتی زیاترە سەبارەت بە کەسێک کە مااڵی لە ڕێی خوادا دەبەخشێت و یان زانستەکەی فێری خەڵکی دەکات چونکە ئەم دوو تاقمە دوژمنیان نیە کە فشار بخاتە سەریان و تووشی ئازار و ناڕەحەتی بین. و ئەگەر ئەوانیش لە ڕێی بااڵوکردنەوەی مال و زانستیان دوژمنیان بۆ پەیدا ببێت ئەوا خێر و پاداشتی ئەوانیش زیاد دەکات. هەر وەک پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی کەسی نوێژکەر و ڕۆژووگر و حەج کەردا لە فەرموودەکانی بەخیلی ناوی نەهێناون لەبەر ئەوە ئەم جۆرە کرداڕە گەورانە لە ڕووی کۆمەاڵیەتی بۆ مرۆڤ بەقەدەر بەخشین و فێرکردنی زانست سوودیان نیە بەخیلی بردن زیاتر سەبارەت بە پۆست و پلەو پایەو کورسی ڕوو دەدات نەک بە هۆی خواردن و خواردنەوە و پۆشاکەوە لەبەر ئەوە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بەخیلی سەبارەت بە خاوەن مااڵ و سامان و زانست بە شەرعی دانا بە مەرجێک بە شێوەی (غبطه) بەخیلی بە چاکە بێت. چونکە ئەم دوو کەسە هەمیشە لە نێوان خەڵکیدا ڕێز و حورمەتی زۆریان هەیە. و بەردەوام گروپێکی پەراوێز خراو لە خەڵکی بڕاوە و زانا و سەرمایەداران دەبینن. زانا خۆراکی ڕۆح و دەروون بە خەڵکی دەدات و خاوەن مااڵ خوراکی الشە بە خەڵکی دەدات و لە

هەر دوو حاڵەکەدا خەڵکی پێویستیان پێیانە. هەروەک خوا دەفەرموێت: ﴿ضرب الله مثلا عبدا مملوكا لايقدر على شاء ومن رزقناه منارزقا حسنا فهو ينفق من سرا و جهر أهل يستون الحمد لله بل اكرهم لايعلمون * و ضرب الله مثلا رجلين أحدهما أنكم لا يعدو على شيء وهو كل على مولاه اينما يوجه لايات بخير انما يوجد هل يستوى هو ومن يامر بالبدل وهو على صراط مستقيم﴾ (النمل:٧٥_٧٦) واتە: (خوای گەورە بە شێوەی نموونە دەهێنێتەوە کە توانای بەسەر هیچ شتێکدا نیە و _ لەبەرامبەر ئەوەوە _ مرۆڤێکی باوەڕدار _ بە نموونە دێنێتەوە کە ڕۆژێکی حەڵاڵی پاکیزەی پێبەخشراوە و ئەو بە شاراوە و ئاشکرا لەو ڕۆژەدا دەبەخشێت ئایا ئەوانە وەکو یەکن. سوپاس کردنی خوا سزایە _ کە ئێمەی کردۆتە بەندەی خۆی نەک بەندەی بەندەکانی خۆی _ و بەڵکو زۆرێک لەوان نازانن جیاوازی ڕەوا و ناڕەوا چیە). خوا دوو کەس بە نموونە دێنێتەوە کە یەکێک لە وان بەڵاڵی لە دایک بووە و توانای ئەنجامدانی هیچ ئیشێکی نیە و بووتە سەربار بۆ خاوەنەکەی و بۆ هەر جێگایەکی بنێرێت سوودێکی نیە. ئایا ئەم جۆرە کەسە وەک ئەو جۆرە کەسە وایە _ کرێکار و نان پەیداکەر و هەمووی خێر و بەرەکەتە و بەردەوام خەڵکی بۆ دادپەروەری و یەکسانی بانگهێشت دەکات و لە سەر ڕێگای ڕاست و دروستدایە.

نموونەی یەکەم: خوا لەم نموونەیەدا زاتی پاک و پیرۆزی خۆی لەگەڵ ئەو شەریکانە بەراورد دەکات کە خەڵکی لە بەندایەتی

کردنـدا بەندایـەتی بـۆ دەکـەن. شـریکان و بتانێـک کـە هـیچ دەسەڵاتێکیان نیە لەسـەر کردەوەی چاک و یـان قسانی بـە سوود. ئایـا کەسێک کـە بـراوەی کەسـێکیتر بێـت و توانـایی نـەبێت لەسـەر هیچ ئیشێک لەگەڵ کەسێک کـە خوا مـاڵ و سامانی پێبەخشیوە و ئەویش لـەم مـاڵ و سامانەی لـە ڕێی خوا ببەخشێت وەک یـەکن؟! کەواتـە خوایـەک کـە توانـای چـاکە گەیاندنی هەیـە بـە بەندەکانی چـەوتن وەکـو دروسـتکراوێکی سـست و بـێ توانایـە کـە توانـای ئەنجامدانی هیچ ئیشێکی نیە؟ چۆن دەتوانرێت کـە دروستکراوێک وابکرێتـە شـەریکی خـوا؟ ئەسـڵەن شـتگەلێکی وا مـەحاڵ و بـاوەڕ پێنەکراوە.

نموونـەی دووەم: دیـسان خـوا لـەم نموونەیـەدا زاتـی پـاک و پـیرۆزی لەگـەڵ ئـەو شـریکانە بـەراورد دەکـات کـە خـەڵکی لـە بەندایـەتی کردنـدا بەندایـەتی بـۆ دەکـەن. شـریکان و بتانێـک کـە ناتوانن قسە بکـەن و بیربکەنـەوە. ئایـا کەسێک کـە لاڵـە و ناتوانێت بیربکاتەوە و توانای ئەنجامدانی هیچ ئیشێکی نیە و کەوتۆتـە سـەر شـانی خاوەنەکـەی و هـەر کاتێـک کـە بینێـرن بـە دوای ئیـشێکدا ناتوانێت ئەنجامی بدات و هیچ سوودێکی نیـە. وەک کەسێکە کـە زانایـە و دادوەر و خـەڵکی بـەرەو ڕێی ڕاست و دادپـەروەری بانگ دەکات و خۆشی لەسـەر ڕێی ڕاست تونـد وەستاوە؟ کەواتـە چـی دەڵێن کە بەندەیـەکی وا لەگـەڵ خوایـەک کـە زانـا و دادپـەروەرە و بـە

توانا لە ئەمر و نەهی و دروستکەری ڕێگای ڕاستە، بکەنە هاوەڵی (شریك). خوا دەفەرموێت: ﴿**شهد الله انه لا اله هو والملائكة و اولو العلم قائماً بالقسط لا اله الا هو العزيز الحكيم**﴾ (ال عمران: ١٨) واتە: (خوا _ بە پیشاندانی دنیای بوون بە شێوەی تەنها و پەیوەست بوو و نیزامێکی تەنها و بێهاوتا، بە پراکتیکی _ شاهیدی دەدات بەوەی دروست کەرێك جگە لەو نیە و ئەو _ لە ئیشە دروستکراوەکانی خۆی _ دادپەروەری دەکات. و فریشتەکان و زاناکان شاهیدی دەدن کە جگە لەو دروست کەرێك نیە. و ئەو بە توان و بەحیکمەتە). ﴿**ان ربی علی صراط مستقیم**﴾ (هود: ٥٦) واتە: (بێگومان، خوای من لەسەر ڕێگای ڕاستدایە). نەخێر هەرگیز، خوا لەگەڵ بتان و شریکانی پەست و لاواز و بێ نرخ قابیلی بەراورد نیە. هەر لەبەر ئەم دوو نیعمەتە هاتبوو کە خەڵکی خێزانی عەباسیان (ڕەحمەتی خوای لەسەر) بە گەورە و بەڕێز دانا بوو. لەبەر ئەوە لەو خێزانەدا عەبدوڵلا ی کوڕی عەباس (ڕحمەتی خوایان لەسەر) هەبوو کە قورئان و فەرموودەی فێری خەڵکی دەکرد و برایەکی تری خواردنی بە خەڵکی دەدا. بۆیە خەڵکیش ئەوانیان خۆشدەویست.

هەروەها کاتێ کە معاویە (ڕەحمەتی خوای لەسەر) خەڵکی دەدی کە ئەحکام و مەناسیکی (مناسك) حەجی خۆیان لە هاوەڵی بەڕێز: عەبدوڵلا ی کوڕی عومەر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەپرسین

و ئەویش وەڵامی دەدانەوە، ووتی: سوێند بە .خوا ئەمە شەرەفێکی گەورەیە کە خوا بە عەبدوڵلا ی بەخشیوە. گێڕدراوەتەوە کە ئیمامی عومەر و ئیمامی ئەبوبەکر (ڕەحمەتی خوایان لەسەر) هاتووە دەڵێت: ((امرنا رسول الله(ﷺ) ان نتصدق فوافق ذلك مالا عندی فقلت: الیوم اسبق ابابکر ان سبقتة یوما، قال فجئت بنصف مالی، قال فقال لی رسول الله(ﷺ) ما ابقیت لاهلك؟ قلت: مثله، واتی ابوبکر رضی الله عنه بکل ماعنده، فقال له رسول الله (ﷺ) ماابقیت لاهلك؟ قال: ابقیت لهم الله و رسوله، فقلت: لا اسابقك الی شیء ابدا) واتە: ((پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) ئەمری کرد پێمان کە بۆ جیهاد کردن لە ڕێی خوادا ماڵ و سامان بهێنین. منیش ماڵ و سامانێکم هەبوو و بە خۆمم ووت: ئەگەر بۆ ڕۆژێکیش بووە لە ئەبوبەکر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) پێش بکەوم، ئەمڕۆ دەکەومە پێش. بۆیە نیوەی ماڵێك کە هەم بوو بردمە خزمەتی پێغەمبەر (ﷺ) پێغەمبەریش (ﷺ) فەرمووی: شتیکت بۆ خێزانەکەت بەجێ هێشتووە؟ ووتم: نیوەی ماڵەکەم بۆ ئەوان داناوە. لەو کاتەدا ئەبوبەکر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) هەموو ماڵەکەی هێنا. پێغەمبەر (ﷺ) پێ فەرموو: شتێکت بۆ خێزانەکەت بەجێ هێشتووە؟ ووتی: خوا و پێغەمبەرەکەیم (ﷺ) بۆ ئەوان بەجێهێشتووە. ووتم: ئەی ئەبوبەکر! ناتوانم هیچ کات لە ئەنجامدانی شتێکدا پێشت بکەوم)). ئەوەی کە عومەر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) ئەنجامیدا جۆرێ

پێشبڕکێ بوو لە کاری خێر و بەخیلی بەچاکە ڕاست بوو. وەلێ ئەبوبەکر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) هەمیشە گەورەیی هەبوو سەبارەت بە عومەر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) و ئەو پێویستی بە (غبطە) بەخیلی بەچاکە نەبوو لەم ڕووەوە هیچ کات بە حال و وەزعی کەسێک بەخیلی نەدەبرد.

پێغەمبەری خوا موسا (سەلامی خوای لەسەر) لەکاتی بەرز بوونەوەدا (میحراب) دایە حاڵی کۆتایی پێغەمبەران (خاتم)، بەخیلی بە چاکەی کرد. تا ئەو شوێنەی کە بەو شێوە گێڕدراوەتەو: ((بکی لما تجاوزة النبی (ﷺ) فقیل له : مایبکیل؟ فقال: ابکی لان غلاما بعث بعدی یدخل الجنة من امنة اکثر ممن یدخلها من امتی)) واتە: ((کاتێک کە پێغەمبەر (ﷺ) لە تەنیشت موسا وە (سەلامی خوای لەسەر) تێپەڕی موسا (سەلامی خوای لەسەر) گریا. ووتیان: بۆچی دەگریت؟ ووتی: لەبەر نەوجەوانێک دوای من بووە بە پێغەمبەر (ﷺ) ژمارەی کەسانێک کە لە ئومەتی ئەو دەچنە ناو بەهەشت لە ژمارەی کەسانی ناو ئومەتی من کە دەچنە ناو بەهەشت زیاترن)). بوخاری و موسلیم ڕیوایەتیان کردووە.

لە نێوان هاوەڵە بەڕێزەکانی پێغەمبەردا(ﷺ) کەسانی تریش وەک ابو عبیدەی جراح (ڕەحمەتی خوای لەسەر) و نموونەی وەک ئەو هەبوون. کە تەنانەت لەم جۆرە بەخیلی کە نەکردنی باشترە واتە بەخیلی چاکە دوور دەکەوتنەوە چونکە پلە و پایەی ئەوان

گەورەتر و بەرزتر بوو لەوەی کە بە کەسێکیتر بەخیلی ببەن و هەر لەبەر ئەمەیە کە ابو عبیدە (رحمەتی خوای لەسەر) شایستەیی ئەمانەتداری ئومەتی بە دەست هێنا لەلایەن پێغەمبەروە (ﷺ) و هەروەك پێغەمبەر (ﷺ) ئەوی بە ئەمینداری ئومەت ناو دەبرد.

کەواتە کەسێکی ئەمیندار کە لە خۆیدا هیچ جۆرە ترس و هەستێك بەرامبەر بە کەم و کوڕی ئەمانەتی نەبێت لەگەڵ کەسێك کە لە خۆیدا هەست بە کەم و کوڕی لە ئەمانەتدا دەکات لە پێشترە.

لە فەرمودەیەکدا کە ئیمامی احمد بن حنبل گێڕاوەیەتیەوە انس بن مالك (رەحمەتی خوایان لەسەر) دەڵێت: ((کنا یوما جلوسا عند رسول الله(ﷺ) فقال: یطلع علیکم الان من هذا الفج رجل من اهل الجنة قال فطلع رجل من الانصار ینطف لحیتة من وضوء، قد علق نعلیة فی یدة الشمال فسلم. فلما کان الغد قال النبی (ﷺ) مثل ذلك، فطلع ذلك الرجل علی مثل حاله، فلما کان الیوم الثالث قال النبی (ﷺ) مثل ذلك، فطلع ذلك الرجل علی مثل حالە)) واتە: ((ڕۆژێك لە خزمەتی پێغەمبەردا (ﷺ) دانیشتبووین. فەرمووی: ئێستا لێرەوە پیاوێك دێت کە لە ئەهلی بەهەشتە. لەناکاودا پیاوێك لە پشتیوانان (انصار) هات. لە حاڵێکدا هێشتا ڕیشی خۆی ووشك دەکردەوە کە دەست نوێژی گرتبوو و پێڵاوەکانی بە دەستی چەپی هەڵگرتبوو و هاتە پێشەوە و سەلامی کرد. بۆ سبەینێ دوبارە پێغەمبەر (ﷺ) هەمان قسەی دوێنێی دوبارە کردەوە و لە ناکاو هەمان پیاو و بەهەمان حاڵی

دوێنێوە هات. ڕۆژی سێیەمیش پێغەمبەر (ﷺ) هەمان قسەی ڕۆژی پێشووی دوبارە کردەوە و دیسانەوە هەمان پیاو بە هەمان حاڵی پێشووە هات. کاتێک کە پێغەمبەر (ﷺ) هەستاوە ڕۆیشت. عەبدوڵڵای کوڕی عاص (ڕەحمەتی خوای لەسەر) کەوتە شوێن ئەو پیاوە، دوای بەم شێوەیە باسی کرد: ((چوومە لای ئەو پیاوە ووتم: من لەگەڵ باوکمدا تووشی ناخۆشی بووم و سوێندم خواردووە کە تا سێ ڕۆژ نەچمەوە لای. ئەگەر یارمەتیم بدەیت دەمەوێ بێمە ماڵی ئێوە. ئەو پیاوە یارمەتی دام و تا سێ شەو ڕۆژ لە ماڵی ئەودا بووم. لەم ماوەیەدا کردەوەیەکی تایبەتم لێ بەدی نەکرد تەنها ئەو شەوانە کاتێ جلەکانی لادەبرد زیکر و یادی خوای دەکرد و تکبیری دەکرد و تاهاتنی نوێژی بەیانی دەخەوت. عەبدوڵڵا دەڵێت: لەو پیاوە جگە شوکر و سپاسی خوا هیچیترم نەبیست. کاتێک ویستم بگەڕێمەوە بۆ ماڵەوە بەوم ووت: ئەی بەندەی خوا! من لەگەڵ باوکمدا هیچ کێشەیەکم نیە. بەڵکو سێ جار لە پێغەمبەرم (ﷺ) بیست کە فەرمووی: ((ئێستا لێرەوە پیاوێک دێت کە لە ئەهلی بەهەشتە))، و هەر سێ جارەکە تۆ لەو ڕێگایەوە هاتیت. ویستم چەند ڕۆژێک لەگەڵ تۆدابم تا بزانم چ کردەوەیەک ئەنجام ئەدەیت کە بووی بە بەهەشتی تا منیش بەو شێوەیە کاربکەم. وەڵێ تۆم نەبینی کە کردارێکی زیاتر ئەنجام بدەیت. کەواتە: چ شتێک بوویە هۆی ئەوەی کە پێغەمبەر (ﷺ) لەبەرامبەر

تۆوە بڵێت بەهەشتیت؟ ئەو پیاوە ووتی: من کردەوەیەکی تایبەت ئەنجام نادەم کە بوو بێتە هۆی بەهەشتی بوونم. تەنها دەزانم کە ڕەق و کینە و بوغزی هیچ موسڵمانێکم لە دڵدا نیە و سەبارەت بە خێر و پاداشتێك کە خوا بە کەسێکی بەخشیوە، بەخیلی نابەم. عەبدوڵلا ووتی: کەواتە هەر ئەمە ئەو شتەبوو کە تۆی گەیاندوەتە ئەم پلەو پایەیە و هەموو کەسێك توانایی ئەوەی نیە. مەبەستی عەبدوڵلای کوڕی عومەر (ڕەحمەتی خوای لەسەر) ئەمە بوو کە هەر چەند بە ڕووکەش (ظاهراً) ئەم کردارە سادە و ئاسان دێتە بەرچاو بەڵام زۆرێك لە خەڵکی بەوەوە گرفتارن. هەر لەبەر ئەمەیە کە خوا سپاس و ستایشی _ پشتیوانان دەکات و لەبارەیانەوە دەفەرموێت: ﴿ولا یجدون فی صدورهم حاجة مما أوتوا و یؤثرون علی أنفسهم لوکان بهم خصاصته﴾ (الحشر: ٩) واتە: (و لە دەروونی خۆیاندا، هەست و حەز و ئارەزوو کە پێویستی ناکەن بە شتگەلێك کە بە کۆچکەران (مهاجر) دراوە و ئەمان لەسەر خۆیان بەڕێزتر دەدن هەرچەند کە خۆیان زۆر پێویستیان بێت)).

موفەسیران دەڵێن: پشتیوانان لە دڵەکانیاندا هیچ جۆرە هەستێکی بەخیلی بەچاکەیان نەبوو بەرامبەر بەوەی کە لە ماڵ بە کۆچکەران دەدرا. تەنانەت ماڵ و سامانی خۆشیان لەگەڵ کۆچکەراندا دابەش دەکرد. لەگەل ئەوەشدا لە نێوان ئەوس و خەزرەجدا کە دوو هۆز بوون لە مەدینەدا بەخیلی بەچاکەیان

دەبـرد. هـەروەك لـە دینداریـدا لەگـەل یـەك پێـشبڕكێیان دەكـرد و ئەگەر یـەك لـەوان ببینیایـە كـە لایـەنی بەرامبـەر كردارێكـی ئـەنجام بدایە كە بەهۆیەوە لەلای خوا و پێغەمبەر (ﷺ) گەورەتر و بـەڕێزتر دەبوو. ئەویش یەكسەر بە ئەنجامدانی ئەو كرداره هەڵدەستا تا لەم گەورەیی و بەڕێزیـە بێبەش نەبێت. هەڵبـەت ئـەم بابەتـە ڕكەبـەرێك بوو بۆ گەیشتن و نزیك بوونـەوە لـە خـوای گـەورە نـەوەك جۆرێـك لـە ڕەق و بوغز بەرامبەر بە یەكتر و بەخیلی بەچاكە بوو بـۆ گەیـشتن بـە كەماڵ و ڕێ بڕینـی ڕێگای بەختەوەری و سەربەرزی نەوەك بوون بـە خـاوەن مـاڵ و سـامان و پلەوپایـە و دەسـەڵاتی دنیـایی. خۆزگـە دەخوازم بە دڵێكی وا خۆزگە دەخوازم بـە خـاوەن دڵێكـی وا چونكە خوا دەفەرموێت: ﴿وفی ذلك فلیتنـافس المتنافسون﴾ (المطففین: ٢٦) واتە: (پێشبڕكێ كەران دەبێ بۆ بەدەست هێنـانی _ شـەرابێكیوا و نیعمەتەكانی تری بەهەشت _ لەگەڵ یەكتر پێـشبڕكێ بكـەن و پێش یەكتر بكەون).

بـەڵام ئـەو بەخیلیـەی كـە ناپەسـەند و خراپـە خـوا بـە حـەرامی داناوە. هـەروەك لـە بـارەی بەخیلی جوولەكـەوە دەفەرموێت: ﴿ود كثر من اهل الكتاب لو یـردونكم من بعـد ایمـانكم كفـارا حـسدا من عنـد انفسهم من بعـد مـا تـبین لهـم الحـق﴾ (البقرة: ١٠٩) واتـە: (زۆرێك لـە ئەهلی كتێب بە هۆی بەخیلیەك كە لە دەروونیاندا ڕەگی داكوتاوە، حـەز و ئـارەزوو دەكـەن ئەگـەر ببێـت _ ئێـوە بـەرەو كـوفر و حـاڵی

پێشوو کە هەتانبووە _ بگەڕێننەوە، دوای ئەوەی کە باوەڕتان هێناوە، لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستی ئیسلام بۆ ئەمانە ڕوون بووەتەوە).

جوولەکەکان مورتەد بوون و گەڕانەوە لە ئیسلام لە ڕووی بەخیلی و ڕقێک کە هەیان بوو ئارەزوویان دەکرد بۆ موسڵمان. لەبەر ئەوەی ئەوان لەم نیعمەتە گەورەییە کە موسڵمانانی گرتۆتەوە. زۆر پێیان ناخۆش بوو و هەستیان بە ڕەق و بوغز دەکرد. خوا لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿أم يحسدون الناس على ما اتاهم الله من فضله فقد آتينا آل إبراهيم الكتاب و الحكمة و اتيناهم ملكاً عظيما * فمنهم من آمن به ومنهم من صد عنه و كفى بجهنم سعيراً﴾ (النساء:٥٤_٥٥) واتە: (ئایا ئەوانە بەخیلی بەشتێک دەبەن کە خوا لە ڕووی گەورەیی و ڕحمەتی خۆی _ بەهەڵبژاردنی موحەمەد (ﷺ) _ بەخەڵکی _ عەرەبی داوە. ئێمە کە بە ئەهلی ئیبراهیم _ ئیبراهیمێک _ کە لە باو و پاپیرانی ئێوە و ئەوانە _ کتێبی ئاسمانی باوەڕیان هێناو کۆمەڵێکیتر، لەو، پشت هەڵدەکەن _ و خەڵکانی تریشیان خەستەبەر گەمە و گاڵتە و ئاگری سوتێنەری جەهەننەم بۆ کەسانێکی وا بەسە). هەروەها خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿قل أعوذ برب الفلق * من شر ماخلق * ومن شر غاسق اذا وقب * ومن شر النفاثات فى العقد * ومن شر حاسد اذا حسد﴾ الحسد:١-٥) واتە: (بڵێ بە پەروەردگاری ڕوناکی هێنەر پەنا دەگرم لە شەڕی ئەو شتەی کە خوا دروستی کردووە و لە شەڕی دروستکراوەکانی

و پەنا دەگرم بە خوا لە تاریکی شەو کە پوناکی ڕۆژ دەشارێتەوە _ و لە شەڕی کەسانێک کە فوو دەکەن بە گرێ جادوییەکاندا _ و لە شەڕی چاو پیسەکان کە ئێرەیی دەبەن).

موفەسیران دەڵێن: ئەم سورەتە بە هۆی بەخیلی جوولەکەو جادوویەک کە لبید بن اعصم لە بەرامبەر پێغەمبەر (ﷺ) کردی هاتە خوارەوە. کەواتە ئەگەر کەسی بەخیلی لەسەر بنەمایی چاو پیسی و بەخیلی خۆی عەمەل بکات ئەوا بەستەمکار و تجاوەزکار دەژمێردرێت. لە ئەنجامدا دەکەوێتە بەر سزای پەروەردگار. لەم ڕووەوە دەبێ لە بەخیلی دەست هەڵنگرێ و بگەڕێتەوە. بەڵام کەسێک کە کەوتبێتە بەر چاو و بەخیلی پێبرا بێت ئەوا ستەم لێکراو دەبێ لە بەرامبەر ئێش و ئازاری بەخیلیکە ئارام بگرێت و لە شەڕی پەنا بو خوا ببات تا باوەڕی ساغ و پتەو بێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**ودكثر من اهل الكتاب لو يردونكم من بعد ايمانكم كفارا حسدا من عند ماتبين لهم الحق فاعفوا و اصفحوا حتى ياتى الله بامره**﴾ (البقرة: ١٠٩) واتە: (زۆرێک لە ئەهلی کیتاب لە ڕووی بەخیلی یەک کە لە وجودیاندا ڕەگ داکوتاوە حەزوو ئارەزوو دەکەن ئەگەر بێت ئێوە بەرەو کوفر وحاڵی پێشوو کە هەتان بووە بگەڕێنەوە دوای ئەوەی کە باوڕتان هێناوە لەگەڵ ئەمەشدا ڕاستی ئیسلام بۆئەمانە زۆر ڕوونە کەواتە ئێوە چاوپۆشی و لێبوردە بن تا ئەوەی کە خوا فەرمان بدات کە لە بەرامبەریاندا چ بکەن).

خوا یوسفی خستە تاقیکردنەوەوە بەهۆی بەخیلیەک کەبراکانی خۆی هەیان بوو بەرامبەری.هەروەک براکان وتیان: ﴿ليوسف و أخوه أحب الى أبينا ونحن عصبة ان أبانا لفى ضلال مبين﴾ یوسف: ٨) واتە: (یوسف و براکەی _ بنیامین کە لە دایکێک بوون _ لەلای باوکمان لە ئێمە خۆشەویسترن لە حاڵێکدا کە ئێمە گروپێکی بەهێزین _ و لەو دوو برایە بۆ باوکمان بەسودترین _ بە دڵنیایەوە باوکمان لە گومڕایی و هەڵەیەکی ئاشکرادایە). ئەوان سەبارەت بە جێگاو پایەیەک کە یوسف و براکەی بنیامین هەیان بوو لەلای باوکیان، بەخیلیان دەبرد. لەبەر ئەمە یعقوب (سەلامی خوای لەسەر) بە یوسفی فەرموو: ﴿لاتقصص رؤياك على اخوتك فيكيدوا لك كيدا ان شيطان للانسان عدو مبين﴾ (یوسف: ٥) واتە: (خەوی خۆت بۆ براکانت مەگێڕەوە _ چونکە دەبێتە هۆی بەخیلیان و شەیتان ئەمانە دەخاتە سەر ئەوەی کە _ بۆ تۆ فێڵ و تەڵەکە بازی دەکەن. بێگومان شەیتان دوژمنی ئاشکرای مرۆڤە).

لەبەر ئەوەی ئەوان بە قسەکردن لەسەر کوشتنی یوسف و خستنە ناو چاڵەوە و فرۆشتنی بەناوی کۆیلە بە کەسانێک کە بەسەر زەمینی کوفر دەڕۆیشتن و بوونە هۆی ئەوەی کە یوسف کۆیلەی کوفر بێت و لە حەقی یوسفدا ستەمیان بەڕەوا دانا و ستەمیان لێ کرد. و لەوێدا یوسف بەهۆی ژنێکەوە کە دەی ویست زینای لەگەڵدا بکات کەوتە ژێر تاقیکردنەوەوە و ئەو بۆ نجات

بوونی پەنای بۆ خوا برد و زیندانی لەسەر ئازادی و سزای قیامەت هەڵبژارد. تێبینی دەکەین کە یوسف لەم ڕووداوەشدا بە هۆی ئەو ژنە ستەمکارەوە ستەمی لێکرا. بڕا بەخیل و چاوپیسەکانیشی بەهۆی بەخیلیەک کە لە دڵیاندا بوو بەرامبەر بە یوسف بە هۆی ئەوەی کە خستیانە ناو چاڵ. پاشان بەناوی کۆیلەیەکی ئەسیرو بێ ئاگا فرۆشتیان و یوسف کە لەو پەڕی مەردایەتی و ئازایەتیدا بوو سەرەنجام ئەویان خستە زیندانەوە. و ئەمە قورستترین تاقیکردنەوە بوو. یوسف لەسەر گەورەترین و قورستترین ئازار و موسیبەتەکان ئارامی گرت، بە هەڵبژاردنێکی تەواو ڕێگای ئارام گرتنی هەڵبژارد و بە تەواویەک کە هەیبوو لەسەر هەموو شتێک ئارامی دەگرت. پێچەوانەی ئارام گرتنی وستانە لەبەرامبەر ئەو ستەمانەی کە بۆ ئەو بە ڕەوایان دەزانی. لەبەر ئەوە لەوێدا هیچ هەڵبژاردنێکی نەبوو و بە تەواوی ناچار بوو. دەبێ بزانرێت کە ئارام گرتن لە ئەنجامی تاوان لە ئارام گرتن لەسەر بەڵاو موسیبەت گەورەترە. هەروەک خوا دەفەرموێت: ﴿انه من یتق و یصبر فان الله لایضیع أجر المحسنین﴾ (یوسف: ٩٠) واتە: (بێگومان هەر کەسێک لە خوا بترسێت _ و لەبەرامبەر بەڵاو موسیبەت و ڕووداوەکان _ خۆڕاگری بگرێت _ خوا پاداشتی ئەو دەداتەوە _ چونکە خوا چاکەی چاکەکاران بەزایەنابات).

مرۆڤی باوەڕدار دەبێ بەم شێوەیە لەسەر باوەڕەکەی ئارامی هەبێت یەعنی ئەگەر داوایان لێ کرد کە لە ئایینەکەی دەست هەڵگرێ و بێتە کافر ئەگینا دەیخەنە زیندانەوە و یان لەسەر زەوییەکەی دەری دەکەن (شار بەدەری دەکەن) دەبێ لەسەر باوەڕەکەی بمێنێتەوە و ڕێگای دووەم هەڵبژێرێت واتە ڕێگای تەحەمول و ئارام گرتن هەڵبژێرێت و بیگرێتە بەر. و کۆچکردن قەبوول بکات، هەروەک ئەم بابەتە بۆ کۆچکەران سەرەتایی ئیسلامیش هاتە پێش و ئەوان جێهێشتنی نیشتیمانیان لە وازهێنان لە ئایینەکەیان هەڵبژارد و بەردەوام ئازار و ئەزیەت دەدران.

پێغەمبەری گەورەی ئیسلام (ﷺ) بە شێوە جیاوازەکان کەوتە بەر ئازار و ئەشکەنجەوە وەڵێ وەستان و ئارام گرتنی گرتەبەر تەنانەت ئەو پێغەمبەرە (ﷺ) زیاتر لە یوسف (سەلامی خوای لەسەر) ئازار و ئەشکەنجە درا. چونکە داوایان لە یوسف (سەلامی خوای لەسەر) کرد یان زینا بکات یان بڕواتە زیندان وەڵێ لە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) و هاوەڵە بەڕێزەکانی (ڕەحمەتی خوایان لەسەر) داواکرا کە لە ئایینەکەیان دەست هەڵگرن ئەگینا دەکوژرێن. تەبعەن زیندانی بوون لە کوشتن ئاسانترە. هەڵبەت دەبێ بزانرێت کە موشریکان، پێغەمبەری خوا (ﷺ) و هۆزی بەنی هاشمیان بۆ ماوەیەکی زۆر لە شیوی ئەبی تالب زیندانی و

گەمارۆی ئابووری دران و لە دوای مردنی ئەبی تالب بازنەی ئەشکەنجەیان لەسەر پێغەمبەر (ﷺ) زیاتر کرد. و کاتێک کە لە پەیمانی پشتیوانان لەگەل پێغەمبەری (ﷺ) لە عەقەبەی یەکەم و دووەم ئاگادار بوون کەوتنە خۆیان بۆ ئەوەی لە کۆچ کردنی موسڵمانان بۆ مەدینەی پێش گیری بکەن.

تەنانەت بڕیاریاندا کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) بکوژن. لێرەدا بوو کە هەر کە دەی ویست کۆچ بکات بە شێوەی شاراوە کۆچیان دەکرد. تەنها عومەری کوڕی خەتاب (ڕەحمەتی خوای لەسەر) و کەسانێکی وەکو ئەو بەو پەڕی ئازایەتی و قارەمانیەتیەوە لەبەر چاوی هەموو موشریکان کۆچیان کرد. بە کورتی ئەوانەی کە توانیان، کۆچیان کرد و ئەوانیتر کە توانی ئەم کارەیان نەبوو لە مەککەدا مانەوە و بەرەو زیندان ڕاپێچ کران.

بەڵێ کێشە و گرفت و موسیبەتێک کە بەڕەوا دەزانرا بۆ باوەڕداران بە هۆی گوێ ڕایەڵی لە خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) بوو. یەعنی ئەوان بە زەوقی خۆیان ئیسلامیان هەڵبژارد و بە هۆی ئیمانەکەیانەوە بوو کەوتنە بەر ئەشکەنجە و ئازار. وەڵێ موسیبەتی زیندانی بوونی یوسف بەڵایەکی ئاسمانی بوو کە یوسف هیچ چارەیەکی جگە لەوەی نەبوو. هەروەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ولقد همت به وهم بها لولا أن رأى برهان ربه﴾ (یوسف: ٢٤) واتە: (ژنەکە _ زلێخا _ قەسدی تێکەڵاوی لەگەڵ یوسف کرد و

یوسفیش قەسدی تێکەڵاوی لەگەڵ زڵێخادا کردبوو ئەگەر بەڵگەی خوای نەدیبا).

کەواتە یوسف یش هەمان مەبەست و قەسدی زڵێخای کرد بەڵام چونکە بەڵگە و دەلیلی خوای بینی، دەستی هەڵگرت. کەواتە بەم شێوەیە ئارام گرتنی یوسف لە بەرامبەر موسیبەت و چ ئارام گرتنی لە بەرامبەر ستەمێك کە لەلایەن براکانیەوە لێی کرا تا ڕێژەیەکی زۆر ناچاری بوو و ڕووداوێك بوو کە بۆی هاتەپێشەوە. هەروەها خۆش ویستنی لای باوکی بە هەڵبژاردنی یوسف نەبوو کە دواتر بە هۆی ئەوەوە ئەم هەموو موسیبەتە هاتە پێشەوە بۆی.

کەواتە هەڵبژاردنی ڕەنج و بەڵا و موسیبەت لە ڕێگەی ئیسلام و بیروباوەڕ و ڕکەبەری لەگەڵ شیرکرا، نیشانەی ئەوجی ئیمان و لوتکەی بەندایەتیە.

کاتێك خوا بە کەسێك کە لە بەرامبەر نەخۆشی و لە دەستدانی ئازیزانی یان بە هۆی لە دەستدانی مانڵ و سامانی ئارام دەگرێت، پاداشتی ئەداتەوە. کەواتە پاداشتی کەسێك کە لە ڕێی ئیمان و بیروباوەڕی، ڕەنج و ئێش و ئازارەکان هەڵبژاردنی خۆی بە گیان و مانڵ بکڕێت، چەندە و بە چ شێوەیەك دەبێت؟!

خوا دەفەرموێت: ﴿ذلك بأنهم لايصبهم ظلما و لانصب ولا مخمصة فة سبيل الله ولا يطئون موطئا يغيظ الكفار ولا ينالون من عدوّ نيلاً إلا كتب لهم به عملٌ صالحٌ إنّ الله لا يضيع أجر المحسنين﴾ (التوبه: ١٢٠)

واتە: (هەروا کە هیچ ماندووی و تینووی و برسیەتێک نابینن لە ڕێی خوا و هەنگاوێک نانێن بۆ پێشەوە کە ببێتە هۆی تووڕەیی موشریکان و دەست نادەن لە دوژمنان _ ولێدان و کوشت و بڕ دوژمنان ئەنجام نادەن و هیچ بەندییک و غەنیمەتێک لەوان ناگرن _ مەگەر بە هۆی ئەم کردارانەوە ئیشێکی چاک بۆ ئەوان دەنوسرێت و بێگومان خوا پاداشتی چاکەکاران وون ناکات). بەخیلی یەکێکە لە نەخۆشیە گرنگەکانی دڵ. نە خۆشیەکی گشتگیر و گوێزراوە کە تەنها ژمارەیەکی کەم لە خەڵکی تووشی بوون بڵاوە کە دەڵێن: هیچ کەسێک لە بەخیلی بردن نیە لەگەڵ ئەم جیاوازیە کە کەسێکی خۆبەزل زان ئەوە ئاشکرا دەکات و کەسێکی بەڕێز و بە حورمەت ئەو دەشارێتەوە. بەحەسەنی بەسری (ڕەحمەتی خوای لەسەر) ووتیان: ئایا باوەڕدار بەخیلی دەبات؟ ووتی: مەگەر داستانی یوسف (سەلامی خوای لەسەر) و براکانی لەبیرتان کردووە؟ بەخیلی لە دڵی مرۆڤ چەکەرە دەکات تا کاتێک کە بە قۆناغی بەخیلی بردن و عەمەل پێکردنی نەگەیشتبێت ئەوا بە تاوانێک ناژمێردرێت. کەسێک کە لە دڵیدا بەرامبەر بە کەسێکیتر بەخیلی بیات دەبێ بە بەکارهێنانی ئارام گرتن و تەقوا، کاریگەری ئەو لەناو دڵدا لابیات و بۆ خۆیشی بە ناپەسەندی بزانێت.

لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا لەسەر موسڵمانانە کە ڕەگەکانی بەخیلی و بوغز وشک بکەن. و لەگەڵ کەسێکدا کە بەخیلی دەبات

هاوکاری نەکەن. بەڵکو لایەنی کەسێك بگرێت کە بەخیلی پێبراوە. چونکە ئەو بووەتە ستەم لێکراو و دەبێ لەگەڵی هەستی هاو دەردی بنوێنرێت. ئەگەر بەم شێوەیەمان نەکرد حەقی برایانەی ئیسلامیمان ڕەچاو نەکردووە. نابێت لە بیرمان بچێت کە بەخیلی لە نێوان ژناندا لە پیاوان زیاترە. بەتایبەت لە نێوان ژنانێك کە لە ژیانی هاوسەریدا لەگەڵ یەك شەریکن. چونکە هەریەك لەوان دەیەوێت هەرچەند سەرنجی هاوسەرەکەی بۆ خۆی ڕابکێشێت. هەروەها نێوان ئەو کەسانەی کە هاوبەشیان هەیە. بۆیە لە پۆست و پلە و سامان و وڵات بەخیلی ڕوو دەدات. لەبەر ئەوە هەریەك لەوانە دەبێتە خاوەن بەشێکی زۆر تا لەبەشی ئەوانیتر کەم بکرێتەوە. هەروەها بە کەسانێك کە بوونەتە جێگای ڕێز و ئیحترامی خەڵکی بەخیلی دەبرێت. وەکو بەخیلی براکانی یوسف (سەلامی خوای لەسەر) سەبارەت بە خۆی. و بەخیلی قابیل بەرامبەر هابیلی برای. چونکە خوا قوربانیەکەی هابیلی وەرگرت وەڵ قوربانیەکەی قابیلی وەرنەگرت و قابیل بە هۆی ئیمان و تەقوایەك کە خوا یە هابیلی بەخشیوە بەخیلی پێدەبرد. و هەروەها بەخیلی جولەکە بەرامبەر موسڵمانان هەر لەم بابەتانەیە.

ئاشکرایە کە یەکەمین نافەرمانیەکانی خوا لە سێ شتەوە دەستی پێکرد کە بریتین لە: خۆبەزل زانین (تەکەبور) و هەروەك حەزرەتی ئادەم (سەلامی خوای لەسەر) و خۆ بەزل زانینی شەیتان

و بەخیلی قابیل، بووە هۆی ئەوەی کە ئەوان لە فەرمانی خوا سەرپێچی بکەن.

لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە: ((ثلاث لاینجو منهن احد: الحسد، الظن و الطیرة و ساحدثکم بما یخرج من ذلك اذا حسدت فلا تبغضن واذا ظننت فلا تحقق واذا تطیرت فامض))[٥] واتە: ((هیچ کەسێك لە سێ شت نەجاتی نابێت _ و بەلایەنی کەمەوە یەکێك لەو سێ شتە لە وجوودی ئینساندا بوونی هەیە _ کە بریتین لە: بەخیلی، گومانی خراپ، فاڵ گرتنەوەی خراپ. ئێستا ڕێگاکانی دژایەتی و ڕەکەبەری ئەوانەتان پێ دەڵێن: ئەگەر بەخیلیتان برد، دوژمنی مەکەن. ئەگەر بەشتێك گومانی خراپتان برد ئەوا مەیکەنە پراکتیکیەوە _ ئەگەر لەبارەی کارێك فاڵێکی خراپت گرتەوە ئەوا بەئەنجامی مەگەیەنن). ئیبن ئەبی دونیا ئەم فەرموودەیەی لە ئەبو هریرە (رحمەتی خوایان لەسەر) گێڕاوەتەوە. لە کتێبی سونەنی (ابن ماجە، ترمەزی نەسائی و ئەبوداود) لە پێغەمبەر (ﷺ) گێردراوەتەوە کە فەرموویەتی: ((دب الیکم داء الامم قبلکم الحسد و البغض وهی الحالقة لا أقول تحلق الشعر ولکن تحلق الدین)). واتە: ((نەخۆشیەکانی ئومەتەکانی پێشوو لەناو ئێوەشدا سەری هەڵداوە کە بریتین لە: بەخیلی و بوغز. ئەمانە تاشێنەر و لە ناو بەرن. نالێن

٥ هەیسەم لە_ مجمع الزوائد دا دەڵێت: تەبرانی ئەوەی گێڕاوەتەوە و لە سەنەدی ئەودا ئیسماعیل بن قیص انصاری هەیە کە کەسێکی لاوازە (بلاوکردنەوە)

کە مووەکان دەتاشێت بەڵکو ئەمانە دینی مرۆڤ دەتاشن و لەناوی دەبن)).

پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) بەخیلی و بوغزی بە نەخۆشی ناو بردووە هەر بەو شێوەیە کە بەخیلی بە نەخۆشی ناوبردووە فەرموویەتی: ((وأی داء اکبر من البخل)) واتە: ((و چ نەخۆشی یەک لە بەخیلی گەورەترە)). کەواتە دەبێ ئەمانە بە دەرد و نەخۆشی بزانرێت. لە فەرمودەیەکی تردا پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((أعوذبك من منكرات الاخلاق و الاهواء و الادواء))[٦] واتە: ((ئەی پەروەردگار! لە ئەخلاق و ئارەزووەکان و نەخۆشیە پیسەکان پەنات پێ دەگرم)). خوا لە بارەی پێغەمبەرەوە دەفەموێت: ﴿وانك لعلى خلقٍ عظيم﴾ (القلم: ٤) واتە: (ئەی پێغەمبەر (ﷺ)! تۆ گەورە و بەڕێزی و خاوەنی ئەخلاقی بەرز و جوانیت). کوڕی عەباس (ڕەحمەتی خوای لەسەر) و ئیبن عینە[٧] و ئەحمەد بن حنبل دەفەرموون کە ((خلقٍ عظیم)) بە مانایی ئایینی گەورە و بەرز دێت. لە گێڕانەوەیەکیتر لە ئیبن عباس (ڕەحمەتی خوای لەسەر) هاتووە کە ((خلقٍ عظیم)) بە مانای ئایینی پیرۆزی ئیسلام دێت. عایشە

٦- گێڕانەوەی ترمزی (٢٥٠) و ئەحمەد (١٦٧/١-١٦٧) و طیالس (١٩٣) و بیهقی لە سنن دا (٢٣٢/١٠) و شعب الایمان (٨٧٤٧).

٧ ئەو، سفیان بن عیینە بن ابی عمران میمون الهلالی ابو محمد کوفی یەک چاوی بوو ئیمامی شافیعی (ڕەحمەتی خوای لەسەر)، ابنی معین، ابن راهویە و فلاس فەرموودەی زۆریان لە وەرگرتووە. و لە ساڵی ١٩٨ هـ.ق کۆچی دوایی کرد.

(ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەفەرموویت: ((ئەخلاقی پێغەمبەری خوا (ﷺ) قورئان بوو. حسن بصری[٨] (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەڵێت: ((ئەخلاق و ئادابی قورئانی، هەر ئەو ئەخلاقە بەرزەیە)). دەڵێت: ((خلقٍ عظیم هەر ئەو ئەخلاق و ئادابی قورئانییە)).

هەوەس شتێکی عارفانەیە بەڵام نەخۆشی شتێکیترە کە دڵ دەخاتە ئێش و ئازارەوە و دەبێتە هۆی بێ کەڵکی دڵ. لە فەرموودەی پێشوودا، بەخیلی لە پاڵ بوغزدا ناوبراوە. چونکە کەسی بەخیل حەز ناکات کە بەرەکەتی خوای جگە لە خۆی بەر کەسێکیتریش بکەوێت و وورده وورده بەخیلیشی بەڕەق و قین و بوغز دەگۆڕێت. ئەو حەز دەکات کە نیعمەتی ئیلاهی لە کەس بەخ لێکراو بە فێڕۆ بچێت بەڵام تا خوا نەیەوێت ئەوا هیچ ڕوودارێك ڕوونادات. لەبەر ئەمەیە کە بەخیل کە دەست دەکات بە کار کردن تا بەو کەسە بەخ لێکراوە زەرە و زیان بگەیەنێت. بەم شێوەیە کە قورئان لەبارەی ئوممەتەکانی پێشووەوە دەفەرموویت: ﴿من بعد ما جاءهم العلم بغيا بينهم﴾ (الجاثية: ١٧) واتە: (دوای ئەوەی کە زانست و شارەزا بوون لە حەقیقەتی دین و ئەحکامەکانی لەم کاتەدا بەهۆی خۆ بە زل زانی و دژایەتی و بەخیلی یەوە، لەگەڵ یەکتردا جیا بوونەوە و جیاوازی کەوتە نێوانیانەوە. جیاوازیان

٨ حسن بن ابی الحسن یسار بصری، ابو سعید بن ثابتی نازاد کرد. شێخ خەڵکی بصرە بوو. و لە سانی ١١٠ ھ.ق دا ٦٩ ماڵئاوایی لە دنیا کرد.

لەسەر ڕێگری و نەبوونی زانست و نەزانیانەوە نەبوو بەڵکو ئەوان حەقیان دەناسی، بەڵام هەندێك لەوانە بە هۆی بەخیلیەوە بە خەڵکیتر تێپەڕین و لە سنوور دەرچوون). انس بن مالك (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەڵێت کە پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) فەرمووی: ((لاتحاسدوا ولاتباغظوا ولا تدابروا ولاتقاطعوا وكونوا عباد‌الله اخوانا. ولا يحل لمسلم ان – يهجره اخاه فوق ثلاث ليال، يلتقيان فيهد هذا ويصد هذا و خيرهما الذى يبدا بالسلام))[٩] واتە سەبارەت بە یەکتری بەخیلی مەبەن و بوغتان نەبێت و لەگەڵ یەکدا دوژمنایەتی مەکەن و پشت هەل مەکەن لەیەکتر، و بەندەیی ڕاستی خوابن و لەگەڵ یەکدا وەکو برا ژیان برنە سەر. بۆ کەسی موسڵمان دروست نی یە کە زیاد لە سێ ڕۆژ لەگەڵ برا موسڵمانەکەیدا قسان نەکات و پەیوەندی بپچڕێنێت. بە شێوەیەك کاتێك بەڕەوڕووی یەکتر بوونەوە هەر یەکێك بەلایەکدا ڕووبکات شوێنێکی تر و دەموچاو بدات بە یەکدا. و چاکترینی ئەو دوو کەسە. ئەوەیانە کە سەرەتا سەلام دەکات.

لە فەرموودەیەکی تری انس بن مالك (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەڵێت: پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت: ((والذى نفسى بيده لايومن احدكم حتى يحب لاخيه ما يحب نفسيه)). واتە سوێند بەو زاتەی کە گیانی منی بە دەستە، هیچ یەکێك لە ئێوە بە باوەڕدار ناژمێردرێت تا ئەو کاتەی کە ئەو شتەی بۆ خۆی خۆش دەوێ بۆ

٩- ئیمامی بوخاری (٥١٤٣، ٦٠٦٤) و ئیمامی موسلیم (٢٥٦٣).

براکەیشی خۆش نەوێت. هەروەها خوا لە بارەوە دەفەرموێت: ﴿وان منك لمن يبطئن فان اصابتكم مصيبة قال قد أنعم الله على اذلم اكن معهم شهيدا * ولئن أصابكم فضل من الله ليقولن كأن لم تكن بينكم و بينه مودة ياليتنى كنت معهم فأفوز فوزا عظيما﴾ (النساء:٧٢-٧٣) واتە: (لەنێوان ئێوەدا کۆمەڵێك هەن کە _ دوو ڕوون و خۆیان بە یەکێك لە ئێوە دەزانن و ناچن بۆ جیهاد و، تەمەڵی دەکەن و خەڵکانی تریش تەمەڵ دەکەن و لە شەڕیان دوور دەخەنەوە. کەواتە ئەگەر بەڵاو موسیبەتێك ڕووی تێکردن دەڵێن: بە ڕاستی خوا ڕەحمی پێمان کرد کە لەوان نەبووین و _ لەشەڕدا _ بەشداریمان نەکرد. و ئەگەر ڕەحمەت و بەرەکەتی خوا ڕووی تێنەکردن _ و سەرکەوتن و غنیمەتتان دەست کەوت _ ڕاست وەکو ئەوەی کە هەرگیز نێوان ئێوە و ئەوان چ خۆشەویستی و هاوڕێیەتێك نەبووە، دەڵێن: خۆزگە ئێمەش لەگەڵ ئەواندا بووینایە. و _ لەم سەرکەوتن و بەدەست کەوتنی غنیمەت _ شتێکمان پێبڕایە).

ئەمە دواکەوتووەکان و پشت لێ هەڵکەرەکانی جیهادن لە ڕێی خوادا، ئەوەی کە بۆ خۆیان خۆشیان دەویست بۆ برا موسڵمانەکانیان نەدەویست بەڵکو ئەگەر باوەڕداران بەڵاو موسیبەتێکان تووشی بوایە ئەوان حەزیان دەکرد و پێکەنیان دەهات و ئەگەر نیعمەت و بەرەکەتێك بە باوەڕداران گەشتبا ئەوا ئەوان ناڕەحەت و دڵ تەنگ دەبوون و حەزیان دەکرد کە ئەو

نیعمەتەش بەوان بگەشتایە. چونکە دوو پووەکان تەنها ئارەزووی نیعمەتەکانی دنیایان دەکرد و نوقمی دنیا پەرستن و شتی پووکەشی ئەو بوو. لەبەر ئەوەی ئەوان خوا و پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و پۆژی قیامەتیان خۆش نەویست و ئیمانیان پێیان نەبوو. ئەگەر ئەوان بە خوا و پێغەمبەر (ﷺ) و پۆژی دوایی ئیمانیان هەبوایە، ئەوا برا باوەڕدارەکانی خۆیان خۆش دەویست و لەو نیعمەتانەی کە بەوان دەگات خۆشیان دەهات و لەو بەلاّ و موسیبەتەی کە بە باوەڕداران دەگەشت ناڕەحەت و دلّ تەنگ دەبوون. هەر کەسێکیان دلّ خۆش نکردایە بەوەی کە باوەڕداران دلّ خۆش دەکات و ناڕەحەت و دلّ تەنگ نکردایە بەوەی کە باوەڕدارن ناڕاحەت و دلّ تەنگ دەکات. لە پیزی باوەڕداران ناژمێردرێت. عامر شعبی (ڕەحمەتی خوای لەسەر) دەڵێت: بیستم کەنعان بن بشیر (خوای لێ ڕازی بێت) لە کاتی ووتاردانداا دەی ووت: ((سمعت رسول الله (ﷺ) یقول : مثل المؤمنین فی توادهم و ترادهم و تراحمهم و تعاطفهم کمثل الجسد الواحد اذا اشتکی منه شیء تداعی له سائر الجسد بالحمی و السهر))[10] واتە: ((بیستم کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەی فەرموو: باوەڕداران لە خۆش ویستن، بەزەیی، دڵسۆزی و مهرەبانی بەرامبەر بە یەکتری وەکو یەک لاشە وان کە ئەندامێکی ئێش بکات ئەوا ئەندامەکانی

١٠ - بوخاری (٢٤٤٦) و موسلیم (٤٥٨٥).

تـری لاشـە یـەکتر بـۆ چـاودێری و پەرسـتاری و خزمـەتکردنی ئـەو ئەندامە هان دەدەن)).

هـەروەها ابـو موسـی اشـعری (خـوای لێ ڕازی بێـت) دەڵێـت: پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بـە کردنـە نـاو یـەکێ پەنـجەکانی دەسـتی فەرمووی: ((المؤمن للؤمن کالبنیان یشد بعض))[11] واتە: ((باوەڕدار بۆ بـرا باوەڕدارەکـەی وەکـو پەیکـەری بینایـە کـە هەندیکـەتری بـەهێز ڕاگرتووە)).

١١ - بوخاری (٢٣١٤) و موسلیم (٢٥٨٥).

خۆبەزل زان و بەخیل

خۆبەزل زان و بەخیل لە نەخۆشیەکانی دڵ بوون و بەخیلی حسادەت لەهەر دووکیان خراپترە. لە فەرموودەیەکی سەحیحدا ابو دادود ڕیوایەنی کردووە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((الحسد یأکل الحسنات کما تأکل النار الحطب و الصدقة تطفئی الخینة کما تطفئی المال النار))[١٢] واتە: ((بەخیلی چاکی یەکان لەناو دەبات، هەروەکو ئاگر چۆن دار دەسوتێنێ. و خێر و خێرات، تاوان و گوناهەکان پاک دەکاتەوە هەروەکو ئاو چۆن ئاگر دەکوژێنێتەوە)).

کەسی بەخیل و خۆبەزل زان نیعمەتەکانیش لە خۆی پەشیمان دەکات و لەو نیعمەتانەی کی خوا دەی بەخشێتە بە خەلچکانی تر دڵ تەنگ دەبێت خوا دەفەرموێت: ((**ومن یوق شح نفسه فأولئك هم المفلحون**)) (الحشر: ٩) واتە: (و کەسانێك کە نەفسی خۆیان لە بەخیلی و بوغز بپارێزن و پارێزراوبن ڕزگار دەبن).

پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەفەرموێت: ((أیکم والشح فانه اهلك من منه کان قبلکم امرهم بالبخل فبخلوا و امرهم بالظلم فظلموا و امرهم

١٢ - ابن ماجه (٤٢١٠) له انس بن مالك، و ابو داود (٥٧٤/٢)

بـــالقطعوا))[١٣] واتـه: ((لـه خۆبـەزل زان بـه ڕاسـتی دوور بکەونـەوه. چونکه کەسانێك که له پێش ئێوەوه بوون له ناوی بردن. ئەوانی بە بەخیلی و ستەم و بەجێ نەهێنانی سیلەی ڕەحمی قوم و خزمان ناچار کرد و ئەوانیش بەخیلی یان برد، ستەمیان بە ڕەوا دەزانی و سیلەی ڕەحمیان پچڕاند)).

هاوەڵی بەڕێز عبدالرحمن بن عوف (خوای لێ ڕازی بێت) لە کاتی تەوافی ماڵی خوا ئەم دوعایەی دوبارە دەکردەوە: ((اللهم قنـی شـح نفسی)) واتـه: ((ئەی پـەروەردگار لـه بـەخیلی و خۆبـەزل زان نەفسم نجـاتم بـده)). پیاوێـك پرسـی: بۆچـی ئـەم دوعایـه زۆر دوبـارە دەکەیتەوە؟ ووتی: ئەگـەر خۆبـەزل زان و بـەخیلی لـه مرۆڤدا ڕەگـی داکوتی ئەوا تووشی ستەم و سەرپێچی و بەجێنەهێنانی سیلەی ڕەحمی دەکات.

کەواتـه بـەخیلی و ئێـرەی دوو جـۆر نەخۆشین. کـه دەبنـه هـۆی ئـەوەی تـا نـەفس سـەبارەت بـەو شتانەی کـه بـۆ ئـەو زیـان بـەخشن بۆغزو ڕەق و قینی هەبێت. و ئەوشتانەی کە بۆ ئـەو زیـان بـەخشن، خۆش بوێت. هەر لەبەر ئەمە کە بەخیلی عادەتەن لەگەڵ غزبدایە.

١٣ - گێڕانەوەی ابو داود (١٦٩٨) ٧٣ و احمد (١٥٩/٢) هریرە.

عەشق

شەهوەت و عەشق دوو جۆری تری نەخۆشیە کە دەبنە هۆی ئەوەی تا نەفس هەر شتێك کە زیانی بۆی هەبێت، خۆش بوێت. و هەر شتێك کە سوودی بۆی هەبێت بە ناپەسەندی بزانێنت. عەشق نەخۆشی یەکی دەروونی یە هەر کات چالاك بوو دەبێتە هۆی نەخۆشی یەکی لاشەش (سایکۆسۆماتی) و چ جای ئەوەی کە مرۆڤ تووشی جۆرێك لە وەسوەسە و نەخۆشی مێشك بێت و یان ئەوەی کە مرۆڤ تووشی لاوازی لاشە و بێهێزی ببێت. مەبەستی سەرەکی لەباس پەراوێزی نەخۆشی دڵ ئەمەیە کە دڵی مرۆڤ بە هۆی ئەم نەخۆشی یەوە تووشی گۆڕانی فیترەت دەبێت و لە دیاری کردنی چاك و خراپ تووشی هەڵە دەبێت. چاك و خراپ بە چاك، زیان بە سوود و سوود بە زیان دەزانێت. و هەروەك کەسێك لێ دێ کە لە ڕووی لاشەیی یەوە نەخۆشە و هەرشتێك کە بۆ لاشەی زیانی هەبێت خۆشی بوێت. بە شێوەیەك کە ئەگەر شتێك بەو بوترێت ئەوا دڵ تەنگ دەبێت و ئەگەر پێ بدرێت ئەوا دیسانەوە نەخۆشی یەکەی زیاد دەکات وەکو کەسێك کە عاشقە. بینین، دەستی لێ

دانـی مەعـشوقەکەی و بیـستنی دەنگـی ئـەو دەبێتـە هـۆی ڕەنـج و ئێش و ئازاری و ئـەو لـە خشتە دەبات. تەنانـەت بـە وێنـا کردنـی مەعـشوقەکەی شـەهوەتی دەجوڵێنێـت و سـوکنایی بـە نەخۆشـی یەکەی دێنێت. و لـە فەرموودەیەکدا هـاتووە کـە دەفەرموێت: ((ان اللّه یحمـی عبـده المـؤمن الـدنیا کمـا یحمـی احـدکم مریـضه الطعـام و الـشراب))١٤ واتـە: ((خـوا بەنـدەی بـاوەڕداری لـە دنیـا پەرسـتی دەپارێزێـت، بـەو شـێوەیە کـە ئێـوە نەخۆشـەکەی خۆتـان لـە ئـاو و خۆراك دەپارێزن)).

لـە موناجاتی موسـا (سـەلامی خـوای لەسـەر) کـە ئیمـام ئەحمـەد ئەوی لە کتێبـی _ الزهـد _ کـە لـە وهـب بـن جریـر[١٥] گێڕاوەتـەوە کـە دەڵێت: (خوا دەفەرموێت من بەندەکانی خۆم لە دنیـا پەرستی و بـیر کردنـی ئـەو دەپـارێزم بـەو شـێوەیە کـە شـوانێکی دڵـسۆز، وشـترەکانی لـە لـەوەڕگا ماندوکـەرەکان دەپارێزێـت. هـەروەها بەنـدەکانم لـە ئارام گرتن لـە دنیـا و عەشـق و خواردنـەوەی دنیـایی دوور دەکەونـەوە بـەو شـێوە کـە شـوانی دڵـسۆز، وشـترەکانی لـە لەوەڕگایـەکی سـەوز و دڵخواز دوور دەکاتـەوە. و ئەمـە لەبـەر ئـەوە نیە کە ئەوان لای من نرخ و بایەخێکیان نیە، بەڵکو لەبەر ئەوەیە کە بەندەکانم بەشی خۆیـان لـە گـەورەیی و بەخشندەیم بـە شـێوەیەکی

١٤- روایت احمد (٤٢٨/٥).

١٥- ئەو وهب بن جریر بن حازم ازدی ابو العباسی بصریه. لە باوکی وشعبه و حماد بن زید فەرموودەی گێڕاوەتەوە. و لە سـاڵی ٢٠٧ هـ.ق ماڵئاوایی کرد.

تەواو وەربگرن، و بێ ئەوەی کە دنیا و داواکاری نەفس و هەواو ئارەزوو ئەوان ناتەواو بکات.

دەبێ بزانرێت کە شیفای نەخۆش لە پزگار بوون لەو سووکە نەخۆشیە دەبێت. بەڵکو بە دەرکردن دەرەوەی ئەم عەشقە خراپە نەخۆش یەکە شیفای بۆ دێت. لە بارەی هۆکارەکانی عەشق، دوو ڕا هەیە: تاقمێك دەڵێن: سەرچاوەی عەشق، ئیرادەیە و نی یەتە و ئەمە قسەیەکی بڵاوە، تاقمێکی تر دەڵێن: سەرچاوەی عەشق، بیرکردنەوە و خیاڵ کردنە بە شێوەیەك کە مەعشوق لە مێشکی عاشقدا جێگەی ئەو شتە باشانە بگرێتەوە کە هەن. ئەم تاقمە دەڵێن: نابێت خوا عاشق یان مەعشوق وەسف بکرێت چونکە خوا لە خیاڵ کردن پاکە. بەڵام هەندێك لە تاقمی یەکەم خوا بە عاشق بوون وەسف دەکەن چونکە عەشق بە مانایی خۆشەویستی تەواو دەزانن، و خوا حەزدەکات. هەروەك لە گێڕانەوەیەك لە عەبدول واحد بن زید[16]دا هاتووە کە خوا دەفەرموێت: ﴿لایزال عبدی یتقرب الی بعةشقنی واعةشقه﴾17 واتە: (پێویستە بەندە بەردەو من

16- عبدالواحد بن زید عبدی ناوە. ئەو لە ساڵی ١٧٠ هـ.ق کۆچی دوایی کرد.

17- ابو نعیم در حلیة الانبیاء (١٦٥/٦) ئەوەی گێڕاوەتەوە لە کۆتایدا دەڵێت: ئەم فەرموودەیە عبدالواحد لە حسن بصری بە شێوەی _ مرسل گێڕاوەتەوە. و ئەم فەرموودەیە بە یەکێك لە مرسلەکانی مقبولی حسن ناژمێدرێت چونکە لە سندی ئەودا، محمد بن فچل و عبدالواحد بن زید وجودیان هەیە و هەر دووکیان لاوازن (ضعیف) جێگەی باسە کە یحی بن معین محمد بن فضلی لە جێگەیەکدا بە درۆزن لە قەڵەم دەدات و لە جێگەیەکیتردا دەڵێت کە هیچ نیە. الکبیر (١٢٠/٤) و ئیمامی بخاری لە بارەی عبد الواحد بن زیدوە دەڵێت: فەرموودە ئەویان تەرك کردووە و یحی بن

نزیك ببنەوە. عەشقی لەگەڵ منداهەبێت و منیش عەشقم لەگەڵ ئەودا دەبێت). ئەمە قسەی هەندێك لە سوفی یەکانە کە بە بڕوای زانایان (جمهور العلماء) ئەوە لەبەرامبەر زاتی پیرۆزی خوادا قەبوڵ ناکەن و ئەم جۆرە قسانە بە شایستەی خوا نازانن. چونکە عەشق ئاشکرا و خۆشەویستی کەسانێك کە زیاد لەم دوو ئەندازەیەتی. و ئەم خۆشەویستی یە ماوە و کاتێکی دیاری کراوی هەیە. هەر لەبەر ئەمە دەڵێن بەکار هێنانی ووشەی عەشق لەبەرە خواوە بە تەواوی ناشایستە و ناڕەوایە. دەڕبڕینی عەشق زۆر زیاتر لە سوودی عبادەتەوە بە خۆشەویستی مرۆیی بۆ ژن یان منداڵەکەی ڕەوایە و خۆشەویستی بە خێزان و پۆست و پلەوپایە و پێغەمبەران و پیاو چاکان و ئەمانە ناگرێتەوە. هەروەها ووشەی عەشق گارانتی ئەنجام دان هەندێ لە کاری حەرام و دژی پاکی یە. لەواندا دەست لێ دان و سەیرکردنی ژنی نامەحەرەم و کوڕی گەنج و جوان...! تەنانەت خۆشەویستی کەسانێك سەبارەت بە ژن و خزمەتکاری خۆی، بە ڕادەیەك کە ببێتە هۆی بەڕەوا زانینی ستەم بە ژنێکی تر ویان تووشی کاری حەلام بێت، ڕاست نی یە و ناشەرعی یە. بۆ نموونە بە گوێ کردن و خۆشل کردن لە بەرامبەر داواکارییە ناشرعی یەکانی هاوسەری خۆت کە ج جایئەوەی کە

معین لە بارەیەوە دەڵێت: ئەو هیچ نیە. سەیری الضعفاء الکبیر (٥٤/٣). لەبەر ئەوە ئەم گێڕانەوەیە ناتوانرێ بەڵگە و دەلیل بێت. (وەرگێڕ)

دنیـا و دواڕۆژی نابووددەکـات. وەکـو ئـەوەی کـە مـاڵ و سـامانێك بخرێتـە بەردەسـتی کـە ئـەو...بـبـات و یـان لـە میراتـدا بەشـێك و حەقێکی زیاتری بۆ دابنرێت..ئەمەیە حاڵی عەشقی حەڵاڵ.

کەواتە عەشق بە ژنی بێگانە و کوڕی گەنج و جوان کە حەرامە، مرۆڤ تووشی چ وسایایەك دەکات؟! دەبێ بزانرێت کە لە ئەنجامی ئـەم جـۆرە کردەوانـەدا ژمارەیـەکی زۆر فاسـد نادیـارن کـە دیـن و ئابڕووی مرۆڤ لە ناو دەبن و عەقڵ و لاشە سست و نـابوود دەکـەن. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿**فلا تخضعن بـالقول فیمـع الـذی فـی قلبـه مـرض**﴾ (الاحزاب: ٣٢) واتـە: (ئـەی هاوسـەرانی پێغەمبـەر (ﷺ)! دەنگتـان نـەرم و ناسـك و مەکەنـەوە کـە دڵ نەخۆشـەکان چاوی تەماع ببڕنە ئێوە).

کەسێك کە لە دڵیدا نەخۆش شەهوەت بێت و لە سەیر کردنی دەمـوو چـاوە جوانـەکان تـام و چـێژ وەربگـرێ، و هـەرکات ون بووەکەی کە لە بیریایەتی پەیدا بکات ئەو نەخۆشی یەکی گەڕانەوە دەبێـت و لـە بـەدوادا چـوون و بەدەسـت هێنـانی ئەوەیـە کـە لـە بیریدایە. بە پیچەوانەوە کەسێکەوە کە لە گەیشتن بە وون بووەکەی بیریایـەتی سست بێت کە لە کۆتایدا وورده وورده بێ هیوایی لە عەشـق و خۆشەویـستیدا دروسـت دەبێـت. بـەڵام ئەگـەر کەسـێك کەوتە ناو داوی عەشق و خۆشەویستیەوە، و داوێن پاکی و ئارام گرتنی کردە پیشەی خۆی ئەوا ئەم کەسە بە هـۆی تەقوایـەك کە لە

بەر خاتری خوا گرتۆتەبەر، پاداشت وەردەگرێ. هەروەک ئەوەی کە لە فەرموودەیەکدا هاتووە کە دەفەرموویّت: ((أن من عشق نغق و صبر ثم مات کان شهیدا))١٨ واتە: ((هەر کەس کە عاشق بوو و لەسەر ئەوە داوێن پاکی و ئارام گرتنی گرتە پیشە. ئەگەر لەم حاڵەتەدا بمرێ ئەوا شەهیدە)).

هەڵبەتە ئەم فەرموودەیە یحی القتات لە موجاهید لە عەبدوڵلای کوڕی عەباس بە شێوەی (مرفوع) گێڕاوەتەوە و فەرموودەیەکی صحیح نیە. بەڵام ئەم بابەتە ئاشکرا و دیارە کە ئەگەر کەسێک لە حەرام کراوەکان چاو پۆشی بکات و لە سەیرکردنی حەرام و قسانی حەرام و کرداری حەرام پارێز بکات و دوور بکەوێتەوە و ئەوەی لە دڵیدا هەیە نەی خاتەڕوو تا تووشی ناپەسەند و کرداری ناشایستە نەبێت و بە ئیش و ئازاری عەشق لە دڵدا ئارام بگرێت. ئەوا کەسێکی وا بە خاوەن تەقوا دەژمێرێت و لەلای خواوە موستەحەقی پاداشتێکی زۆرە. هەروەک دەفەرموویّت: ﴿انه من یتق ویبصر فان الله یضیع أجر المحسنین﴾ (یوسف: ٩٠) واتە: (بێگومان هەرکەس تەقوای کردە پیشە و _ لەبەرامبەر ڕوودا و

١٨- خطیب بغدادی لە میژووی بغدادا (١٥٦/٥-٢٦٢/ ٥٠-٥١) ئەوەی گێڕاوەتەوە و ابن قیم ئەوەی لە زاد المعاد (٢٧٥/٤ -٢٧٧) دا هێناوە دەڵێت: (ئەم فەرموودەیە لە پێغەمبەر (ﷺ) وەر نەگیراوە و نەسڵەن جایز نیە کە لە قسانی نە پێغەمبەر (ﷺ) بن چونکە شەهیدی لای خوای گەورە، پلەوپایەی گەورەیی هەیە کە لە پاڵ پلەوپایەیی ڕاستگۆیاندایە و کار و کردەوەی تایبەتی خۆی هەیە.

موسیبەتەکاندا ئارام بگرێت _ ئەوا خوا پاداشتی دەداتەوە _ لەبەر ئەوەکە خوا چاکەی چاکەکاران وون ناکات).

ئەم یاسایە لە بارەی بەخیلی و نەخۆشیەکانی تری دڵ، ڕاستی پەیدا دەکات و دەچەسپێت. ئەگەر نەفسی مرۆڤ عادەتی کرد بەشتێکەوە کە ببێتە هۆی تووڕەیی و ناڕەحەتی خوای گەورە و ئەوا دەچێتە ڕیزی موژدە پێدراوەکانەوە. کە لەم ئایەتە پیرۆزەدا باس کراوە: ﴿و أمانه خاق مقام ربه ونهى النفس عن الهوى * فأن الجنة هى المأى﴾ (النازعات ٤٠-٤١) واتە: (وبەڵام ئەو کەسەی کە لە جێگە و پلەوپایەی خوای گەورە بترسێت و نەفسی لە هەوا و ئارەزوو دوور بخاتەوە، بە دڵنیایەوە بەهەشت جێگایەتی). بەو شێوە کە دەزانن ئەگەر خۆشەویستی شتێك لە دڵدا جێگەی گرت ئەوا مرۆڤ هەوڵ دەدات کە ئەوشتە بە دەست بهێنێت تەنانەت دەست دەخاتە هەندێ کار و بارەوە تا زەمینەی بە دەست هێنانی بۆ ساز بکات.

کەسێك کە خۆشەویستی پیس و ناشەرعی یان بوغز و ڕەق و قینی لە دڵدا هەبێت و ئەوانە بکات بە پراکتیکی ئەوا تاوانبارە. بۆ نموونە کەسێك لە ڕووی بەخیلی یەوە حەزدەکات و حەقی کەسێکی تر دەخوات و لە بەرامبەر حەقیدا دژایەتی دەکات. یان کەسێکی زیاد لە حەد خۆش دەوێ بە هۆی ئەوەوە تووشی حەرامێك دەبێت و یان واجبێك تەرك دەکات. و هەندێ شت بە

هـۆی لێکـچوونی لەگـەڵ ئـەودا خۆشـی دەوێـت. هـەروەک کەسـێک وتوویەتی:

لأحب لحبها السودان حتى أحب لها سود الكلاب

بە هۆی خۆشەویستی ئەوەوە هەموو پەشەکان و تەنانـەت سـەگە پەشەکانم خۆش دەوێ.

شاعیر لەبەر ئەوەی ژنێکی پەش پێستی خۆش دەوێت، یـەعنی لەبـەر خـاتری مەعشوقەکەی تەنانـەت سـەگە پەشەکانیشی خـۆش دەوێ! ئەمانـە نەخۆشـیەکانی دڵـن کـە لـە بیرکردنـەوە و ئـیرادەی فاسـدی دڵ سەرچـاوە دەگـرن. لـە خـوای گـەورە داواکـارین کـە دڵـەکانمان لـە هـەموو نەخۆشـی و دەردێـک شـیفا بـدات.(ئـامین) هـەروەها لـە نـەهی کراوەکـان و کـارەپیس و ناپەسـەندەکان پـەنای پێدەبین. چونکە دڵ بۆ خۆشویستنی خوایـە و ئەمـە فیترەتێکـە کـە خـوا بـە بەنـدەکانی لەسـەر ئـەوە دروسـت کـردووە بـەو شـێوە کـە پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) دەفەرموێت: ((اكـل مولـود يولـد على الفطرة، فابواه يهودانه او ينصرانه او يمجسانه، كما تنتج البهيمة جمـاء هـل تحـسون فيهـا مـن جـد عـاء))[19] واتـە: ((هـەموو مرۆڤێـک لەسـەر فیترەتی خواناسی لە دایـک دەبێت. وەڵ باوک و دایکـی دەیکـەن بـە جوولەکە یان مسیحە یان جووسی. بەو شێوە کەبێچووی ئاژەڵ بـە ساغ و سەلامەتی لـە دایـک دەبـێ وەڵ دوایـی تووشـی کـەم ئەندامی

١٩ گێڕانەوەی بخاری (٦٥٩٩ ١٣٨٥ ـ١٣٥٩ ١٣٥٨) و مـسلم (٢٦٥٨)

دەبێت)). ابو هریرە دوایی گەڕانەوەی ئەم فەرموودەیە ووتی: ((ئەگەر حەز دەکەن ئەم ئایەت بخوێنن)). ﴿فطرة الله التی فطر الناس علیها لاتبدیل لخلق الله﴾ (الروم: ٣٠) واتە: (ئەمە سروشتێکە کە خوا مرۆڤەکانی لەسەر ئەوە دروست کردووە، نابێت سروشتی خوا بگۆڕێت). یەعنی ئەوە لە خواناسی بە کوفر و لەدینداری بە بێدینی لێبخوڕێ (غاربدەن).

خوا بەندەکانی لەسەر بنەمای خۆشەویستی و بەندایەتی و یەکتاپەرستی خۆی، دروست کردووە. ئەگەر فیترەتی وجوودی مرۆڤ ئازاد بکرێت تا گەشە بکت، ئەوا دەی بینی کە خوا دەناسێت و خۆشەویستی خوا لە دڵیدا جێگای هەیە. بەڵام بە داخەوە فیترەتە پاکەکان بە هۆی گەشەیان لە جەوی و هەوای ناپاک و پیس حاڵەتی ئەسڵی و ئاسایی خۆی لە دەست دەدات. و بە جوولەکەو نصرانی و...پەیدا دەکات. هەڵبەتە ئەگەر مرۆڤ بیەوێت و بڕیاربدات بۆ ئەو فیترەتە ئەسڵییەی خۆی دەگرێتەوە.

پێغەمبەران (سەلامی خوایان لەسەر) بۆ گۆڕانی فیترت و غاردان بەرە و فیترەتێکی تازە نەهاتوون. بەڵکو بۆ جێگیر کردنی ئیمان و گەڕاندنەوەی بەشەرییەت بەرە و غیرەتی ئەسڵی خۆیان هەڵبژێردراون و هاتوون. ئەگەر لە دڵی مرۆڤدا خۆشەویستی ڕاستی خوایی جێگا بگرێت. ئیتر تووشی خۆشەویستی یەکی تر بە غەیری خوا نابن. چ جای ئەوەی تووشی خۆشەویستی ببێت

سەبارەت بە مەعشوقێك. بە دڵنیاییەوە کاتێك کە دڵ تووشی عەشق بە مەعشوقێك دەبێت ئەوا خۆشەویستی بەرامبەر بە خوا کەم دەبێتەوە لەبەر ئەم خۆشویستنی پاکانە بوو کە یوسف (سەلامی خوای لەسەر) خوا پارێزگار لێ کرد: ﴿**كذلك نصرف عنه السوء و الفحشاء انه من عبادنا المخلصين**﴾ (یوسف: ٢٤) واتە: (ئێمە بەو شێوەیەمان کرد _ و بۆ پارێزگاری کردنی ئەو لە هەموو قۆناغەکاندا هەوڵماندا _ تا بەڵا و زینا لەو دوور بکەوینەوە. لەبەر ئەوە کە ئەو لە بەندەکانی پاك و هەڵبژێردراوی ئێمە بوو). بەڵام ژنی عزیز _ زلێخا _ و ژنانی هۆزەکەی هاوبەش بوون. لەبەر ئەمە بوو کە عاشقی یوسف (سەلامی خوای لەسەر) بوون و دەبێ بزانرێت کە مرۆڤ بە هۆی کاریگەری کەمی و ناتەواوی لە یەکتا پەرستی و ئیماندا تووشی ئەم جۆرە عەشقە درۆییانە دەبێت و گرفتار دەبێت. چونکە دڵێك کە پڕبێت لە ئیمان بە خوا و بەردەوام بەرە و ئەو بگەڕێتەوە و لە خوا بترسێت، لەم جۆرە مەسەلانەدا دووشت دەبنە ڕێگر کە سەرلێ شێواو نەبێت: یەکێك ئەوە کە تەوبە و گەڕانەوە بەرە و خوا لە هەر عەشق و خۆشەویستی یەك، تام و چێژێکی زیاتری هەیە. و خۆشەویستی خوا لە دڵدا بەسەر خۆشەویستی شتەکانی تر سەر دەکەوێت.

دووەم ترس لە خوا: چونکە ترس لە خاڵی بەرامبەر عەسقدایە و بەردەمی دەگرێت. هەرکەس کە مەسەلەیەکی خۆش بوێت لە ڕووی

عەشقەوە یان غەیری عەشقەوە- پاشان سەبارەت بە مەسەلەیەکی تر کە تیادا خۆشەویستی یەی سەبارەت بە مەسەلەی دووەم ئەو کەسە لە نزیکە بوونەوە لە خۆشەویستی مەسەلەی یەکەم دەگەڕێنێتە دواوە. و یان بە هۆی ترس لە تووش بون بە زەرەرێك کە بە هۆی دروست بوونی خۆشەویستی بەرامبەر بە کەسێك ببێت بێتە پێشەوە بۆی ئەوا لەو خۆشەویستی یە هەڵدەگرێ.

بە لێکۆڵینەوەی ئەمانە کە باس کران گەیشتینە ئەم ئەنجامە کە هەر کات خوا لە دڵی بەندەیەکدا لە هەموو کەسێکی تر بترسێت، لە دڵی کەسێکی وا تەها خۆشەویستی خوا جێگای دەبێتەوە نەوەك خۆشەویستی کەسێکی تر. مەگەر ناگاییەك بێتە پێشەوە و میزانی خۆشەویستی و ترس لە خوا لاواز بێت. چونکە ئیمان بە خوا بەجێبەجی کردنی دەستوراتی ئیلاهی، زیاتر و سەرپێچی لە دەستوراتی، کەمتر دەبێت.

کەواتە هەر کاتێك کە، مرۆڤ بە هۆی خۆشەویستی و ترس لە خوا کرداری شایستە ئەنجام بدات و لە تاوان و گوناهەکان دەست هەڵگرێت. دۆستی و ترس لە خوا زیاتر دەبێت و خۆشەویستی غەیر خوا لە دڵیدا ووشك دەکات. نەخۆشیەکانی لاشەش هەر بەم شێوەیەن. ساغ و سەلامەتی لاشە بە هۆکاری سوود بەخش بە دەست دێت و نەخۆشی و ئێش و ئازار بە هۆی هۆکاری دژی ئەوەوە لەناو دەچن.

داودەرمـان هۆکارێکـە کـە نەخۆشـی لاشـەیی شـیفا دەدات. هەروەها بۆ دڵیش دەبێ دەرمانێك هەبێت کە نەخۆشیەکانی دڵ لە ناو ببات. ساغ و سەلامەتی دڵ بە باوەڕ بوون بە خوا و یەکتا پەرستی بەدەست دێت و بە بەردەوامی بـوونی بەندایـەتی و یەکتاپەرستی ئەویش بەردەوام دەبێت. باوەڕ و زانستی سوود بەخشی و کێردەوەی چاکە لازم و مـەلزومی یـەکترن و مانـەوە و سەلامەتی دڵ پەیوەندی بـەم سێ شتەوە هەیـە کـە لـە ڕاستیدا خـۆراك و دەرمـانی دڵیـشن. هـەروەك لـە فەرموودەیەکـدا کـە لـە عەبـدولا بـن مەسـعود (خـوای لێ ڕازی بێـت) گێڕدراوەتـەوە کـە دەفەرموێت: ((ان کل ادب یحب ان تـؤتی مأدبتـه و ان مادیـة الله هـی القـران)) [٢٠] واتـە: ((هـەموو میوانـداریێك حـەز دەکـات کـە خـۆراکی میوانی یەکەی بخورێت و میوانی خوا قورئانە)).

هەروەها بەشەکانی کۆتایی شەو و کاتی بانك و نوێژ و لە ناو سـوجد دا و دوای نوێـژەکان و زیکـر و وویـرد ووتـن، و هەنـدێ بابەتی تر لـە جـوانی و پـاکی خـوای گـەورەن. زیکـر داواکردنـی لێ خۆش بوونی تاوان لە خوا مەسەلەیەکی گرنگ و جیدییە کە دەبێ کەسی موسڵمان ئاگاداری ئەو شتانە بێت و سەرنجیان بدات. هـەر کە خوا داوای فێربوون بکات و تەوبە بکات، خوا تەوبە و داواکەی

٢٠- گێڕانەوەی دارمی (٢/٥٢١ ٥٢٣) و طبرانی لە المعجم الکبیر - (٩/١٢٩ - ١٣٠) و عبدالرزاق (٣/٣٦٨ - ٣٧٥) و ابن ابی سیبلە (٦/١٢٥ - ١٢٦) وەکو گێڕانەوەی سەروەوە ڕیوایەتیان کردووە.

قەبوڵ دەکات و بە جێگای گوناە و تاوان لە کارنامەی کردەوەکانیدا چاکیەکان جێگیر دەکات. یەکێ لە بەڵگە و نیشانەکانی دیاری ئەم مەسەلەیە فەرموودەیی خوایە کە دەفەرموێت: ﴿یاایها الذین امنو توبوا الی الله توبة نصوحا عسی ربکم ان یکفر سهاتکم و یدخلکم جنات تجری من تحتهم الانهار﴾ (التحریم: ٨) واتە: ((ئەی باوەڕداران بگەڕێنەوە بەرەو خوا و تەوبەیەکی صاف و بێگەرد بکەن تا پەروەردگاری ئێوە، لە گوناە و تاوانەکانتان خۆش ببێت و لە ناویان ببات. و ئێوە بخاتە ناو باخەکانی بەهەشتەوە کە لە ژێر ئەوانەوە ڕووبارەکان بە خوڕن)).

دەبێت پۆژانەو لە کاتی خەودا پارچەکەیەک لە زیکر و ویردی بخوێنێ و ئارام گرتن بکاتە پیشە و ڕاوەستا و بمێنێت. بە ئەنجامدانی ئەم کارانە زۆر ناخایەنێت کە لێ خۆشبوونەکانی خوا ئەویش دەگرنەوە و باوەڕ لە دڵیدا جێگیر دەبێت. و بە ئەنجامدانی نوێژەکانی پێنج فەرزە بە شێوەیەکی تەواو و ڕێ بە ئاشکاری دەروونی دەبێ حەزت لێ هەبێت. چونکە پایە و ستوونی دینە. و ڕستەی: ﴿لاحول ولا قوة الا بالله﴾ بکات ویردی سەرزمان. یەعنی لە هیچ هەوڵ و کۆششێک کارێک ئەنجام نادرێت مەگەر بە هاوکاری و هێزی خوا نەبێت. بە ووتنی ئەم وویردە موسیبەتە قورسەکان سووک دەبن و ترس و خۆف لە ناو دەچێت. و هەروەها دوعا و داواکاردنمان لە بیرنەچێت چونکە دوعا مرۆڤی موسڵمان بە

مەرجێك کە پەلەی تێدا نەکات وەردەگرێت. یەعنی ئەڵێن: هەر چەند دوعا دەکەم وەرناگیرێن یان خوا! من ئەم هەموو دوعایە دەکەم بەڵام تۆ قبووڵیان ناکەیت. چونکە یەکێك لە هۆکارە گرنگەکان لە وەرنەگیرانی دوعا پەلەکردنە لە وەرگرتن و قبوڵ کردنی. دەبێ بزانرێت کە هاوکاری خوا و سەرکەوتنی لە مەرجی ئارام گرتن و خێر و خۆشی یە لە دوای ڕەنج و ناڕەحەتی و ناخۆشی وئاسانی دوایی ناڕەحەتی و پەرێشانی و قورسیە. هیچ کەسێك تەنانەت پێغەمبەرانیش (سەلامی خوایان لەسەر بێ) بە ئەنجام و نەتیجەی چاك و خێر نەگەیشتوون مەگەر بە ئارام گرتن نەبێت. کەواتە سپاس و ستایش بۆ خوایەکە کە دروستکەری جیهانیانە و سپاس و شوکر و مننەت بۆ ئەوە بە هۆی نیعمەتی _ ئیسلام و سوننەتی پێغەمبەر (ﷺ) _ کە بەخشیویەتیە بەندەکانی، ئەوەندە سپاس و ستایشی کە لەبەرامبەر نیعمەتەکانی ڕووکەش (ظاهر) _ سەلامەتی لاشە و سوڕان و ڕۆیشتنی سروشتی ژیان _ و ناوەڕۆك (باطن) و _ باوەڕ و خواپەرستی _ بەس و وەڵام دەرەوە بێت و شایستەی زاتی پاکی خوای گەورە بێت. و درود و سەلامی خوا لەسەر سەروەرمان پێغەمبەری خۆشەویستمان (ﷺ) و ئیسلام، محەمەد بن عەبدولا (ﷺ) و ئال و هاوەڵ و هاوسەرە پاکەکانی کە دایکی باوەڕدارانن و لەسەر پەیڕەوانی ڕاستی ئەو پێغەمبەرە نازدارە (ﷺ) تا ڕۆژی دوایی.

زیاد کراوەکانی لێکۆڵەرەوە

الحمد لله رب العالمين وصلى على نبينا محمد (ﷺ) و على اله و صحبه وسلم.

لەبەشەکانی پێشوودا ئاماژە درا بەم مەسەلەیە کە چاکی و سەلامەتی حاڵی مرۆڤ لە دادپەروەریدایە و بێسوودی و بێ کەڵکی لە ستەمدا. خوا دادپەروەر و دروستکراوەکانیشی پاسپاردووە بە چەسپاندنی دادپەروەریی. ساغ و سەلامەتی لاشە لە مەرجی سەلامەتی و ساغی ئەندام و بریندەکان نادیارن و لە ناو بەرەکان و کەم و کوڕی یە بەدەست هاتووەکان لە ئەندامی لاشەدا، دەبن هۆی کەم ئەندامی لە لاشەدا. خۆگرتن و ئارام گرتنی دڵیش لە مەرجی باوەڕ و کردەوەی چاکەیە و بە نەمانی ئەوانی دڵ تووشی نەخۆشی و لە کۆتایدا مەرگ دەبێت. خوا لە چەند شوێنێکی قورئاندا نەخۆشی دڵ و چارەسەری ئەوانی باس کردووە. و لە

فەرموودەکانی پێغەمبەریشیدا (ﷺ) ئاماژەیەکی زۆری بەم مەسەلەیە دراوە. خوا لە بارەی دوو ڕوەکانەوە دەفەرموێت: ﴿فی قلوبهم مرض فزادهم الله مرضا﴾ (البقرة: ١٠) واتە: (لەناو دڵەکانیاندا نەخۆشی _ بەخیلی و ڕەق و قینیان لەگەڵ باوەڕداراندا _ هەیە و خواش _ بە هاوکاری کردن و سەرخستنی حەق _ نەخۆشی ئەمانە زیاتر دەکات). ﴿فترى الذين فی قلوبهم مرض يسارعون فيهم﴾ (المائدة: ٥٢) واتە: (دەبینی کەسانێك کە نەخۆشی _ لاوازی و گومان و دوو ڕوویی _ لە دڵەکانیاندا هەیە _ لە دۆستایەتی و هاوکاری کردن لەگەڵ جوولەکە و مەسیحی یەکاندا- لەگەڵ یەکتردا ڕکابەری دەکەن).

﴿ويشف صدور قوم مؤمنين ويذهب غيظ قلوبهم﴾ (التوبة: ١٥) واتە: (تا خوا سینەکانی ئەسڵی ئیمان شیفا ببخشێت _ و لەسەر دڵە بریندارەکەیان هەتیوان (مەرهەم) بدات _ و دەردی دێرینەی ئێش و ئازاری موشریکان لە دەروونی ئەواندا لاببات).

﴿قد جاءتكم موعظة من ربكم وشفاءٌ لما فی الصدور وهدى ورحمةٌ للمؤمنين﴾ (يونس: ٥٧) واتە: (لە پەروەردگارتانەوە بۆ ئێوە پەند _ و ڕێگە و ڕێنمایی ژیان _ و چارەسەرێك بۆ ئەو شتانەی کە لە سینەکاندایە _ وەك شریك و دوو ڕوویی و ڕەق و قین و ستەم و دوژمنی لەگەڵ حەق و ڕاستیدا _ هاتووە).

﴿و ننزل من القران ماهو شفاء و رحمة للمؤمنين﴾ (الإسراء: ٨٢) واتە: (ئێمە ئایەتەکان لە قورئاندا دادەبەزێنین کە دەقبنە هۆی چاکبوونەوەی _ دڵەکان لە نەخۆشی نەزانی و گومڕایی و پاک و بێگەرد کردنی دەروون لە پیسیەکانی هەوا و ئارەزوو و بێبڕوایی _ و ڕەحمەتن بۆ باوەڕداران).

﴿وقل هو للذين امنوا هدى وشفاء﴾ (الفصلت: ٤٤) واتە: (بڵێ: قورئان بۆ باوەڕداران مایەیی ڕێنمایی و شیفایە). ﴿فلا تخضعن بالقول فيطمع الذى فى قلبه مرض﴾ (الأحزاب: ٣٢) واتە: (دەنگتان نەرم و ناسک مەکەنەوە کە دڵە نەخۆشەکان چاوی تەمەع ببڕنە ئێوە).

﴿لئن لم يبته المنافقون والذين فى قلوبهم مرضٌ والمرجفون فى المدينة لنغرينك بهم﴾ (الأحزاب: ٦٠) واتە: (ئەگەر دوو ڕووەکان و دڵ نەخۆشەکان و کەسانێک کە لە مەدینەدا _ هەواڵ و خەبەری درۆیین بڵاو دەکەنەوە و _ دەبنە هۆی لەرزین _ باوەڕداران و لەق بوونی ئایینیان _ لەکار و کردەوەی خۆیان دەست هەڵنەگرن ئەوا تۆ دژی ئەوان هان دەدەین و مەسەلەکە و تنیشت پێدەبەخشین).

﴿واذا يقول المنافقون و الذين فى قلوبهم مرض ما وعدنا الله ورسوله إلا غروراً﴾ (الأحزاب: ١٢) واتە: (و لەبیری مەکەن کاتێک کە دوو ڕووەکان و ئەوانەی کە لە دڵەکانیاندا نەخۆش _ دوو ڕوویی _ هەبوو دەیان ووت: خوا و پێغەمبەری (ﷺ) جگە لە پەیمانی درۆ

هیچ بە ئێمە نەداوە). هەروەها پێغەمبەر (ﷺ) دەفەرموێت: ((هلا سألوا اذا لم یعلموا فان شفا العی السوال)) واتە: ((ئەگەر نەتانزانی بۆچی پرسیارتان نەدەکرد؟ چونکە شیفای نەزانین و نەفامی پرسیار کردنی)).

لەم فەرموودەیەدا پێغەمبەری خوا (ﷺ) نەزانی بە یەکێک لە نەخۆشیەکانی دڵ دادەنێت و پرسیار کردنیش بە شیفای ناو دەبات. بۆ نموونە کەسێک لە مامۆستاکەی خۆی پرسیارێک لە مەسەلەیەک دەکات. و دوای وەرگرتنەوەی وەڵام دەڵێت: ((الان شیفیتنی یا استاذ)) ((شیفام بۆ هات یان چارەسەریان کردم مامۆستا)) لە صحیحی بخاریدا لە عەبدولا بن مەسعودەوە (خوای لێ ڕازی بێ) گێڕاوەتەوە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی: ((ان احدا لایزال بخیر ما اتق الله واذا شك فی تفسیر شی سال رجلا فشفاه))[٢١] واتە: ((مرۆڤ تا کاتێک کە لە خێر و چاکەدابێت کە تەقوای ئیلاهی هەبێت و ئەگەر لە ڕاڤە و فکر و هزریدا شتێک ڕوویدا کە کێشەی تێدابێ ئەوا لە کەسێک پرسیار بکات تا شیفای بۆ بێت یان چارەسەری دەردی بکرێت)).

ئەوەی کە خوا لە باسی نەخۆشی دڵ و چارەسەری ئەودا نەخشەی کێشاوە بە پلەی مردن، لاڵ بوون، کەڕ بوون، کوێر بوون، دڵ زیندوو بوونی، بیستنی، بینین و عەقڵی دڵە. ئەم کردەوە و

٢١_ صحیح بخاری (٢٨٠٣)

سیفەتانە کە باس کران لە ڕووی مەعنەوی بە تەواوی لە بارەی دڵەوە جێگیرن، چونکە دڵێک کە ئیمانی تێدا بێت، زیندووە. ڕاستیەکان بە چاو و دڵ دەبینێت، و دەبیستێت و لەبارەیانەوە بیردەکاتەوە. و دڵێک کە کوفر و بێباوەڕی تێدابێت، مردووە. ڕاشتیەکان بە چاو و دڵ نابینێت، و لە بارەیانەوە بیرناکاتەوە.

جۆرەکانی نەخۆشی لاشە

جۆری یەکەم:- بە هۆی تێکچوونی لاشە بە هۆی هەست و سۆزەکانەوە.

جۆری دووەم:- تێکچوونی لاشە لە جوواڵەی ئاسایی و کردەوەی دەرەوەیی (ظاهری). هەر دوو جۆروی نەخۆشی دەبنە هۆی ئێش و ئازاری لاشە، هەر بەو شێوەیەکە بە ساغ و سەلامەتی ئەوانە خۆشی و شادی بە دەست دێت. و خوا بەندەکانی دەپرسێتەوە لە بارەی نیعمەتەکانی یەوە هەروەک دەفەرموێت: ﴿ثُم لتسألن يومئذ عن النعيم﴾ (التكاثر: ٨) واتە: (لەو ڕۆژەدا لە نیعمەتەکانی لێ پەرسینەوەتان لێ دەکرێت). یەعنی لە شوکر کردن و سوپاس کردنی لە بەرامبەر ئەم نیعمەتانەوە پرسیارتان لێ دەکرێ. تەندروستی، سۆزی بەجێ و جوواڵەی ئاسایی ئەندامی لاشە دەبنە هۆی شادی و زەمینەسازی گەڕانی باشی لە نیعمەتەکان بەدەست دەێنێت.

کەواتە تام و چێژ و ئیش و ئازار لەگەڵ نەخۆشی وایە و هەندێ جار بەشێک سوکنایی دێت بەڵام دوایی ماوەیەک و بە لەناو چوونی

هۆکاری سوکناییەکە دوبارە سەرهەڵدەداتەوە کەواتە بۆ چارەسەر پێویستی بە دەرمانێکی بەردەوام و درێژخایەن هەیە تا نەخۆشی یەکە بە تەواوی نامێنێت و لەناو دەچێت.

تام و چێژ و ئێش و ئازاری دڵ، گەورەترە لە تام و چێژ و ئێش و ئازاری لاشە. و تەبعەن نەخۆشی دڵ و چارەسەری ئەو، گەورەتر و قورستر لە نەخۆشی لاشە و چارەسەریشی. هەندێ جار نەخۆشی دڵ لە شبهە و گومانەوە سەرچاوە دەگرێت. هەر وەک چۆن خوا دەفەرموێت: ﴿فيطمع الذى فى قلبيه مرض﴾ (الأحزاب: ٣٢) واتە: (کە دڵ نەخۆشەکان چاوی تەماع دەبڕنە ئێوە).

الخرائصى لە کتێبی _ اعتلال القلوب بالاهواء _ دا دەنووسێت: لە ناو دڵی دوو پووەکاندا، نەخۆشی فەساد و بیروباوەڕ هەیە و لە ناو دڵی ستەم لێکراوان دا دەردێک هەیە کە بەرهەمی ستەمی خەڵکانی تر و کاتێک کەستەم لێکراو حەقی وەردەگرێتەوە ئەوا سوکنایی بۆ دێت. بەو شێوەیە کە خواەفەرموێت: ﴿ويشف صدور قوم مؤمنين * ويذهب غيظ قلوبهم﴾ (التوبة: ١٤-١٥) واتە: (و خوا بە سینەکانی ئەهلی ئیمان شیفا دەبەخشێت و ڕق و کینەیان لە دڵدا لادەبات). ڕق و قین کاتێک لە دڵ دێتە دەرەوە کە ئێش و ئازاریشی نەمێنێت وەکو ئەوەی کە ئەگەر کەسێک بینین و بیستنی خۆی لە دەست بدات ئەوکات چەند ئێش و ئازار و ڕەنج دەبینێت و تا بینین و بیستنەکەی نەگرێتەوە ئەوا ئێش و ئازاری تەواو نابێت.

دڵـی مـرۆڤیش هـەر هـەمان حاڵـەتی هەیـە تـا ئـەو شـوێنەی کـە زۆرینەی حـەق نـەبێت و لـەبارەی ئـەوەوە بیرنەکەنـەوە و نـەتوانن لـە نێـــوان خێـــر و شـــەڕە گـــومڕایی و هیدایـــەت، ڕەوا و نـــاڕەوا بەراوردبکات ئەوا تووشی گەورەترین نەخۆشی و ئێش و گرفتاری دەبێـت. باسـی تێکـەڵاویش هـەر بـە شـێوەیە، ئەگـەر کەسـێک ئیشتیهای خواردنی شتە خراپەکانی پەیدا کرد و عـادەتی پـێکرد. بـۆ نموونـە بـە خـواردنی خـاک و قـوڕ عـادەتی کـرد. ئـەوا دەبـێ تەحەمولی ئێش و ڕەنجێکی قورس و زۆر بکات چونکە لە لایەکەوە خواردنی ئەمانە زیـانی هەیـە و لـە لایـەکی تریشەوە نـەخواردنیان ئێش و ئازاری هەیـە! پێویستە کـە ئـەو کەسـە چارەسـەری خـۆی بکات تا ئیشتهایی بگۆڕێت. مەسەلەی دڵیش هـەر بـەم شـێوەیە کـە ئەگـەر پەرۆشـی شـتێک بـوو کـە سـوودێکی نـەبێ بـۆی، وەکـو: خۆشەویستی و عەشـق بەرامبـەر بـە ژنـانی بێگانـە و هـەروەها بـە پۆست و پلەوپایـە و مـاڵ و سامان، و بـە نەگەیشتنی بـەم شتانە، هەسـت بـــە ســـەرنەکەوتنی و شـــەرمنی و داڕووخـــان دەکـــات و بەگەیشتن بەو شتانەش تووشی زیـان دەبێت. لـەم ڕووە پێویستە کە دڵ، چارەسـەر بکرێت تـا سـەلامەتی ئاسایی و سروشتی خـۆی پەیدا بکاتەوە.

بـــوغز و ڕەق و کینـــە و بـــەخیلی بەرامبـــەر بـــەو نیعمەتانـــەی پـەروەدگار بـە کەسـێ کـە بـەخیلی پـێبراوە (کەسـێک کـە چـاوی

ئیرەیی لەسەرە) ئەویش وەکو بوغز و بەخیلی کەسی نەخۆشە. کە میزاج و سەلیقەی سەبارەت بە ئاو و خۆراک گۆڕاوە و ئەگەر کەسێکیتر لەبەردەمیدا ئاو خۆراک بخوات ئەوا تووشی نیگەرانی دەبێت. بەخیلیش توانایی بینینی نیعمەتەکانی ئیلاهی نیە کە بە کەسێکی بەخشیوە. کەواتە خۆشەویستی و بوغزیش کاتێک کە زیاد لە سنووری خۆی تێپەڕی کرد. وەکو شەهوەت و دەعبایەکە کە لە سنووری دیاری کراو تێپەڕێت و کەڕولاڵ بوونی دڵ سەبارەت بە بینینی ڕاستیەکان و ناسینی ئەو شتانەی کە بۆ لاشە سوود و زیانی هەیە. هەروەک کوێرێک بە گەڕانەوەی بینایی خۆی زۆر دڵ خۆش دەبێت. دڵیش بۆ بێدار بوون و گەڕانەوەی بینین و بیستنی ڕاستیەکان بێ سنوور شاد و گەش دەبێت. لەبەر ئەوەی کرانەوەی چاوەکانی دەرەوە لەگەڵ کرانەوەی چاوەکانی دڵ شیاوی بەراورد نیە. بەراوردێک کە ئێمە پێشنیار کرد جگە لە شوبهاندنێک هیچتر نیە کە بە هۆی تێگەیشتنی باشتر بابەتەکەمان باسکرد. هەر وەک خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿وننزل من القران ما هو شفاءُ و رحمةٌ للمؤمنين ولا يزيد الظالمين إلا خساراً﴾ (الإسراء: ٨٢) واتە: (ئێمە ئایەتەکانی قورئان دەنێرینە خوارەوە کە دەبنە هۆی چاکبونەوەی _ دڵەکان لە نەخۆشیە جۆراوجۆرەکان _ و ڕحەمەت بۆ باوەڕداران _ بە هۆی بوونی ئیمان و ڕێنماییە پڕ خێر و

بەرەکەتەکانی خواوەیە _ بەڵام جگە لە زیان هیچ شتێکیتر بە ستەمکاران ناگات).

هەڵبەتە بۆ کەسێك مایەی شیفایە کە باوەڕی بە چارەسەرەکەی هەبێت کە بە دڵنیایەوە باوەڕداران باوەڕیان پێی هەیە و درمانەکەی بە هەتوانی دەردەکانیان دەزانن. بەو شێوەیە کە لاشە بە هۆی تێکچوونی هێزی ئاسایی، نەخۆشی بێتوانا دەبێت. دڵیش بە بوونی نابوودی لە خۆشەویستی و بوغز و پەیڕەوی کە هەوا و ئارەزووی نەفسی، نەخۆش دەکەوێت. هەروەك خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿ومن أضل ممن اتبع هواه بغير هدى من الله﴾ (القصص: ٥٠) واتە: (چ کەسێك گومڕا و سەر لێ شێواوترە لەو کەسەی کە لە هەوا و ئارەزووی خۆی پەیڕەوی دەکات، بەبێ ئەوەی ڕێنمایەکی هەبێت لە لایەن خواوە).

﴿بل اتبع الذين ظلموا أهواءهم بغير علم﴾ (الروم: ٢٩) واتە: (بەڵکو ستەمکاران بەبێ زانست و زانیاری لە هەوا و ئارەزووی خۆیان پەیڕەوی دەکەن).

بەو شێوەیە کە ئەگەر مرۆڤ هەر شتێك کە لە لاشەی نەخۆش دەبێت بەبێ گوێدان بە ووتەی پزیشك ئەنجام بدات ئەوا سەلامەتی خۆی لە دەست دەدات. دڵیش ئەگەر بەم شێوەیە لە هەوا و ئارەزووی خۆی پەیڕەوی بکات ئەوا لە سنوور دەرچووە نەخۆش دەکەوێت. هەروەها ئەگەر کەسی نەخۆش بە نەزانی هەر شتێك کە

ئیشتهای لێ بوو بخوات و لە هیچ شتێك پارێز نەکات و لە خواردنی دەرمانە تاڵەکان دوور بکەوێتەوە ئەوا تووشی زەرەر و زیانێکی زۆر دەبێت. بێ کەم و زیاد وەکو کەسێك کە لە بەرامبەر دەرمانە شیفا بەخشەکانی دڵدا بەم شێوەیە بێت و بە تاوان و گوناە و تام و چێژەکانی دنیایی نابوود و هەر شتێك کە نەفسی داوای دەکات، ئامادەی هەبێت، بکەیت، ئەوا لە کۆتایدا تووشی زەرەر و زیانێکی قورس دەبێت و لە پۆژی دوایشدا جگە لە دۆزەخ و سزاکانی ئیلاهی هیچ نسیبێکی نیە.

تەقوا: واتە دوور کەوتنەوە لە هەموو ئەو شتانەی کە زیانیان هەبێت و ئەنجامدانی هەر کردەوەیەکی چاکە و سوود بەخش. کەواتە تەقوا یەعنی کار و کردار بە هەر شتێك کە دەبێتە مایەی سوود و قازانج و سەلامەتی. و دوور کەوتنەوە لە هەموو شتەکان کە بە پووکەشی بیس و زیان بەخشە. و مانی تەقوا لە پووی شەرعی یەوە لە بەرامبەر مانایی زەمانەوانی یەوە. تەقوا لە پووی شەرعی یەوە یەعنی ئەنجادانی واجب کراوەکان، خۆش ویستن و تەرك کردنی ناپەوا و خراپیەکان هەر وەك تەقوای ئیلاهی لە قورئاندا بە ناوی یەکێك لە باسە بنەڕەتیەکانی ئیمانەوە باسکراوە. و خوا لە باڕەوڕداران دەخوازێت کە ڕەچاوی تەقوا بکەن و لە حاڵەتێکدا بمرن کە تەقوایان هەبێت. خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿یاایها الذین امنوا ایقوا الله حق تقاته ولا تموتن الا وانتم مسلمون﴾

(ال عمران: ١٠٢) واتە: (ئەی کەسانێک کە ئیمانتان هێناوە بەو شێوەیە کە شایستەی زاتی خوایە لێی بترسن _ بە ئەنجامدانی واجب کراوەکان و دوور کەوتنەوە لە نەهی کراوەکان کانزای تەقوا بگرنە باوەش _ و نەمرن مەگەر ئەوەی کە موسڵمان بن یەعنی بە موسڵمانی بمرن).

نیشانەکانی تەقوا ئەمانەن: مرۆڤ خۆی بە خوا بسپێرێت واتە ئەوەی کە خوا فەرمانی داوە جێبەجێ بکات و ئەوەی کە نەهی لێ کردووە ئەنجام نەدات. و جیاکردنەوە و ناسینی خێروشەڕ بابەتەکان بەجێبهێڵێت بۆ خوای گەورە. هەروەک خوا دەفەرموێت: ﴿**كتب عليكم القتال و هو كره لكم عسى أن تكرهوا شيئا وهو لكم وعسى أن تحبوا شيئا وهو شرٌ لكم**﴾ (البقرة: ٢١٦) واتە: (جیهاد لەسەر ئێوە واجب کراوە و ئەوە بۆ ئێوە قورس و ناڕەحەت، بەڵام و چ جای ئەوەی کە شتێکتان خۆش ناوێت و ئەو شتە بۆ ئێوە چاک بێت. و چ جای ئەوەی کە شتێکتان خۆش بوێت و ئەو شتە بۆ ئێوە خراپ بێت). ﴿**و أمامن خاف مقام ربه و نهى النفس عن الهوان * فأن الجنة هى الحاوى**﴾ (النازعات: ٤١) واتە: (وبەڵام ئەو کەسەی کە لە پلەوپایەی پەروەردگاری خۆی بترسێت و نەفسی لە هەوا و ئارەزوو بپارێزێت ئەوا بە دڵنیاییەوە بەهەشت جێگای ئەو کەسەیە).

﴿و تودون أن غير ذات الشوكة تكون لكم﴾ (الأنفال: ٧) واتە: (ئێوە حەز دەکەن کە تاقمێك لە جیهاددا نەسیبی ئێوە ببێت کە توانا و هێز و قوەتێکی وای نیە).

ڕەچاو نەکردنی تەقوای ئیلاهی لە دنیادا دوا ڕۆژدا تووشی زەرەرو زیان دەبێت. شایانی وە بیرهێنانەوەیە کە مرۆڤ دەبێت خۆی لەو شتانەی کە دەبنە هۆی نەخۆشی لاشە بپارێزێت. و ئەگەر تووشی نەخۆشی بوو ئەوا دەبێ هەوڵ بدات تا خۆی چارەسەر بکات. و لە بارەی دڵیشەوە هەر بەم شێوەیەیە کە دەبێ لە ساغ و سەلامەتی دڵ پارێزگاری بکرێت و لە حاڵەتی تووش بوون بە نەخۆشی ئەوا بە فیکری چارەسەری ئەوەوە بێت تا زیاتر نەبێت.

بەهێز کردنی زانست و باوەڕ بە خوا و بیرکردنەوە لە بوون و بوونەوەر و ئەنجامدانی بەندایەتی شەرعی لە هۆکاری گرنگی پاراستنی دڵن و نەزانی و لاوازی ئیمان و سیستی نواندن لە ئەنجامدانی بەندایەتی یەکاندا بە هۆی گوێ نەدان بە دڵ دەژمێردرێت. هەر نەخۆشێك دەبێت بە دەرمانی تایبەتی خۆی چارەسەر بکرێت. وەك، داپۆشینی شتێك دەبێ بە بەڵگەی ڕۆشن، و خۆشەویستن ڕەوا لەگەڵ خۆشەویستن حەق چارەسەرکرد. هەر لەبەر ئەمەیە کە یەحیا بن عەمار دەیووت: (زانست پێنج جۆرە: زانستێك کە دەبێتە مایەیی ژیان و زیندو بوونی دین (ئایین) کە

هـەر ئـەو زانـستەی یەکتاپەرسـتی و بیروبـاوەڕە پاسـتی یـە. و زانستێك کـە خـۆراکی ئایینـە. هـەر ئـەو فکـر و عـەقڵ و هزرەیـە لـە مانـای قورئـان و فـەرموودەدا. زانـستێك کـە دەرمـانی ئایینـە، کـە زانست فەتوا و شەرعیەتە. زانستێك کە بەڵا و موسیبەتی ئایینە، و هـەر ئـەو زیـاد کراوانـەی دینـە (بیدعـەت) کـە دروسـت کـراون. زانـستێك کـە لـە نـاو بـەردی ئایینـە، و ئـەو زانـستانەی سـحر و جادووگەری و فاڵچیە.

دڵ لەسـەر فیترەتێکـی پـاك و ڕاسـت دروسـت کـراوە و لـە هـەر مرۆڤێك، فیترەتـی ئیلاهـی بـە ئامانـەت دانـراوە تـا مـرۆڤ بـە بـەکار هێنانی ئەو فیترەت و هێزە دەروونی یـە خۆی لـە حاڵەتێك لـە وانـە بە حاڵەتی بەهێز بگەڕێتەوە، بەڵام بـە هـۆی کاریگـەری بیری نـاڕەوا و ناڕاسـتی دەوروبـەری فیترەت تووشـی لـە نـاو چـوون و گـومڕایی دەبێـت کـە پێغەمبـەری خۆشەویسـت (ﷺ) بـە گـرنگترین هۆکـاری دەوروبـەری لـە فـەرموودە پیرۆزەکەیـدا ئامـاژەیی بـۆ دەکـات و دەفەرموویت: ((کل مولود یولد علی الفطرة فابواه یهودانه او ینظرانـه او یمجسانه کما تنتج البهیمة بهیمة جمعاء هل تحسون فیها من جدعاء)) واتە: ((هەموو لە دایك بوویەك لەسەر فیترەتی خواناسی لە دایك دەبێت. بـەڵام، دایـك و بـاوکی ئـەو دەکـەن بـە جوولەکـە، مـسیحی و یـان مەجووسـی. بـەو شـێوە کـە بێـچووی ئـاژەڵ بـە شـێوەیەکی سـاغ و

سەلامەت لە دایک دەبێت. بەڵام دوایی بێچووەکەی تووشی کەم ئەندامی دەبێت)).

خوا لەم بارەیەوە دەفەرموێت: ﴿ومن فی السماوات و الارض کل له قانتون * وهو الذی یبداء الخلق ثم یعیده وهو أهون علیه وله المثل الأعلی فی السماوات والأرض﴾ (الروم: ٢٦-٢٧) واتە: (هەرچی و هەر شتێک کە لە ئاسمان و زەویدایە هی خوای گەورەیە. و هەموویان فەرمان لەوەوە وەردەگرن و فەرمانبەری ئەون، ئەوە کە دروستکردنی دەست پێکردووە و پاشان ئەو دەگەڕێنێتەوە و ئەمە بۆ ئەو ئاسانە _ چونکە کەسێک کە بتوانێت کارێک لەسەرەتاوە دەست پێبکات ئەوا بێگومان هێزیشی بۆ دوبارە گەڕاندنەوەی هەیە _ بڵندترین و گەورەترین وەسف لە ئاسمان و زەویدا هی خوای گەورەیە).

﴿بل ایبع الذین ظلموا اهواءهم بغیر علم فمن یهدی من اضل الله ومالهم من ناصرین * فأقم وجهك للدین حنیفا فطرة الله ولكن أكثر الناس لا یعلمون﴾ (الروم: ٢٩-٣٠) واتە: (موشریکانی ستەمکار بۆ شیریک ووتنی خۆیان بەڵگەیەکیان نیە، بەڵکو ستەمکاران لە هەوا و هەوەسی خۆیان پەیڕەوی دەکەن بەبێ زانست و زانیاری، چ کەسێک دەتوانێت کەسێک کە خوا ئەوی گومڕا کردووە هیدایەت بدات؟ هەرگیز بۆ ئەمانە یارو یاوەڕێک و هاودڵێک نیە. ڕووی خۆت بە پاک و بێگەردی بکەرە ئایینی ئیسلام، ئەمە سروشتێکە کە خوا

خەڵکانی لەسەر دروست کردووە. ئابێت سروشتی خوا بگۆڕدرێت و ئەو لەخو دا پەرستنی بە شریك قەراردان، لە دینداری بۆ بێدینی غار بدرێت. ئەمەیە ئایین بەهێز و وەستاو، بەڵام زۆرینەی خەڵکی نازانن).

لەم ئایەتەدا خوا ئەو خاڵەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە و پێشانمان دەدات کە بەندەکانی لەسەر فیترەتی خواناسی و یەکتاپەرستی پاك و بێگەرد دروست کردووە. و ئەمە هەر ئەو جووڵانە ئاساییەی و فیترەتەی دڵە کە لە ڕاستیدا لە دروستکردنیدا تاو بدرێت لە ڕێڕەوی کماڵدا خۆی دەبینێتەوە. وەئ ئەگەر بە پێچەوانەی فیترەتەوە بجوڵێت ئەوا بە پێچەوانەی ماڵەوە دەبێت و تووشی هیلاکی و نابوودی دەبێت. بێگومان فیترەتی سالم بۆ بەردەوامی ژیانی پێویستی بە بەهێزی بە ئاو و خۆراکە، کە ئەو شتە جگە لە زانست و کردار و باوەڕ نی یە. بەو شێوە کە پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەیەکدا کە ابن مەسعود (خوای لێ ڕازی بێ) دەگێڕێتەوە و دەفەرموێت: ((ان کل ادب یجب ان تزتی مأدبتە و ان مادبه الله هی القران)) واتە: ((هەموو میواندارێك حەز دەکات کە میوانداریەکەی بخورێت. و خۆراکی میوانی خوا، قورئانە)).

خوا قورئانی لە ئاسمانەوە بۆ شیفای دڵی باوەڕداران و هۆکارێك بۆ گەیشتن بە حەق نارده خوارەوە. بێگومان لەم نێوانەدا

هەوڵەکان بە هۆی هەندی لە مرۆڤە گەورەکانەوە دروست دەبێت تا پەیوەندی نێوان مرۆڤ و خوا پتەوتر بکەن کە ئارام گرتن و خۆڕاگرتن لەبەرامبەر ئەم جۆرە بەڵا و موسیبەتانە وەکو ئارام گرتنە لە بەرامبەر گرفتاری لاشەیی، ئەجر و پادداشتێکی زۆری هەیە. هەر وەك پێغەمبەری خۆشەویست (ﷺ) دەفەرموێت: ((ما یصیب المؤمن من وصب و لانصب و لاهم و لاحزن و لا اذی- حتی الشوکة یشاکها- الا کفر الله بها ضظایاه)) واتە: ((کەسی باوەڕدار تووشی هەر جۆرە غەم و پەژارە و ماندوو بوونێك ببێت تەنانەت خوران کە لە لاشەشدا دەمێنێتەوە دەبێتە هۆی کەفارەتی گوناهەکانی)).

و خوای گەورە دەفەرموێت: ﴿من یعمل سوءا یجزبه﴾ (النساء: ١٢٣) واتە: (هەر کەسێك کارێکی خراپ ئەنجام بدات ئەوا لەبەرامبەر ئەوەوە سزای خۆی وەردەگرێت). ئەگەر کەسێك لەم دونیایەدا گوناهەکانی پاك نبێتەوە ئەوا ئەمە کە لە ڕۆژیی دوایدا گوناهەکانی پاك دەبنەوە کە پاکبوونەوەی گوناە لەو ڕۆژەدا بە سزایی خوایی گەورەیە.

کاتێك دەڵێن: خوایا! ڕەحم بە فلان بکەیت. خوا دەڵێت: هەر ئەوەی کە ئەومان نەخۆش خستووە، ڕەحمم پێکردووە ئەو هەر وەها پێغەمبەریش (ﷺ) دەفەرموێت: ((المرض حطة، عطر الخطایا عن صاحبه کما تحط الشجرة الیابسة و رقها)) واتە: ((نەخۆش دەبێتە

مایەی وەرین. هەروەک چۆن کە دار ووشک بوو گەڵاکانی دەوەرن، نەخۆشیش گوناهەکان دەوەرێنێ)). لە بارەی هەندێک لە نەخۆشی یەکانی لاشەوە هاتووە کە ئەگەر مردۆ بە هۆیانەی بمرێ، ئەوا شەهیدە. وەک: سک ئێشە، شێرپەنجە (سەرەتان)ی لایەکی سنگ، و هەروەها مردن بە هۆی نوقم بوون لە ئاودا، سووتان و پووخانی شتێک بەسەر مردۆدا. هەڵبەت ئەمانە لە ئەحکامی دنیا بە شەهیدی نازمێردرێن وەڵ لە پۆژیی دوایدا بەوان پاداشتی شەهیدەدرێتەوە.

لە نەخۆشیەکانی دڵ و مەعنەوی ئەگەر کەسێک ئازارم گرتنی کردە پیشە و بەو هۆیانەوە بمرێت ئەوا شەهیدە. وەک: ترسێک کە لە گۆڕەپانی شەڕدا لای مردۆ دروست دەبێت. دەبێ بزانرێت کە بەخیلی و ترس لە نەخۆشیەکانی دڵ دژمێردرێن کە ئەگەر دڵ خۆی نەگرێت لە بەرامبەریاندا ئەوا تووشی پەنج و بەڵا و موسیبەت دەبێت و ئەگەر گوێیان پێنەدات، ئازارم دەگرێت.

لە کۆتایدا دەبێ ئاماژە بکرێت کە دڵی مردۆی باوەڕدار، بەردەوام لە بەردەم هێرشەکانی شەیتان و ووسوەسەکانیدایە. و هەر زەمان ئیحتیمالی هەیە کە تووشی جۆرەها نەخۆشی ببێت. لەم پرووەوە دەبێ بە تووندی ئاگادار بین. و تەنها پێگای پاراستن و ئاگاداری دڵ زانستی قورئان و سوننەتە پاستەکانی پێغەمبەری خوایە (ﷺ) و بخرێتە بواری عەمەڵی و پراکتیکی یەوە.

به هاوكاری و ئیزنی خالقی بوونه‌وه‌ر كۆتایی به وه‌رگێڕانه‌كه‌م هات.
سێشه‌ممه ١٠ / ٤ / ٢٠٠٧ ز
به‌رامبه‌ر به
بیست و دووی ربیع والنه‌وه‌لی هه‌زار و چوارسه‌د و بیست و هه‌شتی
هیجری كۆچی / تایمس